# رۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.486 Tue 9/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 486 سێشەممە 9/ 6/ 2009


**هەمواری دەستووری عێراق دەخرێتە راپرسییەوە**

ل٢

چیمەن محەمەد

**پێویستە یەکێتی لە هەموو شتەکاندا بگەڕێتەوە بۆ پەیڕەو...**

ل ٥

# پەرلەمان بودجەی بیرچووەتەوە




فۆتۆ: گۆران عوسمان

**لیستی کوردستانی پێش وادەی یاسایی، بانگەشەی هەڵبژاردنی دەستپێکردووە**

رۆژنامە

ماوەی (٤٥) رۆژە پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە پەرلەمانی کوردستان، لەو ماوەیەدا جگە لە یەک دانیشتن، تائێستا پەرلەمان پرۆژەیاساکەی پەسەند نەکردووە، هەرچەندە نزیکەی هەفتەیەکە پەرلەمانی کوردستان بەهۆی کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی‌و شەرعی کارکردنی، شەرعیەتی یاسایی لەدەستداوە، هاوکات بە بۆچوونی بەشێک لە پەرلەمانتاران، دواخستنی پەسەندکردنی بودجە بۆ خەمساردیی پەرلەمان دەگەڕێتەوە.

رۆژی ٤/٢٠ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم رێژەی ١٧٪-کەی هەرێمی لە بودجەی ٢٠٠٩ پەسەندکرد، کە (٨) ترلیۆن‌و (٢٨٣) ملیارو (١٧٢) ملیۆن دینارە، (٢٦)ی مانگیش ئەنجومەنی وەزیران بودجەکەی رەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرد، دواترو لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ساڵی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا کە ٥/٦ بەڕێوەچوو، خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای بوجەی ساڵی ٢٠٠٩ کراو سەرۆکی پەرلەمان پرۆژەکەی پێشکەشی لیژنەی دارایی‌و لیژنەکانی دیکە کرد.

وردەکاریی لە ل٣دایە

## کەمپینێک بۆ ئەنجامنەدانی ساختەکاریی لە هەڵبژاردندا پێکدەهێنرێت

شارا عەبدولڕەحمان

کوردانی دانیشتووی ئەڵمانیا کەمپینێک بۆ پاڵپشتیکردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی پاک‌و بێ توندوتیژیی‌و ئەنجامنەدانی ساختەکاریی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن‌و ئیمزای کوردانی ئەو وڵاتە بۆ ئەو مەبەستە کۆدەکەنەوە.

ئەرکان ساڵح، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کەمپینەکە، لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «مەبەستمان لە ئەنجامدانی ئەو کەمپینە، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی پاک‌و بێگەردو دوور لە ساختەکارییە، بۆئەوەی دووبارە کوردستان لەڕووی ساختەکاریی هەڵبژاردنەوە نەچێتە لیستی رەشەوە وەک هەڵبژاردنی ٢٠٠٥».

بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە ئیمزای کوردانی دانیشتووی ئەڵمانیا کۆبکەنەوەو دوای تەواوبوونی کەمپینەکە، ئاراستەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی بکەن تا بتوانن هەڵبژاردنێکی بێ ساختەکاریی‌و توندوتیژیی بەڕێوەبەرن.

## لەسەر دەرکردنیان، (١٠) مفەوەزو پۆلیس سکاڵا دژ بە بەڕێوەبەرێتییەکەیان تۆماردەکەن

رۆژنامە

دوێنێ ٨ پۆلیس‌و ٢ مفەوەزی سەر بە بەڕێوەبەرێتییەکانی پۆلیسی پاسەوان‌و بەرگریی‌و فریاکەوتنی سلێمانی، بەهۆی لایەنگرییان بۆ لیستی گۆڕان، لەسەر کارەکانیان دەرکران. لەبەرامبەردا ئەو ١٠ کەسە بەنیازن ئەمڕۆ لە دادگای سلێمانی سکاڵایەک دژ بە بەڕێوەبەرێتییەکانیان تۆماربکەن.

مفەوەز ئارام جەلال عومەر، لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: دوێنێ لەلایەن بەڕێوەبەرەکەمانەوە بانگکراین‌و داوای خۆ یەکلایی کردنەوەمان لێکراو پێیانوتین ئەگەر لایەنگری لیستی گۆڕان بکەن مووچەکانتان دەبڕدرێت‌و لە کارەکانتان لادەبرێن، وتیشی: «ئێمەش لە بەرامبەردا پشتیوانی خۆمان بۆ لیستی گۆڕان دەربڕیی‌و ئەویش پێیوتین خواتان لەگەڵ».

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە ئەوان سەر بە وەزارەتی ناوخۆن‌و ٥ کەسیان لە پۆلیسی بەرگریی‌و فریاکەوتن‌و ٥کەسیان سەر بە پۆلیسی پاسەوانی سنوور بوون، ئەوە لەکاتێکدایە سەرۆکی حکومەت رایگەیاندبوو، کە هیچ کارمەندێکی حکومیی لەسەر بیروباوەڕی سیاسی لەسەر کارەکەی لانابرێت، وتیشی: «ئەمڕۆ کاتژمێر ٩ هەر ١٠ کارمەندەکە دژ بەو کارە سکاڵا لەسەر بەڕێوەبەرێتییەکانی خۆمان تۆماردەکەین».

**نەوشیروان مستەفا:**



**هەوڵدەدەین پەرلەمانێک دروست بکەین لە ژێر دەسەڵاتی حیزبدا نەبێت**

ل ٦ و ٧


**شاری دییەی وەرزشکاران**

کۆمپانیای بەرێز قیستەکانی کرینی شوقەیەکی لەشاری دییە کرد بە 10قیست، بەبڕی دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دەتوانی گرێبەستی کرینی شوقەیەک ئەنجام بدەیت جگە لەوە نیوەی پارەی شوقەکان لەسندوقی نیشتەجێبوون بەقەرزی 10ساڵ پێت دەدرێ.




شوقەکانی شاری دییە تەنها 140شوقەیەو 60%گرێبەستی تەواو بووە.
شوقەکان دوو مەسعەدو کەوانتەری MDFو چێشتخانەو دوو میوان و دوو نوستن و گەنجینەو سیستەمی ساردوگەرمی تێدایە

بۆ زانیاری زیاتر 07501530090

# تاکەی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکردنی بودجە دوادەخات؟

رۆژنامە



ماوەی (٤٥) رۆژە پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە پەرلەمانی کوردستان، لەو ماوەیەدا جگە لە یەک دانیشتن، تائێستا پەرلەمان پرۆژەیاساکەی پەسەند نەکردووە، هەرچەندە نزیکەی هەفتەیەکە پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی یاسایی لەدەستداوە، هاوکات بە بۆچوونی بەشێک لە پەرلەمانتاران، دواخستنی پەسەندکردنی بودجە بۆ خەمساردیی پەرلەمان دەگەڕێتەوە.

رۆژی ٤/٢٠ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی پەسەندکرد، کە (٨) ترلیۆن و (٢٨٣) ملیارو (١٧٢) ملیۆن دینارە، (٢٦)ی هەمان مانگیش ئەنجومەنی وەزیران بودجەکەی رەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرد، دواترو لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ساڵی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا کە ٥/٦ بەڕێوەچوو، خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای بوجەی ساڵی ٢٠٠٩ کراو سەرۆکی پەرلەمان پرۆژەکەی پێشکەشی لیژنەی داراییو لیژنەکانی دیکە کرد.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیاسای بودجەی هەرێم کە دێتە پەرلەمان، پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکاتو دوای ئەوە دەدرێتە لیژنەی داراییو ئابووریو لیژنەکانی دیکەی پەرلەمان، دەبێت لەماوەی (٣٠) رۆژدا هەموو لیژنەکان راپۆرتی خۆیان ئامادەبکەنو پێشکەشی بکەن.

دوای ئەوەی کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە (٦)ی مانگی رابردوودا پرۆژەیاسای بودجەی پێشکەش بە لیژنەکان کرد، لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا بەشێکی زۆر لە لیژنەکانی پەرلەمان راپۆرتەکانیان تەواوکردووەو پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمانو لیژنەی داراییان کردووە، ئەمە لەکاتێکدایە نزیکەی هەفتەیەکە پەرلەمانی کوردستان بەهۆی تەواوبوونی ماوەی کارکردنی شەرعیەتی یاسایی لەدەستداوە، لە هەمانکاتدا تائێستا سەرۆکایەتیی پەرلەمان وادەی کۆبوونەوەی داهاتووی دیارینەکردووە، بەوەش سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە رووبەڕووی رەخنەی خەمساردییو کەمتەرخەمی دەکرێتەوە.

تاڤگە محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: پێویستە بە زووترین کات پەرلەمان دانیشتن لەسەر بودجە بکات، سەرجەم پەرلەمانتاران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئێستا بۆ پەسەندکردنی بودجە درەنگە «دواخستنی پەسەندکردنی بودجەی ٢٠٠٩ بۆ خەمساردیی پەرلەمان دەگەڕێتەوە».

جوتیار مەجید، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لە لیژنەی دارایی لە سێشەممەی رابردوودا راپۆرتمان پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد، چاوەڕوانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانین بیخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوەو کۆببێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەیاسای بودجەی ٢٠٠٩، تائێستا بە رەسمیی ئەندامانی پەرلەمان لە کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان ئاگادارنەکراونەتەوەو نازانین کەی پەرلەمان کۆدەبێتەوە، لەکاتێکدا پێویستە پەرلەمان زوو بودجە پەسەندبکات، چونکە بودجە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکو پێداویستیەکانییانەوە هەیە.

هەرچەندە لە دانیشتنی ٤/٦ی پەرلەمانی کوردستاندا کە سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی ئامادەیبوون، یەکخستنەوەی وەزارەتەکانی پێشمەرگەو ناوخۆ راگەیەنرا، بە پاساوی ئامادەنەبوونی سەرکیز ئاغاجان، وەزیری دارایی لە دانیشتنەکەدا، یەکخستنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی بۆ کاتێکی نادیار دواخرا، تائێستاش کاتی یەکگرتنەوەیان روون نییە، بەڵام یەکنەخستنەوەی ئەو دوو وەزارەتە کێشەیەکی گەورەی بەردەم بودجەی هەرێمە، بەوهۆیەوە ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان هەڕەشەی دەنگنەدان بۆ پرۆژەیاسای بودجە دەکەن.

کەژاڵ مەجید، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەگەر پێش ئەوەی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر بودجە بکات، هەردوو وەزارەتی دارایی یەک بخرێنەوە، ئەوا بەبێ کێشە دەنگ لەسەر بودجە دەدرێت، بەڵام ئەگەر تا ئەوکاتە وەزارەتەکان یەکنەخرێنەوە، ئەوا دانیشتەکەی پەرلەمان بە ئاقارێکی دیکەدا دەڕوات. وتیشی: «من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان دەنگ لەسەر بودجە نادەم، تا وەزارەتەکانی دارایی یەکنەخرێنەوە، هەروەها داوا لە ئەندامانی پەرلەمانیش دەکەم دەنگ بە پرۆژەیاساکە نەدەن».

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی خستەڕوو کێشەو گیروگرفت لەبەردەم بودجەی ئەمساڵدا هەیە، دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە خۆی لەخۆیدا کێشەیە، لیژنەی دارایی ئاماژەی بە چەند کێشەیەک کردووە، وتی: «هەروەها لە مەسەلەی یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکانی دارایی، ئێمە داوامانکردووە بە زوویی ئەو دوو وەزارەتە یەکبگرنەوەو هەروەها یاسای دیوانی چاودێری دارایی بەگەڕبخرێت، یەک میزانییە پەسەندبکرێت، نەک وەک ساڵانی رابردوو کە دوو میزانییە پەسەند دەکرا، ئێمە پێداگریی لەسەر ئەو داواکارییە دەکەین، پێشووتریش ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشنیازیان کرد تاوەزارەتەکانی دارایی یەکنەگرنەوە، دەنگ لەسەر بودجە نەدرێت، بۆیە ئەمساڵ میزانییە بە یەکگرتوویی پەسەند دەکەین، ٤٦٪ بۆ ئەملاو ٥٤٪ بۆ ئەولا پەسەند ناکەین».

بەوتەی سەردار هەرکی بڕیاردەری لیژنەی ناوخۆو ئەندامی لیژنەی یاساییو سەبریە غەفار جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی، سۆزان شەهاب بڕیاردەری لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکانیان راپۆرتی خۆیان ئامادەکردووە.

### روونکردنەوەیەک لە قایمقامییەتی قەزای رانییەوە

جێگای داخە رۆژنامەکەتان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکدا تووشی پێشێلکردنی بێلایەنیی بووەتەوە، تەنانەت پەیامنێرەکەشتان لە لاپەڕە (١)ی ژمارە (٤٨٤)ی (٢٠٠٩/٦/٧)دا ئێوەی بە هەڵەدا بردووە، راستییەکەشی بەمشێوەیەیە:

لە کۆبوونەوەی رۆژی (٦/٦)ی بەڕێز (عیماد ئەحمەد) جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شاری رانیە، سەرجەم سەرۆکی بەڕێوەبەرێتییە حکومییەکانو بەرپرسانی هەموو حیزبو پارتە سیاسییەکانی ناوچەکە تێیدا بەشداربوون، کۆبوونەوەکەش لە هۆڵی قایمقامیەت بەڕێوەچوو، جێگری سەرۆکی حکومەت بڕیاری پشتگیرییو تاووتوێکردنی چەندین پرۆژەی گرنگی دا، کە دیارترینیان (بەپارێزگاکردنی رانیە، پرۆژەی خاوێنکردنەوەی رانیە، بەدووسایدکردنی بازاڕی رانیە، تەواوکردنی پرۆژەی ئاوی دەربەند، کڕینی (٥) تانکەر بۆ ئاوی رانیە، قیرتاوکردنو دروستکردنی ئاوەڕۆ) بوو لەگەڵ کۆمەڵێک پرۆژەی دیکەدا، بڕیار لەسەر لیژنەیەکیش بۆ بەدواداچوونی کارەکان درا.

لە کۆبوونەوەی دووەمدا لە هۆڵی (٥)ی ئازار کە نوێنەرانی رێکخراوە دیموکراتیو مەدەنییەکانیش تێیدا ئامادەبوون، بەهۆی زۆریی ژمارەیانەوە نەتوانرا میوانداریی سەرجەم ئەو پیاوماقوڵو هاوڵاتییانەی گەڕەکە جیاجیاکانی شاری رانیەش بکرێت، کە بۆ پێشوازیی لە بەڕێز کاک عیماد ئەحمەد هاتبوونە کۆبوونەوەکە، گەرمیی هۆڵەکەش هەروەک لە هەواڵەکەدا هاتووە، بۆ زۆریی ژمارەی ئامادەبووان دەگەڕایەوە بە بەراورد لەگەڵ قەوارەی هۆڵەکەدا.

دوای کۆبوونەوەکەش هەریەک لە بەڕێزان (محەمەد حاجی ئەحمەد- چوارقوڕنە، م. سەیفەدین لە یەکێتی مامۆستایان، محەمەد حاجی لێپرسراوی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ، عومەر حاجی لە بنکەی گەلاوێژ، حەمەسور نوێنەری کۆمکارە سیاسییەکان، ئیبراهیم محێدین لە سەندیکای تەکنیککاران، سەباح لە لیژنەی ئۆلۆمپی، نوێنەری تیپە میللییەکان کە (٢٥٠) تیپە، م.محەمەد بریکاری خۆراک، ئەمیر جاف نوێنەری ئاوارەکان لە رانیە)، چەندین کەسایەتیو هاوڵاتی دیکە پێشنیازو قسەی خۆیان پێشکەشکرد. بەداخەوە ئێوە تەنیا رای هاوڵاتییەکی نارازیتان وەرگرتووەو هەموو رەزامەندانی کۆبوونەوەکەتان فەرامۆشکردووە، ئەمەش هەر لادانە لە پیشەی رۆژنامەنووسیی، تەنیا سەرنجیش لەلایەن ئامادەبووانی کۆبوونەوەکانەوە، کەمیی کاتی جەنابی کاک عیماد ئەحمەد بوو، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ بوونی ئیلتیزاماتی یدکەی جەنابیان لە سلێمانی.

لە دانیشتنی ماڵی قایمقامدا، پێشوازیی لە ژمارەیەک خەڵکی مەغدور کرا کە لەبەردەم ماڵی قایمقامدا وەستابوون، هیچیشیان پەیوەندیان بە بەرپرسانەوە نەبوو، سەرجەم داواکانیشیان بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵێک ئەندازیارو لێدانی بیری ئیرتیوازیی بۆ گوندەکان، چارەسەرو هاریکاریی ژنە نەخۆشێک کە هەموویان کاری چاکو خێرن، دەبوایە دەستخۆشیتان بکردایە کە لەکاتی پشوودانیشدا سەرقاڵی خزمەتی هاوڵاتییانین.

پاشانیش جەنابیان سەردانی سەنتەری چالاکیی گەنجانی رانیەی کرد، کە سەدان کوڕو کچی شارەکە بە چەپڵەڕێزان پێشوازیان لێکرد، بەڵێنی (٢٠,٠٠٠$)ی پێدان بۆ سەرخستنی پرۆژەکانیان.

بەر لە رۆیشتنی کاک عیماد ئەحمەد، جارێکی دیکە لە هۆڵی قایمقامیەت کۆبوونەوەیەکی دیکەی لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەرانی گەڕەکەکانو پیشەوەرانو بەڕێوەبەرانی ناحیەکان کرد، بە چاکی گوێی لە داواکارییەکان گرت، بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانی راسپارد بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بەتایبەتی کێشەی عەلوەی رانیە، دواجار ئامادەبووان بە خۆشحاڵییەوە خواحافیزیان لە جەنابی کرد.

بەندەش وەک قایمقامی رانیە، هەمیشە بایەخی دەسەڵاتی چوارەممان زانیوە، بە هیچ شێوەیەکیش رۆژنامەکەتان پەیوەندی پێوە نەکردوین تا لێدوان نەدەین، پێشوازیشمان لە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن کردووە.

عەلی حەمەد وسو
قایمقامی قەزای رانییە

### زانیاریی زیاتر لەسەر کۆبوونەوەکە

راستی سەردانەکە، لەهەواڵی پێشووتری رۆژنامەدا هاتووە، بۆیە جارێکی تر پێویستی بەپشتراستکردنەوە نییە، تەنها ئەوەی پێویستە ئاماژەکردنە بە چەند خاڵێک:

- رۆژنامە زانیویەتی لەهۆڵی کۆبونەوەکانی قائمقامیەتی رانیە لەگەڵ عیماد ئەحمەد لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەکان کۆبۆتەوە، بەڵام تەنها جێگری سەرۆکی حکومەتو قائمقامی رانیە قسەیان کردووەو بواریان بە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان نەداوە، کە باس لەداواکاریو پێویستیەکانیان بکەن، ئەمەش دیسان بۆتە جێی نارەزایی بەشێک لەبەڕیوەبەرەکان.
- رۆژنامە زانیوپەتی، جگەلە قائمقامی رانیە، بەرپرسێکی عەسکەریو یەکێک لە پاڵێورانی لیستی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنەکان لەسنورەکە، چەندین ناویان بۆ دامەزراندن لە نیوەڕۆخوانی ماڵی قائمقامی رانیە تەسلیم کردووەو کە بەشێکیان خزمی خۆیانن، ئەمەش راستیەکی ترە کەپێویستە باسبکرێتەوە.
- لەکۆبونەوەی هۆڵی پێنجی ئازار، جگە لەو کەسانەی ناویان هێنراوە، رێگەنەدراوە چەندین کەسی تر قسەبکەنو بەپێی قسەی عیماد ئەحمەد بڕیاربوە شوێنێکی تریان بۆ دیارییبکەن، بەڵام دواتر شوێنەکە دیارینەکراوە، کەسێکیش بەدەنگی بەرز لەهۆڵەکە ئەو نەحەقییەی بە جێگری سەرۆکی حکومەت گەیاندووە.
- بەشێکی زۆر لە دەڤەرەکە خوازیارن بەڵێنەکانی جێگری سەرۆکی حکومەت بانگەشەی هەڵبژاردن نەبێت، بەتایبەت لە بەپارێزگاکردنی رانیەدا، هەروەک باشتر وابوو جێگری سەرۆکی حکومەت بەردی بناغەی مۆنۆمێنتی راپەڕینی لەرانیەی دابنایە.

رۆژنامە

## مادەی ١٤٠و دەسەڵاتی سەرۆک کۆمارو دەسەڵاتی هەرێمو پارێزگاکان وەک خۆی دەمێنێتەوە

# هەمواری دەستووری عێراق دەخرێتە راپرسییەوە

بەهادین یوسف

هەمواری دەستووری عێراق دەخرێتە راپرسییەوە، ئەو مادانەی کە رێکەوتنی لەسەر نەکراوە وەک خۆیان دەهێڵرێنەوەو ناخرێنە راپرسییەوەو هەموار ناکرێنەوە.

پەرلەمانتار عەبدوڵڵا ساڵح ئەندامی لیژنەی هەمواركردنەوەی دەستووری عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو مادانەی کە رێکەوتنی لەسەر نەکراوە کە هەمواربکرێنەوەو وەکو خۆی لە دەستووردا دەمێننەوەو ناخرێنە راپرسییەوە، زیاتر لە٦٠ مادەش کە رێکەوتوون لەسەر هەمواركردنەوەی، دەخرێنە راپرسی گشتییەوە.

سەبارەت بەو مادانەی نەتوانراوە هەمواربکرێنەوە ئەو پەرلەمانتارە ئاشکرایکرد: ئەو مادانەی تائێستا بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە دەسەڵاتی هەرێمو پارێزگاکانو مەسەلەی نەوتو مادەی ١٤٠-وو ئەو مادانە وەکو خۆیان لەدەستووردا دەمێننەوەو ئەوەی کە رێکەوتنی لەسەر کراوە تایبەتە بەمەسەلە ئیدارییەکانو ئەو مادانەی کە تارادەیەک نارۆشنو ئاڵۆزبوونو ئێستا روونکراونەتەوە. یەک لەوانە، ئەنجومەنی ئیتیحادی (فیدراڵی)یەو لەدەستووردا واهاتبوو کە ئەنجومەنی نوێنەران یاسای بۆ دەربکات، بەڵام لەهەموارکردنەکەدا دەسەڵاتو کارەکانی بەتەواوەتی روونکراوەتەوە.

بەپێی مادەی ١٤٢ی دەستووری عێراقیش لیژنەیەک بۆ هەمواركردنەوەی دەستوور پێکدەهێنرێتو ئەگەر لیژنەکە لەسەرهەمواركردنی دەستوورەکە رێککەوتن پێویستە بەیەک لیست بخرێتە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو بەزۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامەکانی پەسەند بکرێت.

ئەو لیژنەیەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ پێداچوونەوەی دەستوور پێکیهێناوە لە ٢٩ ئەندام پێکهاتووەو ١٢ ئەندامی لیستی ئیئتیلافو ٥ ئەندامی لیستی هاوپەیمانیو ٤ ئەندامی بەرەی تەوافوقو یەک ئەندام لەهەریەکە لەلیستی عێراقییەو دیالۆگو یەک ئەندامی مەسیحیو تورکمانو ئێزدی کە دەبوو لە ماوەی چوار مانگدا کۆتاییان بەکارەکانیان بهێنایە، بەڵام ئەو لیژنەیە نەگەیشتە هیچ رێکەوتنێکو ساڵی رابردووش لیژنەیەکی ٧ کەسی لەناو لیژنەکەی دیکەدا پێکهێنرا بۆ یەکلاییکردنەوەی خاڵە ناکۆکەکان کە تائێستاش وەک خۆیان ماونەتەوە.

ئەومادانەشی کەلیژنەی هەموارکردن نەیتوانیوە هەمواریان بکاتەوە پەیوەستە بە مادەی ١٤٠و ١٤٢و ٤١ی یاسای باری کەسێتیو دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمارو دسەڵاتی هەرێمەکانو نەوتو دابەشکردنی سامانی وڵات.

بەوتەی عەبدوڵڵا ساڵح جگە لەو ٦٠ مادەیە کۆی دەستوورەکە وەک خۆی دەمێنێتەوەو هەرکاتێکی دیکە سەرجەم لایەنەکان رێککەوتن دەتوانن داوای هەمواركردنەوەی بکەن.

رۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٥ دەستووری هەمیشەیی عێراق لە راپرسییەکی جەماوەرییدا پەسەندکرا، کە پێکهاتووە لەدیباجەیەکو ١٤٤ مادەو بڕیارە لەماوەیەکی نزیکدا ژمارەیەک مادەی هەموارکراوی دووبارە بخرێنە دەنگدانو راپرسی گشتی خەڵکەوە.

# «پێشمەرگە لەناو شاری موسڵدا نییە»



دهۆک
نیوارێ باشووری

بەرپرسی لقی (١٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستانو جێگری پێشووی پارێزگاری موسڵ، خەسرەو گۆران بە رۆژنامەی راگەیاند، پێشمەرگە لەناو شاری موسڵدا نییە تەنیا لە ناوچە کێشەدارەکاندا هەیە.

خەسرەو گۆران وتیشی: «ئێمە هەر وا ناوەستین، ئەگەر بێتو لیستی حەدبا بەردەوام بێت لەسەر هەڵوێستی خۆی، چونکە ئێمە بەرپرسین بەرامبەر هاوڵاتییانی خۆمان کە دەنگیان بە لیستی برایەتی نەینەوا داوەو خەڵکی ئەو (١٦) یەکە ئیدارییە کە دەنگیان بەلیستی برایەتی داوە، کومەڵێک کێشەیان هەیە»، ئاماژەی بەوەشکرد پێشمەرگە لەناو سەنتەری پارێزگای موسڵدا نییە، تەنیا ئەوانەی پاسەوانی بارەگا حیزبییەکان نەبێت، پێشمەرگە لە (١٦) قەزاو ناحیەدا هەیە کە کێشەیان لەسەرە، تا چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی نەبێتەوە، دەبێت وەک چۆن هێزی عێراقی هەیە هێزی پێشمەرگەش لەوێبن.

لەبارەی حکومەتی بەغداش، سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا وتی: «پێویست بوو تائێستا هەڵوێستی بەغدا ئاشکرابوایە بەرامبەر موسڵو مادەی (١٤٠)، هەروەک چۆن بێدەنگی هەبوو بەرامبەر نەوتی کوردستانو ئەو گیروگرفتەش نە لە بەرژەوەندیماندایە، نە لە بەرژەوەندیی عێراقدایە».

# ئەمڕۆ پشووی رەسمییە

رۆژنامە

لەسەر داوای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، حکومەتی هەرێم بڕیاریدا ئەمڕۆ (سێشەممە) پشووی رەسمی بێت.

بەمەبەستی سەردانی ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران لەلایەن فەرمانبەرانەوە، حکومەتی هەرێم ئەو بڕیارەی بۆ سەرجەم فەرمانگەکان دەرکردو ئەمڕۆ پشووی رەسمییە.

لە بەیاننامەیەکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە «لەسەر داوای دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ پشووی رەسمییە لەسەرجەم وەزارەتو فەرمانگەکانی حکومەت، تاوەکو فەرمانبەران لەو رۆژەدا سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەران بکەن».

جێی وەبیرهێنانەوەیە، ئەمڕۆ دوا وادەیە بۆ تۆمارکردنی ناوی دەنگدەرانو پرۆسەکە لە ٢٥ی مانگی رابردووەوە دەستیپێکردووە، کە بڕیارە ٢٥ی مانگی داهاتوو پرۆسەی دەنگدان ئەنجامبدرێت.

# بەغدا ٣٧٪ی بودجەی مادەی (١٤٠) کەمدەکاتەوە

هەستیار قادر

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پێشنیارێکی وەزارەتی دارایی پەسەند دەکات سەبارەت بەکەمکردنەوەی بڕی (١٠٠) ملیار دینار لەکۆی بودجەی لیژنەی باڵای مادەی (١٤٠)، کە (٢٧١) ملیار دینارەو لیستی هاوپەیمانییش دەڵێت «ئەو بڕیارە هەوڵێکی وەزیری دارایی عێراقە بۆ قوڵکردنەوەی کێشەی ناوچە کێشەدارەکان».

لە کۆبونەوەی رۆژی یەکشەممەی رابردوودا، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەزۆرینەی دەنگی وەزیرەکانی پێشنیارێکی وەزارەتی دارایی پەسەند کرد سەبارەت بەکەمکردنەوەی بڕی (١٠٠) ملیار دینار لە بودجەی لیژنەی باڵای مادەی (١٤٠)، کە لە بودجەی گشتی ٢٠٠٩-دا بڕەکەی بە (٢٧١) ملیار دینار دانراوەو کەمکردنەوەکە دەکاتە نزیکەی ٣٧٪ی تێکرای بودجەی ئەو لیژنەیە.

هاوکات لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەیاننامەیەکی نارەزایی لەدژی ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراق دەرکرد، تیایدا هاتووە «ئەو پێشنیارەی لەلایەن وەزیری داراییەوە کراوە نادۆستانە بووەو دەرەنجامەکانی هەڵنەسەنگێنراوەو بەهەوڵێکی وەزیری ناوبراو لەقەڵەمدەدرێت بۆ قوڵکردنەوەی رەگوریشەی کێشەی ناوچە کێشەدارەکان کەقەرەبووکردنەوەی هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە هەنگاوی یەکەمی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەیەتی».

بە پێی زانیارییەکانی رۆژنامەش بڕیارە سبەینێ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغدا کۆبوونەوەیەک ئەنجامبدات بەمەبەستی وەرگرتنی هەڵوێستێک لەدژی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کەمکردنەوەی بودجەی لیژنەی مادەی (١٤٠).

سیروان زەهاوی، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە «نایاسایی» لەقەڵەمداو بە رۆژنامەی راگەیاندو گواستنەوەی بودجە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە تەنیا لەسنووری وەزارەتێکدا دەکرێتو دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانیش دەسەڵاتێکی یاساییە، بەڵام کاتێک پەرلەمان بەپێی یاسای ژمارە (٦)ی بودجەی گشتی (٢٠٠٩)ی عێراق رێژەی بودجەی مادەی (١٤٠)ی دیاریکردووەو لەبودجەی یەکخستنەوەی میلیشیاکانەوە گواستوویەتییەوە، ئەو دەسەڵاتەی پەرلەمانیش دەستوورییە، بۆیە یاسا لەو بڕیارەی حکومەتی عێراق گەورە ترە».

سەبارەت بە ئەگەری گرتنەبەری هەڵوێست لەدژی ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراق، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی ئاشکرایکرد، کە سەرەتا لەرێگەی گفتوگۆوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەدەنو گەر چارەسەر نەکرا، رێگەی یاسایی دەگرنەبەر کە ئەوانیش پەنابردنە بۆ دادگای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە یان بانگهێشتکردنی ئەو کەسانە بۆ بەردەم پەرلەمان کە رۆڵیان لە دەرکردنی ئەو بڕیارەدا هەبووە.

# پلەی ئەفسەرەکانی کەرکوک جێگیردەکرێت

بەهادین یوسف

وەزارەتی ناوخۆی عێراق لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ جێگیرکردنی پلەی ئەفسەرە کوردەکانی کەرکوکو بەوتەی بەڕێوەبەری پۆلیسیش ئەگەر هەیە پلەی هەندێک ئەفسەر کەمبکرێتەوەو پلەی هەندێکیشان بەرزبکرێتەوە.

رۆژی یەکشەممە وەفدێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق سەردانی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی کەرکوکیان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣-وە لەکەرکوک جێگیرکراونو بڕیارە تا کۆتایی ئەم مانگە دۆسیەکەیان یەکلایی بکرێتەوە.

لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوک، بەرۆژنامەی راگەیاند: ئەو دۆسییانەی کاری لەسەر دەکرێت لەلایەن هەرێمەوە نێردراوەتە وەزارەتی ناوخۆی عێراقو پێش سێ مانگ لیژنەیەک سەردانی هەرێمیان کردووە، ئێستا بەدواداچوونی بۆ دەکەنەوە، بەپێی پلەو بڕوانامە، پلەکانیان بۆ جێگیردەکرێت.

ژمارەی ئەو ئەفسەرانەی کەلەدوای ساڵی ٢٠٠٣-وە لەهەرێمەوە نێردراونەتە کەرکوک ژمارەیان ٥٢١ ئەفسەرەو ماوەی دوو ساڵە دۆسییەکانیان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمەوە رەوانەی بەغدا کراوەو تائێستا پلەو میلاکەکانیان لەسەر وەزارەتی ناوخۆی عێراق جێگیرنەکراوە.

سەبارەت بەدانانی پلەکانیان لیوا جەمال وتی: لیژنەکە ئەو پلانەیان بۆدادەنێتو بەپێی مافی خۆیان ئەو ئەفسەرانە پلە وەردەگرن، ئەوەی مافی خۆی بێتو پلەی کەمی هەبێت پلەکەی بەرزدەکرێتەوەو هەندێکیشیان ئەگەر پلەکەیان بەرزبێت بەپێی یاسا کەمدەکرێتەوەو بڕیارە تا ٦/٣٠ ئەو دۆسیەیە پێداچوونەوەی بۆ بکرێتو کارەکانیان تەواو بکرێت.



## چیمەن محەمەد، کادیری دەستلەکارکێشاوەی یەکێتی:

# لای هەندێک ئەندامی مەکتەبی سیاسی، گرنگ نییە یەکێتی چەند بچووک دەبێتەوە، گرنگ مانەوەی خۆیەتی

**سازدانی: ڕۆژنامە**



چیمەن محەمەد ڕەشید، ئەندامی دەستلەکارکێشاوەی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی دەڵێت، ئەگەر مەسەلەیەک دژ بە بۆچوونو بەرژەوەندیی هەندێک بێت لە مەکتەبی سیاسی، باسی پەیڕەو دەکەن! ئەی دەستو دەمو داوێنپاکی لە پەیڕەودا نییە؟ کەچی نەمانبینی نە کەسێک لەسەری دەربکرێتو نە بێبەش بکرێت لە کۆبوونەوەکان، بەپێچەوانەشەوە ئیمتیازاتو دەسەڵاتی زیاتر بووە، کە دەگەڕێنەوە بۆ پەیڕەو، پێویستە لە هەموو برگەکاندا بۆی بگەڕێنەوە، نەک بۆئەوەی مەبەستیانە.

دەربارەی تەوەری دەسەڵاتداری یەکێتیش دەڵێت، زۆربەی جومگەو دامەزراوەکانی لەبەردەستدایە، کە بە بڕوای من ئەوان بەرگرییان لە دۆخی وەستاو کردووەو بەرژەوەندییان لەوەدایە هیچ جۆرە چاکسازییەک لەناو خودی یەکێتیدا نەکرێت، لەبەرئەوەی سنوور بۆ دەسەڵاتو لێپرسراوێتیان دادەنێت، هەروەها زۆرێک لەو سەرکردانە ماوەیەکی زۆرە لەو شوێنانەدان، قۆرغکردنی ئەو دەزگایانەو لێپرسراوێتی بۆ ئەو ماوە زۆرە، بواری بۆ ناسیستماتیکو بەرژەوەندی شەخسیو بوونی گەندەڵی ڕەخساندووە، هەروەها ئەوان یەکێتییان بەرەو ڕێکخراوی ئەشخاس بردووە، پێشمەرگەو کادیری یەکێتی وای لێهاتووە ئەوەندەی وەلائی بۆ شەخسەکان هەبێت، ئەوەندە وەلائی بۆ یەکێتی نەبێت.

**ڕۆژنامە: ئێوە چۆن دەڕواننە دیاردەی دەرکردنو وازهێنان لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتیدا، لەکاتێکدا خۆشتان پۆستەکەتان لە ئەندامێتی مەکتەبی ڕێکخستنی ئەو حیزبە بەجێهێشت؟**

* لەناو یەکێتیدا دڵسۆزیی، خەبات، تواناو ماندووبوون، ڕۆڵی نییەو پێوەر نین، ئەمڕۆ گەورەترین تاوان لەناو یەکێتیدا بوونی ڕای جیاوازە نەک گەندەڵیو دزیو خیانەتو ئیستغلالکردنی پلەوپایەو پۆستو ناوی یەکێتی بۆ بەرژەوەندیی شەخسی، لەناو یەکێتیدا وای لێهاتووە چی دەکەیت بیکە، چی داوا دەکەیت لە ئیمتیازات بۆت جێبەجێ دەکرێت، بەڵام بۆچوونی جیاوازت نەبێت.

ئەو شێوە کارکردنە لەگەڵ سروشتو شێوازی کاری من نەدەگونجا، کە دەبوو پەیڕەوو پرۆگرامو پرەنسیپە حیزبییەکان کاریان پێبکرێتو بوار بە گەندەڵیو نادادپەروەریی نەدرێت، بۆیە من هەر زووتریش ویستوومە لەناو ستراکتۆری یەکێتی بێمە دەرەوە، بەڵام ویستوومە لەو هەوڵانەی بۆ چاکسازیی دەدرێن، بەشداربم، لەم ڕووەوە جگە لە هەوڵەکانی بە گروپ دراون، وەک تاکیش داوام گەیاندووەتە بەرپرسانی ئێستای یەکێتی، کە بریتی بووە لە ئاشتەوایی گشتیو چاکسازییو دادپەروەریی، بەڵام ئەو ناسیستماتیکیو نادادپەروەرییە لە بەرژەوەندیی بەرپرسانە، هەربۆیە بە هەموو شێوەیەکو ڕێگایەک هەوڵدەدەن ئەو کەسەی لەگەڵ بیروڕاکانیان نەیەتەوە، لە ناوەندی بڕیار دووری بخەنەوە، لەوکاتانەدا پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەن، تەنانەت ئەو پەیڕەوو پرۆگرامەی هەیە کاری لەسەر ناکەن، لەناو یەکێتیدا نادادپەروەریی ئەوەندە بەرچاوە هەموو کەس دەیبینێت، تەنانەت ئەوانەی سەر بە باڵی گشتێنو ئیمتیاز وەردەگرن، پێیانوایە لەچاو خەڵکی دیکەدا مەغدورن کە زۆرتریان لەو وەرگرتووە.

بۆیە کارکردن لەناو یەکێتیدا خەریکبوونە بە ئیمتیازاتەوە، پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی لاوو دەنگو ئیرادە بەکاردێت، بەڵام دەیەها ماڵە شەهیدو کەمئەندامی سەنگەرو پێشمەرگەی دێرین بە ژیانی مەمرەو مەژی ژیان دەگوزەرێنن، بۆیە من کاتێک هیچ هیوام بە چاکسازیی لەناو ئەو چوارچێوەو ستراکتۆرەی یەکێتیدا نەما، بڕیارمدا واز لە پۆستەکەم بهێنمو کار بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان بکەم، لە بەرامبەردا هیوام بەو گۆڕانە هەبوو کە کاک نەوشیروان هەوڵی بۆ دەدات، بڕیارمدا کار بۆ لیستی گۆڕان بکەم.

بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو فشارەی پێشوو کە هەبوون لە پەراوێزخستنو پەیڕەوکردنی نادادپەروەریی، لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەناوی هۆشیارییەوە کرا، هەریەک لە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنو مەکتەبی بیرو هۆشیاری ئامادەبوون بەشێوازی نادیموکراسیو دوور لە بەهاکان، قسە لەسەر کاک نەوشیروانو لیستەکەی کرا، وتیان ئەوەی کار بۆ ئەو لیستە دەکات خۆی ساغ بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی من پێشووترش ڕوونبووم لە هەڵوێستم، لەو ڕۆژەدا بەیەکجاریی هەڵوێستی خۆم ڕاگەیاندو لەکۆبوونەوەکە هاتمە دەرەوە بۆ کارکردن بۆ لیستی گۆڕان.

لە مەکتەبی ڕێکخستن وەک کاردانەوە، یەکسەر خەتیان بەسەر ناوەکەمدا هێنابوو لە سەندنەوەی پلەو بڕینی مووچە، وەک ئەوەی ڕۆژێک بۆ یەکێتی کارم نەکردبێتو ماندوونەبووبمو ژیانم لە مەترسیدا نەبووبێت. دوای چەندین ساڵ خەباتو (١٨) ساڵ کارکردن لە پلە جیاوازەکانی ڕێکخستنو ناخۆشییەکانی یەکێتی، تەنیا بە خەتهێنانێک بە ناوەکەمدا، هەموویان لای خۆیان سڕیەوە.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەک ژنێکو وەک ئەوەش کە کۆنتاکتی بەردەوامتان لەگەڵ ئۆرگانەکانی ڕێکخستنو جەماوەری یەکێتیدا هەبووە، ئەم حیزبە وەک ڕێکخراوێکی سۆسیال دیموکراتو ئەندام لە سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال (SI)، تێڕوانینو کارکردنی بۆ مەسەلەی ژنانو کاراکردنی ڕۆڵی ژن چۆن بووە؟**

* سۆسیال دیموکرات بڕوای تەواوی بە مەسەلەی ژنان هەیەو جیاوازیی لە ئەرکو مافدا لەنێوان ژنو پیاودا ناکات، چارەسەری کێشەی ژنو ئازادیی ژنو بەشداریی کارای ژنان بە پێوەرێک دادەنێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵو بەهاکانی دادپەروەریی.

جیاوازیی لەنێوان ژنو پیاودا ناکرێت لە بەشداریان لە کایە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکاندا، لە هەندێک وڵات کە سیستمی سۆسیال دیموکرات پەیڕەودەکات، ڕێژەی بەشداریی ژن گەیشتووەتە نزیکەی وەک یەک لەگەڵ پیاواندا، دەزگای چاودێری تایبەت هەیە بۆ چۆنێتی بەشداری ژنان لە دامودەزگاکانو ئۆرگانەکانی ئەو ڕێکخراوەدا.

بەڵام کارکردنو تێڕوانینی یەکێتی بۆ بەشداریی سیاسیی ژن، لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی حیزبییەوە بووە، تەنیا مەبەست لە بەئەندامبوونی ژنان لەناو یەکێتیدا بۆ زیادبوونی ڕێژەی ڕێکخستنو بەکارهێنانی لە هەڵبژاردنەکاندا بووە، نەک وەک ئەوەی بڕوای تەواوی بە مەسەلەی ژنو گرنگیو بەشداریی ژنانو هەوڵی ئەکتیڤکردنی ژنان درابێت.

بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێکخستن ڕێژەی گشتی لە ڕێکخستنەکاندا ژن ٢٧٪-ە، کە ئەمە هەر لە بنکەی ڕێکخستندایەو لە ئۆرگانە باڵاکانی ڕێکخستندا ڕەنگی نەداوەتەوە، کە دەبوو ئەو ڕێژەیە لە کۆمیتەو مەڵبەندو مەکتەبەکانو سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسییدا ڕەنگی بدایەتەوە، هەروەها لە وەزارەتو دامودەزگا حکومییەکانو ئەو پۆستە سیاسیانەی لەلایەن حیزبەوە دیاری دەکرێت لە حکومەت ڕەنگی بدایەتەوە. جگە لەوە دەبوو کار بۆ زیاترکردنی ئەو ڕێژەیە بکرایە، واتە لە چەندایەتیدا کاربکرایەو لەو چەندایەتییەشدا چۆنایەتییەکی ئەکتیڤ دروستبکرایە.

**ڕۆژنامە: لە چەند ساڵی ڕابردوودا میدیاکان باڵێکیان لەناو یەکێتیدا وەک (باڵی ریفۆرم) ناوزەد دەکرد، لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا ئەم باڵە وەک دیفاکتۆیەک بە ڕەسمیی خۆی ڕاگەیاند، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو ڕووداوە؟ ئەمە زادەی چییە؟**

* ئەو دەرئەنجامانە زیاتر لە ئەدای توندی باڵی زاڵی ناو یەکێتیو مەیلی ئەو باڵە بۆ هەرچی زووتری دەرکردنو تەسفیەکردنی هەموو ئەو کەسانەیە لە هەر پلەو پۆستێکدابن، کە ریفۆرمن یان لایەنگریان بۆ باڵی ریفۆرمخوازە، هیچ ئۆرگانێکی حیزبیی لە سەرکردایەتییەوە تا دەگاتە پۆلێکی ڕێکخستن، شەرعیەتی حیزبیی نەماوە، چونکە وادەی یان ئەو ماوەیەی لەهەڵبژاردندا پەسەندکراوە بۆ کارکردنی، تێپەڕیوە.

هەموو ڕێککەوتنێک ئارەزوومەندانەیە کە لە کۆنگرەدا یان پلینۆم یان پرۆژەی هەڵبژاردندا کە دیاریکراوە لە بەرامبەر ئەنداماندا، ماوەکە دیاریکراوەو ڕاگەیەنراوە بە تێپەڕبوونی کات یان بەسەرچوونی ماوەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، ئەو ڕێککەوتنە شەرعیەتی نامێنێتو ناوەڕۆکەکەشی بەتاڵ دەبێتەوە، کەچی لایەنێک هەق بەخۆی دەداتو شەرعیەت بەخۆی دەداو لایەنی دیکە بە ناشەرعییو بەلادەر وەسفدەکات، لەکاتێکدا خودی شەرعیەت ئامادەیی نییە لەو مەسەلەیەدا، بۆیە ئەگەر لایەنەکەی دیکە شەرعیەتی هەبێت، ئەوا ئەمانیش هەیانە، مادام ئەوان لە کۆبوونەوەکانیان بەردەوامنو ماوەی دیاریکراوی کۆنگرەیان بە هێند وەرنەگرتووە، ئەو سەرکردایەتیانەیان بێبەشکردووە لە کۆبوونەوەکانیان، جگە لەوە هیچ بوارێکیان بۆ مانەوە، بۆ ڕای جیاواز نەهێشتووەتەوە، خۆ ناشکرێت هەموو لایەک وەک یەک بیربکەنەوە، وەک یەک ڕایان هەبێت.

بەڵام ئەم سەرکردایەتییە جارێک لە جاران ئیجرائاتێکی بەرامبەر بە دیاردە دزێوەکان نەکردووە، تەنانەت لەسەر گەورەترین تاوان هیچ ئەندامێکی دەرنەکردووە یان بێبەش نەکردووە لە کۆبوونەوەکانیان.

ئەگەر مەسەلەیەک دژ بە بۆچوونو بەرژەوەندییان بێت، باسی پەیڕەو دەکەن! ئەی دەستو دەمو داوێنپاکی لە پەیڕەودا نییە؟ کەچی نەمانبینی کەسێک لەسەری نە دەربکرێتو نە بێبەش بکرێت لە کۆبوونەوەکان، بەپێچەوانەشەوە ئیمتیازاتو دەسەڵاتی زیاتر بووە، کە دەگەڕێنەوە بۆ پەیڕەو، پێویستە لە هەموو برگەکاندا بۆی بگەڕێنەوە، نەک بۆئەوەی مەبەستیانە.

بۆیە خۆڕاگەیاندنی باڵی سەرکردایەتی ریفۆرم، بەشێکە لەو دەرئەنجامانەی کە جیاوازییەکانی ڕابردوو هۆکاریەتی.

**ڕۆژنامە: بەڕای ئێوە بۆ کێشەکانی یەکێتی بەو ئاقارە گەیشت؟ ئایا تەوەری دەسەڵاتداری ئێستای یەکێتی کە جڵەوی حوکمی یەکێتییان گرتووە تا چەند لەو ئاستەدان کە سەرکردایەتیی ئەو حیزبە گەورەیە بکەن، لەکاتێکدا لەماوەی (٦) ساڵی ڕابردوودا نزیکەی نیوەی ئەندامانی (م.س) و سەرکردایەتی وەک نارەزاییەک لە جۆری بەڕێوەبردنی یەکێتی؟**

* کۆنگرەی حیزبیی بۆ بەخۆداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی کارەکانی ڕابردوو، ئاڵوگۆڕو پێشهاتی نوێ دەبەسترێت کە ئەرکی حیزبی خۆی بۆ ئایندە لەسەر بنیات دەنێت، کۆنگرەی دووی یەکێتی لەساڵی ٢٠٠١دا بەستراوە، لەماوەی ئەو (٨) ساڵەدا گۆڕانو ئاڵوگۆڕی گەورە لە هەرێمی کوردستانو عێراقو جیهانیشدا ڕوویداوە.

گەلێک بۆچوونو تێڕوانینی جیاجیا لە ناوخۆی یەکێتی بەرامبەر بە شێوازی کارکردنو جۆری پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەردا، چ حیزبو ڕێکخراوەکان لەناو هەرێم یان پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند، پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە، جگە لە جیاوازیی بۆچوون لەسەر ڕێبازی کارکردن، جیاوازیی ڕا لەسەر بواردان بە ئازادییو بوونی مینبەرو شێوازی سەرفی داهاتو ئاشکراکردنی سەرچاوەو بڕی داهات، جگە لە داواکاریی بۆ سیستماتیک کردنی یەکێتیو چاکسازیی، ئەمانەو چەندین جیاوازیی هاتووەتە ئاراوە، کە لەوانەیە بەشێکی زۆری ئەم جیاوازیو بۆچوونانەی ئەمڕۆ لەئارادان، بگەڕێتەوە بۆ نەبەستنی کۆنگرە لەبەرئەوەی کۆنگرە لەگەڵ ئەوەی بەرنامەو پلانی بۆ داهاتوو تێدا دەڕێژرێت، لەوانەیە چارەسەری ئەو کێشەو ململانێ جیاوازانەی بکردایە ئەگەر لەکاتە دیاریکراوەکانی خۆیدا ببەسترایەو دەرگای کەڵەکەبوونو پەراوێزخستنی کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانی بە کراوەیی بەجێنەدەهێشت، بۆیە بەردەوام کێشەو گرفتەکان بە قەدەر سپێردراون، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی بەرەی چاکسازییو گۆڕان فۆرمەلەیەکی نوێی وەرگرت. بەرامبەر باڵی دژە چاکسازیی.

خەتی زاڵ بەو مانایەی ئەوەی کە زۆرترین دەزگا لەلایەن ئەوانەوە قۆرغکراوە، وەک لە حیزبدا دارایی، ڕێکخستن، ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، ڕاگەیاندن، هەروەها بەشێکی زۆری دەسەڵاتی حکومەتیش هەر لەلایەن ئەوانەوە قۆرغکراوە.

دەربارەی تەوەری دەسەڵاتداری یەکێتیش وەک باسمانکرد زۆربەی جومگەو دامەزراوەکانی لەبەردەستدایە، کە بە بڕوای من ئەوان بەرگرییان لە دۆخی وەستاو کردووەو بەرژەوەندییان لەوەدایە هیچ جۆرە چاکسازییەک لەناو خودی یەکێتیدا نەکرێت، لەبەرئەوەی سنوور بۆ دەسەڵاتو لێپرسراوێتیان دادەنێت، هەروەها زۆرێک لەو سەرکردانە ماوەیەکی زۆرە لەو شوێنانەدان، قۆرغکردنی ئەو دەزگایانەو لێپرسراوێتی بۆ ئەو ماوە زۆرە، بواری بۆ ناسیستماتیکو بەرژەوەندی شەخسیو بوونی گەندەڵی ڕەخساندووە، هەروەها ئەوان یەکێتییان بەرەو ڕێکخراوی ئەشخاس بردووە، پێشمەرگەو کادیری یەکێتی وای لێهاتووە ئەوەندەی وەلائی بۆ شەخسەکان هەبێت، ئەوەندە وەلائی بۆ یەکێتی نەبێت.

هەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، خاوەنی هێڵێکە لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتیدا، کە ئەو پشتیوانیی لە هەقو ناهەقی ئەو کەسانە دەکاتو بە ناهەق دەیانهێنێتە پێشەوەو ئیمتیازاتیان بەسەردا دەبەخشێتەوە، لەم ڕووەوە پێگەو ناوی تاڵەبانیو پارەو داهاتی یەکێتی لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی خودی کەسەکان لەناو مەکتەبی سیاسیدایە. ئەمە بەئاشکرا لە دیاریکردنی کاندیدەکانی پەرلەماندا ڕەنگیدایەوە، بێگومان بۆ دیاریکردنی ئەندامانی سەرکردایەتیی داهاتووش هەروا دەبێت، بۆ هەموو پلەو پۆستێکی حیزبیی، ڕەچاوی ئەو وەلائە شەخسییە دەکرێت نەک تواناو کەفائەتو ڕابردوو و داهاتووی ئەو کەسە، جگە لەوەی ڕاستە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خاوەنی خەباتن، بەڵام خۆیان پارێزگارییان لە ناوبانگی خۆیان نەکردووەو سەرکردە دەبێت لە خزمەتی حیزبەکەیو میللەتەکەیدا بێت، جیاوازییو بۆشاییەکی گەورە لەنێوان سەرکردەو جەماوەرداو سەرکردەو بنکەی حیزبیدا دروستبووە.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، تاڵەبانیو یەکێتییان بەرەو گەورەترین تەنگژە برد، بەوەی ڕۆڵی سلبیان گێڕا لە قوڵبوونەوەی کێشەکانو گەیاندنی زانیاری بەپێی بەرژەوەندی، ئامانجیشیان دوورکەوتنەوەی ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتییە بوو تا خۆیان لە مەیدانەکەدا بمێننەوە، لای هەندێکیان گرنگ نییە یەکێتی چەند بچووک دەبێتەوە، گرنگ مانەوەی خۆیانە لەو دەسەڵاتە ڕەهایانەی کە هەیانە.

> **کارکردن لەناو یەکێتیدا خەریکبوونە بە ئیمتیازاتەوە، پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی لاوو دەنگو ئیرادە بەکاردێت، بەڵام دەیەها ماڵە شەهیدو کەمئەندامی سەنگەرو پێشمەرگەی دێرین بە ژیانی مەمرەو مەژی ژیان دەگوزەرێنن**

# هەڵبژاردن، لوبنانی مەیدانی ململانێی ئێرانو ئەمریکا

جەمال ئیختیار

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو هاوڵاتییانی لوبنان چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، کە بەڕای چاودێران هەڵبژاردنێکە لەنێوان ئێئتیلافێکی پاڵپشتیکراو لەلایەن ئەمریکاو حیزبوڵڵا، کە ئێرانو سوریا پشتیوانیی لێدەکەن، کە ڕکابەریەکە بۆ بردنەوەی (١٢٨) کورسیی پەرلەمانی لوبنان بوو، بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکەدا زۆر لەسەرووی چاوەڕوانیەکانەوە بوو، (٣ ملیۆن) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، نزیکەی (٥٠ هەزار) سەربازیش پارێزگاریان لە ئاسایشو هێمنیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە دەکرد.

ژمارەیەکی زۆر چاودێری بیانی بۆ چاودێریی ئەو هەڵبژاردنانە ڕوویانکردە لـوبـنـان، (جیمی کـارتـەر)، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا وەکـو یەکێک لە زیاتر لە(٢٠٠) چاودێری نێودەوڵەتی، کە بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کردبوو، داوای لە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد کە لەگەڵ براوەکانی هەڵبژاردن ئیش بکات، ئەگەرچی ئەمریکا، حیزبوڵڵای لوبنان وەکو تیرۆریست دەناسێت.

چاودێران پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە هەرکام لەو دوو لایەنە بە جیاوازییەکی کەم بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵدەبێت، ئاکامەکانی هەڵبژاردن ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە گۆڕینی ئاراستەی داهاتوو و شوناسی سیاسیی ئەو وڵاتە، کە بۆ ماوەیەکی درێژە مەیدانێکی ململانێی هێزو بەرژەوەندییە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکان بووە.

بەپێی ڕاپرسییەک گروپی حیزبوڵڵا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی کە (میشێل عۆن) سەرۆکی بەشێک لە مەسیحییەکانی لوبنان، بەجیاوازییەکی کـەمـەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، گروپەکە بە هاوپەیمانی (٨ی مارس) ناسراوە، هێزەکانی لایەنگری خـۆرئـاواو عەرەبستانی سعودیە بە هاوپەیمانی (١٤ی مارس) ناسراون، لەدوای تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری، سەرۆک وەزیـری پێشووتری لوبنان، لەساڵی ٢٠٠٥دا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست.

بەدەر لەو دوو لایەنە سەرەکییەی کە کەوتوونەتە ململانێیەکی بەهێز لەگەڵ یەکتر، کەمپینی ڕێکخراوی هەرکام لەو لایەنانە (حیزبوڵڵای لایەنگری ئێرانو سوریا)و (هاوپەیمانی ١٤ی مارس نزیک لەئەمریکاو خۆرئاوا)، بەئاشکرا ئـەوەی پیشاندەدا، مەسیحییەکانی ئەو وڵاتە دابەش ببوون بەسەر دوو گروپی لایەنگری هەرکام لە لایەنە سەرەکییەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لە هەڵبژاردنەکانی یەکشەممەو گرنگی تایبەتیشیان دەبێت بۆ ئاشتیو سەقامگیریی لە لوبنان.

حکومەتی ئەمریکا پێش ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، هەڵوێستی خۆی ئاشکراکردو ڕایگەیاند ئامادە نابێت لەگەڵ لوبنان کاربکاتو یارمەتیی ئەو وڵاتە بدات، ئەگەر حیزبوڵڵا لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوەی دەسەڵاتداریێتی ئەمریکا، حیزبوڵڵا بە تیرۆریست دەزانێت.

جێفری فێڵتمان، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی نزیک، ڕۆژی یەکشەممە بە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی ڕاگەیاند، ئاکامەکانی هەڵبژاردن کاریگەریی زۆریـان دەبێت لەسەر شێوازی مامەڵەکردنی ئەوەی کە ئەو بە (کۆمەڵی نێودەوڵەتی) ناویبرد لەگەڵ لوبنان، هەروەها سیاسەتی داهاتووی ئەمریکاو کۆنگرێسی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر لوبنان.

مانگی پێشوو هـیـلاری کلینتۆن وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا، سەردانی لوبنانی کردو بەماوەیەکی کورت دوای ئەویش جۆن بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، ڕوویکردە لوبنان کە بەرزترین ئاستی پەیوەندیو سەردانی ئەمریکا بوو لەگەڵ بەیروت لە (٢٥) ساڵی ڕابردوودا، دوای ئەو سەردانە، حیزبوڵڵا، ئەمریکای بەوە تاوانبارکرد کە بەرژەوەندییەکانی گوماناوینو دەست لە کاروباری لوبنان وەردەدات.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئاکامەکانی هەڵبژاردن وردە وردە دەردەکـەونو هاوپەیمانی سەر بە خۆرئاوا بانگەشەی بردنەوەی کـردووە، ئاگایانی سیاسی پێیانوایە، کە مەسەلەی سەرەکی بردنەوەی ئەم لایەنو ئەو لایەن نییە، بەڵکو قبوڵکردنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانو دووربـوون لە توندوتیژییو پێکدادانە، لوبنان ماوەیەکی درێژە لە نائارامیو شەڕدا بەسەردەبات، ناتوانێت بەرگەی وێرانکاریی زیاتر بگرێت.

بەشێک لە چاودێران پێیانوایە، کە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن حیزبوڵڵاو هاوپەیمانەکانی، مەیلی لوبنان بەلای ئێرانو سوریادا زیاد دەکاتو ئەگەری ئـەوە هەیە ببێتە هـۆی زیـادبـوونـی تەنگەژە لە ناوچەکەدا، هاوکات پێدەچێت کە حیزبوڵڵاو لایەنگرانی ملنەدەن بە دەسەڵاتداریێتی لایەنەکەی دیکەو وەکو ئۆپۆزسیۆن کاربکەن.






**پاش ئەوە پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان لە هەر ٢٦ ناوەندەکەی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی لوبنان کە ڕۆژی ٧ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو کۆتاییهات، زیاد بارود، وەزیری ناوخۆی لوبنان ئەنجامە ڕەسمیەکانی هەڵبژاردنەکەی ڕاگەیاندو بەو پێیەش گروپی ١٤ی ئازار کە بە لایەنگری خۆرئاوا دادەنرێت، لەکۆی ١٢٨ کورسی، توانی ٧١ کورسی بەدەستبهێنێتو گروپی ٨ی ئازاریش کە بە بەرهەڵستکار ناسراون، ٥٧ کورسیان بەدەستهێناوە**

# هەڵبژاردن لە ئەوروپا

ڕۆژنامە

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو سەعات حەوتی سەرلەبەیانی، بەکردنەوەی نزیکەی (١٠ هـەزار) ناوەندی دەنگدان لە بەریتانیا، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا دەستیان پێکرد.

نزیکەی (٣٧٥) ملیۆن هاوڵاتی ئەورووپی دەتوانن دەنگبدەنو (٧٣٦) نوێنەر بۆ ماوەی (٥) ساڵی داهاتوو بۆ پەرلەمانی ئەوروپا هەڵبژێرن، ئامارە ڕەسمییەکان وا پیشاندەدەن کە لە ١٩٧٩-وە ڕێـژەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئەورووپادا بە بەردەوامی ڕوو لەدابەزین بووە، تائێستا ٦٠٪-وە گەیشتووەتە ٤٥٪و بەبەردەوامیش ڕوو لە دابەزینی زیاترە، لە ئەڵمانیا ڕێژەی بەشداری خەڵک ٤٠٪ تێناپەڕێت.

## پارتەکەی برلسکۆنی شکستدەهێنێت

ئەنجامە سەرەتاییەکانی جیاکردنەوەی دەنگەکان لە ئیتالیا دەریخست پارتەکەی سیلڤیۆ برلسکۆنی موحافزکار سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا شکستی هێناوە.

دوای جیاکردنەوەی ٧٩٪ی دەنگەکان بەرەبەیانی دوێنێ، دەرکـەوت حیزبی سەربەستیی بەسەرۆکایەتی برلسکۆنی کە لە هەندێک ئابڕووبەرییەوە گلاوە، ٣٤،٩٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، ئەوە لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا لەساڵی ٢٠٠٤-دا، ٣٧،٤٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، هەرچەندە برلسکۆنی چـاوەڕێـی دەکـرد ٤٥٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت.

ساڵی ٢٠٠١و ڕۆژی ٨ی حوزەیران سیلڤیۆ برلسکۆنی کە بەئیمپراتۆری ڕاگەیاندنی ئیتالیا ناسراوە بۆیەکەمجار بە بەدەستهێنانی ٣٠٪ی دەنگەکان حیزبەکەی سەرکەوتنی بەدەستهێناو ٥٩-یەمین حکومەتی لە ئیتالیا دوای جەنگی دووەمی جیهانیی پێکهێنا.

## پارتی ئیئتیلافی دەسەڵاتدار زۆینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا

بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان (٩١٪ی دەنگەکان جیاکراونەتەوە) حیزبەکانی ئیئتیلافی دەســەڵاتــدار لــە ڕۆمانیا، سەرکەوتنی گەورەیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەوروپا بەدەستهێناو لەناویشیاندا ڕاستڕەوە توندڕەوەکان ژمارەیەکی دیاریکراویان لە دەنگەکان بەدەستهێنا.

بەپێی ئەنجامەکانی دوێنی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی چەپ ٣٠،٦٪ی دەنگەکانی هێناوەو حیزبی دیموکراتی لیبرالی میانرەو، بە جیاوازییەکی کەمەوە ٢٩،٧٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

حیزبی ڕۆمانیای گەورەی ڕاستڕەوی توندڕەو ٨،٧٪ی بەدەستهێنا، کە لەساڵی ٢٠٠٨دا لە پەرلەمانی ڕۆمانیا وەدەر نرا.

هەروەها ئەوش ئاشکرا کرا کە ئلینا باسیسکۆی کچی سەرۆکی ڕۆمانیا ٤،٢٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە کـە وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ بەشداریکردووە، بـەڵام دواتـر ڕەنگە بچێتەوە حیزبی دیموکراتی لیبراڵی.

## حیزبی (المصلحة الفلمنكنية) گەورەترین دۆڕانی تۆمارکرد

بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان لە بەلجیکا حیزبی (المصلحة الفلمنكنية) گەورەترین دۆڕانـدنـی تۆمارکرد، کە لەماوەی ٢٥ساڵی ڕابردوودا بۆیەکەمجارە ئەو دۆڕاندنە لە هەڵبژاردنەکانی ئەوروپاو وڵاتەکەیدا بەخۆیەوە ببینێت.

بەپێی ئەنجامەکان، حیزبی مەسیحی دیموکراتی فلمنکی سەرکەوتنی ڕەهای بەدەستهێنا لە ناوچەکانی فلاندلایا کە بە هۆڵەندی قسەدەکەن، بەوپێیەش ٢٥٪ی دەنـگـەکـانـی بـۆخـۆی بـرد، هەروەک سۆسیالیستەکان لەسەنتەری ناوچەی دەسەڵاتیاندا کە فالۆنیا یەو بە فەرەنسی قسەدەکەن دەنگەکۆنەکانیان بەدەستهێنایەوە، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەدا دۆڕاندیان.

حیزبی «المصلحة الفلمنكية» ١٠ خاڵی لەدەستداو ١٤٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام حیزبی نەتەوەیی فلمنکیینو لیبرالی دیموکراتی لەو حیزبانەن کە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

لـە فالۆنیا ئەنجامەکانی حیزبی سەوزی بەلجیکی «ئیکولو» دەنگەکانی زیادیکردووەو ١٧٪ی بەدەست هێناوە، بەڵام لەدوای حیزبی سۆسیالیستەوە دێت کە ٣٠٪ی دەنگەکانو حیزبی لیبراڵەکان ٢٣،٥٪ی دەنـگـەکـانو دیموکراتی مەسیحییەکانی ٢٠٪ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە.

## سەرکەوتنی سۆسیالیستەکانو دۆڕاندنی پارتی دەسەڵاتدار

بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکان ئەگەری ئەوەهەیە، موحافزکارەکان لە یۆنان کە ئێستا لەدەسەڵاتدان تووشی شکست بێن لە پەرلەمانی ئەوروپاو حیزبێکی ژینگەیی نوێ دەچێتە هەڵبژاردنەکانەوە.

بەپێی ڕاپرسییەکانی تەلەفزیۆنێک کە دەوڵـەت پشتگیری دەکـاتو دوو تەلەفزیۆنی سەربەخۆی دیکە حیزبی سۆسیالیستەکان کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنن بە ٣٦تا ٣٩،٥٪ی دەنگەکان سەرکەوتن بەدەستدێنن. بـەڵام موحافزکارەکان، لە پلەی دووەمــدا دەبـنو ٣٠-٣٣٪ی دەنگەکان بەدەستدێنن.

چاوەڕێدەکرێت حیزبی ئیکۆ گرینز کە تازە هاتووەتە کایە سیاسییەکانەوەو بۆ یەکەمجارە بەشداریدەکات ٤-٥،٥٪ی دەنگەکان بەدەستبێنێت.

## حیزبی ڕاستڕەو سەرکەوت

بەپێی ڕاپرسییەکان لە بولگاریا حیزبە هاوپەیمانە سۆسیالیستەکان کە ئێستا لەدەسەڵاتدان تووشی شکست دەبنو حیزبی ڕاستڕەوی ئۆپۆزسیۆن سەرکەوتن بەدەستدێنێت.

بەپێی ڕووپێویەکی سەربەخۆ کە ئاژانسی ئەلفا بۆ لێکۆڵینەوە ئەنجامیداوە حیزبی «گێرب» (هاوڵاتییان لەپێناوی گەشەپێدانی ئەوروپا لە بولگاریا) کە بویکو بوریسوف عومدەی سۆفیا سەرۆکایەتی دەکـات ٢٥،٥٪ی دەنگەکان بەدەست دێنێتو لەبەرامبەریشدا سۆسیالیستەکان کە سێرگی ستانیشیفی سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی دەکات ١٩،٧٪ی دەنگەکان بەدەست دێنێت.

## حیزبەکەی مێرکڵ پێشکەوت

ئەنگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەلمانیاو هاوپەیمانەکانی ٣٧،٩٪ی دەنگەکانیان بەدەستهێناو بە ڕێژەیەکی دیار بەسەر سۆسیال دیموکراتەکاندا سەرکەوتن کە ڕێژەی ٢٠،٨٪ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. ئەوە لەکاتێکدایە ئەڵمانیا ٩٩ کورسی هەیە لە پەرلەمانی ئەوروپا.

پێشتریش بەپێی ڕاپرسییەکان مێرکل ٣٨،٥٪ی دەنگەکانی بەدەست دەهێناو سۆسیال دیموکراتەکانیش ٢١٪یـان بەدەست دەهێنا.

هەر بەپێی ڕاپرسییەکان دیموکراتە ئـازادەکـان کە پێشتر لەگەڵ مێرکڵدا حکومەتی پێشوویان پێکهێنابوو ١١٪ بـەدەسـت دێـنـنو دەکرێنە دەرەوەی پارلەمان.

## سارکۆزی دەنگیدا

بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان کە کۆتایی شـەوی دوو شەممە ئاشکرا کـران، نیکۆلا سـارکـۆزی سەرۆکی فەرەنسا بە ڕێژەی ٢٧،٨٩٪ سەرکەوتنی بەدەستهێناو بەسەر سۆسیالیستەکاندا سەرکەوتو ڕێژەی ١٦٪یان بەدەستهێنا، کە لەنێوانیاندا دانیال کۆن بێندیت هەیەو بانگەشەی پاراستنی ژینگە دەکات.

نیکۆلا سارکۆزی لە فەرمانگەی نولی سور سین لە نزیک پاریس دەنگیدا، ئەوە دوای ئـەوەی بەرەبەیانی یەکشەممە سـنـدوقـەکـانـی دەنـگـدان بـەڕووی دەنگەدەراندا لە فەرەنسا کرانەوە.

لە ئیسپانیا ڕاستڕەوەکان بەسەر سۆسیالیستەکاندا کە حیزبی خۆسیە لویس ساباتیرۆی سـەرۆک وەزیـرە سەرکەوتن، هەروەک لە پرتوگالیش کە شاری جۆزیە مانویل باروزوە سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا لە ڕاستڕەوەکانە سەرکەوتن بەسەر جۆزیە سوکراتیسی سەرۆک وەزیر لە سۆسیالیست.

لەبەریتانیا حیزبی کرێکارانی سەرۆک گۆردن براون شکستی هێناو ڕێژەی ١٥٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناو چووە پلەی سێیەمەوە، کە کەوتە دوای پارێزگارەکان کە ڕێژەی ٢٩٪و حیزبی یوکیب بەڕێژەی ١٧ ٪.

# ـــەڵاتو بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکان نەبێت

کوردو دروستکردنی «ناوچەی ئارام»، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا پەیوەندی هەیە لە نێوان سەرکردایەتی کوردو بەرپرسەکانی ئەمریکا. ئەمریکییەکان بەرژەوەندییان هەیە لە ناوچەکەدا، بەرژەوەندییان هەیە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ گەلانی ناوچەکە. بەرژەوەندییان هەیە لە سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەکەو ڕێگە نەدان بە هاتنی تیرۆریستان بۆ ناوچەکە. پەیوەندییەکان لەسەر ئەو بنەمایانەن و پێموانییە پەیوەندییەک هەبێت لە دەرەوەی حکومەتی عێراقی.

**ئەلجەزیرە: ئێران ئێستا ڕۆڵێکی گـەورەی هەیە لە عێراق. بەپێی قسەی چاودێران ئێران بەشێوەی جـۆراوجـۆر بوونی لە عێراقدا هەیە، پەیوەندی ئاشکرای هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێم و هەردوو حیزبەکەو هێزە عێراقییەکانی دیکەدا لەباشوورو ناوەڕاستی عێراق، بەو پێیەی شاری سلێمانی هاوسنوورە لەگەڵ ئێران، ئایا ئێران هەوڵی نـەداوە پەیوەندیتان پێوە بکات و جۆرێک پەیوەندیتان لەگەڵ دروست بکات؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** ئێران وڵاتێکی گرنگەو هێزێکی گـەورەی ناوچەکەیە. عێراق زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵدا هەیە. نەک هەر سنووری هاوبەش، بەڵکو پەیوەندی مەزهەبیو نەتەوەییو کلتووریو ئابووری لەگەڵ هەردوولادا هەیە، بۆیە گرنگە پەیوەندییەکی هاوسەنگ هەبێت، چـی لـە لایـەن حکومەتی مـەرکـەزی چی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٦٠٠ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئێران، بۆیە پێویستە پەیوەندیمان لەگەڵ ئێراندا باش بێتو لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش بێت، پەیوەندی حکومەتی مـەرکـەزیو حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئێران باشەو کۆنسوڵی ئێران لە سلێمانیو هەولێر هەیەو مەرکەزی بازرگانیو کۆمپانیای ئێرانی لە کوردستاندا بەئازادیی کاردەکەن.

**ئەلجەزیرە: بەڵام وەک ڕەوتێک، پەیوەندیتان لەگەڵ ئێراندا هەیە؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** نەخێر

**ئەلجەزیرە: وەک سیاسەتمەدارێکی ناوداری کورد چۆن پەیوەندی کوردو ئێران لەلایەک و کـوردو تورکیا لەلایەکی دیکە هەڵدەسەنگێنن؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** ئەوە بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە، چونکە گەلی کورد بەسەر چەند وڵاتێکی وەک ئێران و تورکیاو عێراقدا دابەشکراوە. لەودیو سنوورەکانەوە پەیوەندی نەتەوەیی هەیە لەنێوان کوردەکاندا، لەهەمانکاتدا کێشە هەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی تورکیا ئەویش بەهۆی بوونی هێزی چەکدار لەسەر سنوورەکان، لەبەر بەربڵاوی سـنـوورەکـەش، حکومەتی هەرێم ناتوانێت کۆنترۆڵی هەموو ناوچەکە بکات، کێشەی کوردەکانی تورکیا، کێشەی تورکیایەو کێشەی عێراق نییە. ناتوانرێت لە ڕێگەی هێزی چەکداری کـوردی عێراقەوە کێشەی کوردی تورکیا چارەسەربکرێت، بەڵکو دەکرێت کێشەکە سیاسیانە چارەسەر بکرێت، کێشەکە لە خاکی عێراق چارەسەر ناکرێت، چارەسەرەکەی لە خاکی تورکیایە.

**ئەلجەزیرە: باستان لە کێشەی کورد کرد لە تورکیاو ئێران، کێشەی کورد لە عێراق لە ڕێگەی فیدراڵیەوە چارەسەرکراو پرۆژەی دیکە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئایا فیدراڵیەت چارەسەری کێشەکە دەکات، یان ئێوە پرۆژەی دیکەتان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** لەم قۆناغەدا چارەسەری فیدراڵی چارەسەرێکی زۆر چاکە بۆ کێشەی کورد لە عێراق، مانەوەی کورد لە ناو عێراقدا، هێزە بۆ کورد، نەک لاوازیی. بۆیە من لایەنگری فیدراڵیم و لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا لە بەغدا بوومو بەشداریم کرد لەنووسینەوەی دەستووری عێراقیو پەیوەندی فیدراڵی لەنێوان بەغداو حکومەتی هەرێم.

**ئەلجەزیرە: سیاسەتمەدارانی کورد بەردەوام باس لە مانەوەیان لە چوارچێوەی عێراقدا دەکەن، هەندێ لایەنی عەرەبی پێیان وایە ئەو هەڵوێستە لە ئایندەدا گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەو هەڵوێستە هەڵوێستێکی تاکتیکیەو لەوانەیە لەئایندەدا بگۆڕێت؟**

– **نـەوشـێـروان مستەفا:** لە ئایندەیەکی نـزیـکـدا پێموایە لە چوارچێوەی عێراقدا دەمێنێتەوە، بەڵام ناتوانم پێشبینی ئایندە بکەم، چونکە پێش ٢٠ سـاڵ ئەوروپا شێوەیەکی دیکەی بوو، ٢٠ ساڵ دوای ئەوەش شێوەیەکی دیکەی هەیە. هەروەها بە نسبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە وایە. من ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم ٢٠ ساڵی دیکە چی ڕوودەدات.

**ئەلجەزیرە: لە شەفافی کوردستاندا ترس لەوە هەیە پەیوەندی ئێوەو سەرکردایەتی یەکێتی بگاتە ئاستی شەری ساردو نهێنیەکانی ڕابردوو ئاشکرا بکرێت؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** من لەگەڵ ئەوەدام لاپەڕەکانی ڕابردوو دابخرێن، وەک دەزانـن شەڕی ناوخۆ هەبووە لە کوردستانداو دواتر ئاشتبوونەوە ڕوویدا لەنێوان هەموو لایەنەکاندا. من لەگەڵ ئاشتبوونەوەو هەڵنەدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابردووم، نامەوێت بچینە ناو پێچ و لۆکانی مێژووەوە تا ئەو ڕادەیە نەبێت کە خزمەتی ئایندە بکات، بەڵام گەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ترسمان لە باسکردنی ڕووداوەکان نییە. ئەوە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە هیوادارم کار نەگاتە هیچ جۆرە ئاڵۆزییەکی سیاسیو ناسیاسی لە کوردستانی عێراق. چونکە لای خۆمانەوە، هێزی چەکدارو سەربازیمان نییەو مەسەلەی ئەمنی سیاسی و پاراستنی هەڵبژاردنەکان لە ئەرکە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو دەکرێت لەڕێگەی یاساوە ڕێگە بگرن لە هەموو جۆرە گرژییو ئاڵۆزییەک لەم بارودۆخەدا.

**ئەلجەزیرە: ئایا مەترسی ئەوەتان نییە ئەم دۆخەی ئێستا لە چوارچێوەی گرژیی ڕاگـەیـانـدن دەرچـێـت و بگاتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەنێوان ئێوەو دەسەڵاتی کوردی یان (ی.ن.ک)؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** ئێمە بزووتنەوەیەکی سیاسین و هێزی چەکدارمان نییە، ئێمە پەنا بۆ دادگاو یاسا دەبـەیـن، ئەگەر لە سلێمانی ڕێگەمان پێ نەدەن، پەنا بۆ دادگای فیدراڵی دەبەین لە بەغدا یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، ئێمە پەنا بۆ چەک نابەین.

**ئەلجەزیرە: لە میدیا لۆکاڵیەکان باس لە گوشار دەکرێت بۆ سەر کـادیـرو لایەنگرەکانتان، ئایا هەڵوێستتان وەرنەگرتووە لەو گوشارانە بە ڕێـگـەی دادگـا بۆ نەهێشتنی ئەو گوشارانە لەسەر کادیرەکانتان؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** ئێمە ئەوە بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی هاوڵاتیبوون دەزانینو ئەرکی حکومەت دۆزینەوەی کارو مووچەیە بۆ هاوڵاتییان، لە ڕێگەی دادگـاوە بەرگری لە هاوڕێکانمان دەکەین.

**ئەلجەزیرە: دوایین پرسیارمان ئەوەیە، ئێستا پەیوەندیتان لەگەڵ جـەلال تاڵەبانیدا چۆنە؟ ئێوە کەسی یەکەم و دووەم بوون لەناو (ی.ن.ک)دا؟.**

– **نەوشیروان مستەفا:** لەسەر ئاستی شەخصی پەیوەندیمان ئاساییە.

**الجزیرە: بەڕێز نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گـۆڕان، سوپاستان دەکەین بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە.**


نەوشیروان مستەفا — فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

> **ئێمە بزووتنەوەیەکی سیاسینو هێزی چەکدارمان نییە، ئێمە پەنا بۆ دادگاو یاسا دەبەین، ئەگەر لە سلێمانی ڕێگەمان پێ نەدەن، پەنا بۆ دادگای فیدراڵی دەبەین لەبەغدا یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، ئێمە پەنا بۆ چەک نابەین**

**لە عەرەبییەوە: مەجید ساڵح**

## نەوشیروان مستەفا بۆ ئەلجەزیرە:

# هەوڵدەدەین پەرلەمانێک دروست بکەین لە ژێر دەس

سازدانی: ئەحمەد زاویتی

نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان لە چاوپێکەوتنێکی بەرنامەی (لقاء اليوم)ی کەناڵی تەلەفزیۆنی (الجزيرة)دا لەبارەی هەندێک لە ئامانجەکانی لیستەکەی‌و مەسەلەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان‌و چەند مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەست بەهەڵبژاردن دەدوێت. ئەمە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە.

**ئەلجەزیرە: ئێوە وەک ڕەوتێک لە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەرنامەی «گۆڕان»تان لە کوردستانی عێراق ڕاگەیاندوە، لە پشتی ئەو بەرنامەیەوە چیتان دەوێت؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** حاڵی حازر ئێمە ڕەوتێک نین لە ناو (ی.ن.ک)، بەڵکو ڕەوتێکین لە دەرەوەی (ی.ن.ک)، بەرنامەی ئێمە لەوەدا کورت دەکرێتەوە دەسەڵاتی حیزب لە دەسەڵاتی حکومەت جیادەکرێتەوە. بەمانایەکی دیکە هەوڵدەدەین پەرلەمانێک دروست بکەین لە ژێر دەسەڵات‌و بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانی کوردستاندا نەبێت. هەروەها بنیادنانەوەی دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆو نەزیهـ و دادپەروەر، سنووردانان بۆ دەستێوەردانی حیزب لە زانکۆکان‌و ئابووری، واتە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت و بوونی شەفافیەتی زیاتر لە بودجەی هەرێمی کوردستان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی زیاتر.

**ئەلجەزیرە: بۆ پێشتر ئەو داخوازیانەتان نەبووەو ئێستا هەتانە؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** تەمەنی ئەزموونی کوردستان نزیکەی ١٨ ساڵ دەبێت، لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ کاری سەرەکیمان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە لەئەنجامی کشانەوەی ئیدارات لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە هاتبووە ئاراوە، لەو هەڵبژاردنەدا دەبوو دامودەزگاکانی حکومەت دروست بکرێنەوە، دەزگا دەستووریی‌و حکومیەکان، واتە پڕکردنەوەی بۆشایی ئیداریی‌و سیاسیی‌و ئەمنی هەرێمی کوردستان، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ قۆناغەکە گۆڕا، لەو کاتەدا هەرێمی کوردستان سەقامگیر بوو لە ڕووەکانی سیاسی‌و ئەمنی و تەنانەت ئابووریش.

کاری سەرەکی بریتی بوو لەنووسینەوەی دەستووری عێراق، بۆیە دەبوایە خیتابی کورد خیتابێکی یەکگرتوو بوایە بۆ چەسپاندنی بەشداریکردنی کورد لە دەزگاکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە عێراق. بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەو قۆناغەمان تێپەڕاند.

ئێستا کاری سەرەکی بریتییە لە چاکسازی لە ناوخۆدا، چاکسازی سیاسی، چاکسازی کۆمەڵایەتی، چاکسازی ئابووری‌و کلتووری.

**ئەلجەزیرە: هەندێک چاودێری سیاسی دەڵێن ئەم هەوڵانەی ئێوە لەوانەیە ببێتە هۆی کەرتبوونی هەڵوێستی کورد لە بەغدا لە ئایندەدا؟ وەڵامی ئێوە چییە بۆیان؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** ئێمە پێمان وانییە یەکگرتویی کورد لەبوونی یەک لیستیدایە، بەڵکو پێمان وایە یەک هەڵوێستی کورد لە بوونی یەک خیتابی کورددایە. دەکرێت لەگەڵ هەموو حیزبەکانی هەرێمی کوردستان یەک خیتابییمان هەبێت و لەهەمان کاتیشدا ململانێ بکەین بۆ بە دەستهێنانی کورسی زیاتر لە پەرلەمانی کوردستان.

**ئەلجەزیرە: سەبارەت بە بەشداریکردنتان لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەی پەرلەمانی لە لیستی «گۆڕان» کە سەربەخۆیە لە لیستی «کوردستانی» کە هی هەردوو حیزبە کوردییەکەیە، خۆ ئامادەکردنتان بۆ ئەو هەڵبژاردنە چۆنە بەرنامەکەی هەڵبژاردنتان چییە؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** وەک لەسەرەتادا باسمکرد بەکورتی بەرنامەی ئێمە پێکدێت لە چەند خاڵێکی سەرەکی. خاڵی سەرەکی بریتییە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لەحکومەت. پەرلەمانێک دوور لە باڵادەستی حیزبەکان. دەسەڵاتێکی تەنفیزی کارا، دەسەڵاتێکی قەزایی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی حیزبەکان‌و زانکۆکان لە دەرەوەی دەسەڵاتی حیزب بن و بازاڕ و ئابووری دووربێت لە دەستێوەردانی حیزب.

**ئەلجەزیرە: چەندین مانگە باس لەو شتانە دەکەن، کاردانەوەی شەقامی کوردی بۆ ئەو پەیامانەتان چۆن دەبینن، بە دڵنیاییەوە ئەو پەیامە لە کوردستاندا شتێکی نوێیە؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** کاردانەوەیەکی زۆرباشی هەبووەو خەڵک ئیستیجابەیان زۆر زۆر باشبووە بۆی، چونکە قۆناغی مەترسیمان تێپەڕاندووەو ئێستا باری سیاسی‌و ئەمنی‌و ئابووری سەقامگیرەو پەیوەندی نێوان ناوەندو هەرێم باشەو لەسەر بنەمای دەستوورو تێگەیشتنی هاوبەش‌و دیالۆگ بونیادنراوە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە گرنگی بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی هاوڵاتیانی کورد بدەین، بۆ نموونە دابینکردنی کارەباو ئاوی خواردنەوە و دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو کەمکردنەوەی جیاوازی لە نێوان بەرزترین ئاستی مووچەو نزمترین ئاستی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت.

**ئەلجەزیرە: چۆن خۆتان ئامادە دەکەن بۆ قۆناغی پاش هەڵبژاردن، ئایا ئەگەر داواتان لێکرا بەشداری لە حکومەتدا دەکەن، یان وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** زووە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، با چاوەڕێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە بین.

**ئەلجەزیرە: سەبارەت بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە سیاسییەکان پێش و پاشی هەڵبژاردن، ئایا لە دەرەوەی یەکێتی و پارتی هیچ لایەنێک داوای هاوپەیمانی لێنەکردوون بۆ بەشداریکردن لەو بەرنامەیەی کە هەتانە؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** کەس داوای هاوپەیمانی لێمان نەکردوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئێمە هەوڵدەدەین تەنسیق بکەین لەگەڵ هەموو لیستەکاندا، تەنسیق لە بواری چاودێری و ڕاگەیاندن و سیاسەت، تەنسیق، نەک هاوپەیمانێتی. تەنسیق یان هاوپەیمانی پاش هەڵبژاردنەکان بەستراوەتەوە بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە.

**ئەلجەزیرە: سەبارەت بە هەڵوێستی کورد لە بەغدا لە شەش ساڵی ڕابردوودا، پەیوەندییەکی ئاشکرا هەبووە لەنێوان کورد بەهەردوو حیزبەکەیەوە لەگەڵ بەغداو هێشتا هەندێک گرفتی هەڵپەسێردراو ماوەتەوە، ئێوە بەرنامەیەکی ئاشکراتان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلە هەڵپەسێردراوانە، وەک کێشەی کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان‌و جۆری پەیوەندیتان لە گەڵ بەغدا؟**

– **نەوشیروان مستەفا:** بەڵێ، لەبەرنامەکەماندا هەیە و نامەوێت بڕۆمە وردەکاری بەرنامەکەوە، بەڵام لەڕووی مەبدەئیەوە پەنا بۆ دیالۆگ دەبەین نەک هەڕەشەو گوڕەشە. دیالۆگێک لەسەربناغەی دەستووری عێراق بونیادنرابێت.

**ئەلجەزیرە: ئێوە وەک لیستی گۆڕان یان ڕەوتی ڕیفۆرم لە کوردستانی عێراق، چۆن دەڕواننە پەیوەندی نێوان بەغداو کوردستان، ئایا ئەو پەیوەندییە لە ڕێگەی دەسەڵاتی کوردییەوە دەبێت یان وەک ڕەوتێک ئەو پەیوەندییە دەبەستن، ئایا ئێستا پەیوەندیتان هەیە بە حکومەتی بەغداو ڕەوت و حیزبەکانی دیکەی عێراق؟**

**نەوشیروان مستەفا:** ئێمە حیزب نین تاوەکو پەیوەندی دوو قۆڵی‌و سێ قۆڵی ببەستین، بەڵام مەرجەعی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانە پەرلەمانی کوردستانە، هەروەها هەوڵدەدەین، دەزگای دەستووریی تایبەت بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە بەغداو لەجۆری ئەدائیان دروستبکەین، حاڵی حازر دەزگایەکی بەرپرس نییە بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسە کوردانەی لە بەغدان. ئێمە شەریکی حکومەتی عێراقین و لە ئۆپۆزسیۆندا نین، شەریکین لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و لە وەزارەتەکاندا شەریکین لە پەرلەمانی عێراقدا شەریکین، بۆیە مەبدەئی دیالۆگ باشترین مەبدەئە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

**ئەلجەزیرە: پەیوەندی لیستەکەتان یان ڕەوتی ڕیفۆرم یان نەوشیروان مستەفا وەک سیاسەتمەدارێکی ناودار لە کوردستان پەیوەندتان لەگەڵ ئەمریکا وەک زلهێزێکی جیهانی چۆنەو کە لە عێراقدا پێگەیان بەهێزە، ئایا جۆرێک لە پەیوەندیتان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، یان ئایا ئەمریکا پەیوەندی کردووە پێتانەوە بۆ دروستکردنی جۆرێک لە پەیوەندی؟**

**نەوشیروان مستەفا:** پەیوەندی سیاسی دیبلۆماسی لە ئەستۆی حکومەتی عێراقدایەو لەسەر شانی حکومەتی فیدراڵە کاروباری سیاسەتی دەرەوە لە ئەستۆ بگرێت، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا لە کارە سەرەکییەکانی حکومەتی عێراقە، ئەوە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە ٢٠ ساڵ زیاترە بزووتنەوەی کوردی جۆرێک لەپەیوەندی لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا هەیە. بەتایبەتی پاش کۆڕەوەکەو هێرشکردنی سوپای عێراق بۆ سەر

**قۆناغی مەترسیمان تێپەڕاندووەو ئێستا باری سیاسی‌و ئەمنی‌و ئابووری سەقامگیرەو پەیوەندی نێوان ناوەندو هەرێم باشەو لەسەر بنەمای دەستوورو تێگەیشتنی هاوبەش‌و دیالۆگ بونیادنراوە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە گرنگی بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی هاوڵاتیانی کورد بدەین**

**بەرنامەی ئێمە پێکدێت لە چەند خاڵێکی سەرەکی. خاڵی سەرەکی بریتییە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لەحکومەت. پەرلەمانێک دوور لە باڵادەستی حیزبەکان. دەسەڵاتێکی تەنفیزی کارا، دەسەڵاتێکی قەزایی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی حیزبەکان‌و زانکۆکان لە دەرەوەی دەسەڵاتی حیزب بن‌و بازاڕ و ئابووری دووربێت لە دەستێوەردانی حیزب**

# دیکتاتۆریەت بە پلەی شەرەف



قینۆس فایەق

**«قینم لە دیموکراسیەتە، لەگەڵ ئەوەی دیموکراسیەتە.. دیکتاتۆریەتم خۆش دەوێت ئەگەرچی دیکتاتۆریەتیشە»
ئەرستۆ**

لە وڵاتی سوریا کە حافز ئەسەد کۆچی دواییکرد، دەستکاری دەستوورکرا، بۆ مەبەستی ئەوەی بەشار ئەسەدی کوڕی دەسەڵات بگرێتە دەست، هەمان شت لە لیبیاش کرا، هەروەها لە وڵاتی جەزائیریش رۆژی ٩ی نیسانی ٢٠٠٩ عەبدولعەزیز بوتەفلیقە بۆجاری سێیەم بەسەرۆک کۆمار هەڵبژێردرایەوە، دوای ئەوەی دەستکاری دەستوور کراو هەمان کات پۆستی جێگری سەرۆک دروستکرا بۆئەوەی براکەی ببێتە سەرۆک لەدوای خۆی. ئەمانە هەمووی دیاردەو ئاماژەکانی حوکمرانی دیکتاتۆریەتە کە بەگوتارە سیاسییە ئاخنراوەکان بە دروشمە سیاسییەکان تێکهەڵکێش کراون. ئەگەر وایدانێین دەستوورەکانو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەسیماو مومارەساتەکانن کە دیموکراتیەت لەگەڵ خۆی دەیانهێنێت، بەدیوەکەی دیکەیدا ئەوەی بەو ناوەوە دەکرێت بۆ چەسپاندنی پرنسیپەکانی دکتاتۆریەتە لەناو هەناوی دیموکراتیەتدا. ئەمەش بەباوەڕی من خەسڵەتی ئەو تیکەڵوپێکەڵییو گێژاوەیە لە ئاکامو دەرئەنجامەکانی سیستمی جیهانگیریی لەگەڵ خۆی هێناوی، کە رووبەرێکی فراوانی بۆ ئازادییە رەهاکان، بەتێگەیشتنە نێگەتیڤەکەی دەستەبەرکردووەو مەودایەکی باشی بەخشیوەتە دەبەنگیی سیاسیو تێنەگەیشتنی راستو دروست لەڕۆحو ناوەرۆکی هەردوو چەمکی دیموکراتیەتو دیکتاتۆریەت.

ئەگەرچی لە کوردستان ١٧ ساڵە ئەسڵەن دەستوورەکە هێشتا رەشەو سپی نەکراوەتەوە، ئیدی ئەمەش واقیعێکی سیاسی وای خوڵقاندووە کە رێگەی بە زۆر لە مومارەساتی نامەسئولانەی حیزبەکان داوە، ئەگەرچی هێندەی هاتوهاوار لەسەر دەستووری عیراق دەکرێت، کە چوار ساڵە دانراوەو عەیبو کەموکوڕیی لێ دەدۆزرێتەوەو عەرەبی پێ بە شۆڤێنی تاونباردەکەن، کەچی ناپرسن بۆچی ١٧ ساڵە دەستووری کوردستان هەر بەڕەشیی ماوەتەوەو سپی ناکرێتەوە.

لەسایەی ئەو سیستمانەدا سەرکردە دیکتاتۆرەکان دەڵێن: ئێمە دیموکراتیەت دێنین، بەڵام دەبێت هەتا سەر کورسی حوکم بۆخۆمان بێت. «ئەمە کورتکراوەی گوتاری حیزبەکانە کە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆریەتەکان شۆڕشیان کرد، بەڵام بەتەنیا لەپێناو سەندنی کورسی حوکمرانیو پلەو پایەو ئیمتیازاتو گیرفان پڕکردن.

ئەو جۆرە دەسەڵاتدارانە چاوەڕێ ناکەن گەل باوەڕ بە شەرعیەتی دەسەڵاتەکانیان بهێنێت، هەروەها سیادەی دەوڵەت تەنیا لەمانەوەی خۆیاندا دەبیننەوە، جگە لەوە دەنگی گەل لەلای ئەوان تەنیا لەو کاتەدا دەبیستن کە بانگی ناوی خۆیان بکات.

بێگومان دیموکراتیەت ناکاتە یەکگرتنو یەکبوون لەسەر مانەوەی تەنیا حیزبێک لەدەسەڵاتدا، چونکە هەرگیز دەسەڵاتی تاکە حیزب کەشوهەوای دیموکراتی ناخوڵقێنێت، هەروەک بەپێچەوانەشەوە دیموکراتیەت ناتوانێت لە کەشوهەوای تاکە حیزبێکدا دروست بێت. بۆ خۆی چەمکی دیموکراتیەت لەسەر بنەمای فرە حیزبییو جیاوازی بیروڕاو هەڵبژاردنو دەنگبەخشین بە ئازادیی دروست دەبێت.

ئەگەر تەماشای نەخشەی سیاسی بیستو دوو دەوڵەتە عەرەبیەکەی ئەندام لە جامیعەی وڵاتە عەرەبییەکان بکەین هیچ ئەزموونێکی دیموکراتی تیا نابینیتەوە، مێژووش ئەوەمان پێدەڵێت لەو کەشوهەوایەدا ئیسلامی سیاسیی توندڕەو سەرهەڵدەداتو شەڕی دەسەڵات دەفرۆشێت، بەڵام ئەوەی کە گەرەنتی ئەوە دەکات بتوانیت بەڕووی ئیسلامی سیاسیدا بووەستیتەوە، ئەوەیە رای جیاوازی لیبراڵیو عیلمانی زۆر بێنە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوەو زەمینەیان پێ ببەخشرێت بۆ ئەوەی کێبڕکێی سیاسی بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەوە لە کوردستاندا روونادات، تەنانەت وەرەقەی ئیسلامی سیاسیی وەرەقەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئێستای حکومەتی کوردی، گرنگتریش لە چارەنووسی نەتەوەیی میللەتی کورد لەناوچەکەدا.

ئەمە هەمووی وایکرووە، لەلایەک ئیسلامی سیاسیی سوودمەندبێت لەو قەیرانەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، لەلایەکی دیکەش هەرچی چینی هاڕدراوو ژێرەوەی کۆمەڵگایە هەموو پەنا دەبەنە بەر ئاڕاستەی ئیسلامی سیاسیی، یان پەنا دەبەنەبەر هەر ئاڕاستەیەکی دیکەی توندڕەویی دژ بەدەسەڵات. کە ئەمەش حاڵەتێکی مەترسیدارە، چونکە لێکەوتەو دەرهاویشتەی ئەو هەوڵە سەختەیە بۆ قۆرخکردنەوەی دەسەڵات لەناو دەستی تەنیا حیزب یان تەحالوفێکی ستراتیژیی کە مەبەستی سەرەکی لێی کپکردنی هەموو دەنگێکی جیاوازو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنە.

ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستەبووەو روودەدات دەقاودەق لەگەڵ گوتەکەی سەرەوەی (ئەرستۆ) پێکدێتەوە. ئەوەتا هەر ئەو حیزبە سیاسییانەی ئەمڕۆ لەسەر گۆڕەپانی سیاسین لە کوردستان، کە بە خەباتی چەکدارییو پێشمەرگایەتیو شەهیدبوون گەیشتنە سەر تەختی دەسەڵاتو بانگەشە بۆ دیموکراسیەت دەکەن، ئامادەن هەموو شێوازە نەشیاوو نەگونجاوو دژ بەهەموو پرنسیپو بنەماکانی دیموکراسیەت بگرنەبەرو دژ بە هەموو بنەماو خاڵو بەندەکانی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤو ئازادییەکان ئینسانییەتی ئینسان پێشێل دەکەنو هەموو بەها ئەخلاقیەکان دەڕووخێنن بەس بەتەنیا بۆخاتری مانەوەیانو سەندنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستی گەل، کە ئەوەش دژ بە مانای زمانەوانیو رۆحی وشەی دیموکراتیەتە کە دەکاتە (حوکمی یان دەسەڵاتی گەل)و زۆر بەجوانی لەسەر لاپەڕەکانی دیموکراتیەت سیناریۆی دیکتاتۆریەت دووبارە دەنووسنەوە. بەمشێوەیە چەمکی دیموکراتیەت لەناو قاڵبێکی موقدەسدا بەناوەرۆکێکی ترسناکەوە دەگاتە پلەی پیادەکردن، کە ئەوەش ئاکامو دەرئەنجامی خەتەرناکی لێدەوەشێتەوە.

ئەرستۆ لەجێگایەکی دیکە لەکتێبی (السیاسة)دا دەڵێت: لە دیموکراسیەتدا، هەژارەکان پاشان، چونکە زۆرینەن، هەروەها چونکە دەسەڵاتو ئیرادەی زۆرینە هێزی یاسای هەیە. لە کوردستان دیموکراسیەت لەلای هەژارەکانە، بەڵام دەسەڵات لەلای چینی سەرەوەو تێرو ئاوساوە، یان چینی خەباتگێری دوێنێو دەوڵەمەندی ئەمڕۆ، کە دەسەڵاتی تەنیا بۆ دەوڵەمەندبوونو دەستگرتن بەسەر داهاتو سەروەتو سامانی وڵاتدا دەویست.

بەپێی یاسا دەستوورییەکان دیموکراتیەت بۆئەوەیە گەل دەسەڵاتدار بێت لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە کە خۆی هەڵیاندەبژێرێت بۆ ناو پەرلەمان، ئیدی مەسەلەکە ئەوە نییە حیزبێک نوێنەری لەناو پەرلەماندا هەبێت، مەسەلەکە ئەوەیە کەسێک بەهۆی حیزبێکەوە بەدەنگی میللەت بچێتە ناو پەرلەمانەوە، لەناو پەرلەماندا چاوی گەل بێت، نەک چاوی حیزبەکەی... چونکە مێژووی دروستبوونی پەرلەمانەکان وادەڵێت، بۆ ئەوە نییە حیزبێک دەست بگرێت بەسەر داهاتو سەروەتو سامانو پلەو پایەکانیشو هەر کاتێک ویستی میللەتی هەژار فریوبداتو نانبڕاوی بکات، بەناوی حیزبایەتییەوە.

کە لە واقیعی کوردستان دەڕوانم، دەبینم قسەو باسی دیموکراسیەتو ویستو خواستی دیموکراسی هەیە، بەڵام کرداری دیکتاتۆریانە بەرجەستە دەکرێتو هەموو پێچەوانەی ئەوەیە کە دەبێت ببێت، ئەوەتا لەئاست دەرکردنو نانبڕینی ئەو هەموو خەڵکە، نە پەرلەمانو نە سەرۆک پەرلەمان سەڵاحیەتو هێزی ئەوەیان نییە نوێنەرانی فراکسیۆنی سەوز بانگ بکەنو لێپرسینەوەیان لێبکەن سەبارەت بە مومارەساتی حیزبەکەیان لەگەڵ گەلدا، ئەوانەی کە بەتۆمەتی بیری جیاوازەوە لە سەر کار لادەبرێنو نانبڕاو دەکرێن. کە ئەمە بۆخۆی دژ بە پەیمانەکانی مافی مرۆڤو یاسا جیهانییەکانی تایبەت بە ئازادیی بیروڕا، دژ بە هەموو پرنسیپو فەلسەفەی حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانیشە لە جیهاندا، کە گوایا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئەندامە لە رێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی نێونەتەوەیی. کەئەوەش تەنیا یەک لێکدانەوەی هەیە، لەبەرئەوەی سەرۆک پەرلەمان سەر بە لیستی کەسکەو ئامادەنییە یان لەلایەن حیزبەکەیەوە رێگە پێدراو نییە لە خروقاتی حیزبەکەیەوە لێپێچینەوە بکات.

ئەوانەی ئێستا لە کوردستان بەکورسی دەسەڵاتدا نوساون تەواو بوونەتە توتالیتاریەکانی ئەوروپای سەدەکانی حەڤدەو هەژدە، کە پاشا بەپشتیوانی کەنیسە نوێنەری خودا بوو لەسەر ئەرز، کە ئەوەش وای کردبوو گوێڕایەڵو ملکەچی تاعەتی کەنیسەو دەسەڵات بن. بەو پێیەش پاشا هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەستدا بوو، بۆی هەبوو لەهەموو دەقیقەیەکدا یاسایەک دەربکات، وەکو لەسەر کار لابردنی کەسێک، لەسێدارەدانی کەسێک بەبێ لێپرسینەوە، چونکە هەموو دەسەڵاتەکان بەپشتیوانی خوداو کەنیسە لەدەستیدا بوون. ئەوەی ئێستا لە کوردستان روودەدات تەواو ئەوە دەهێنێتە یادم، لەجیاتی کەنیسە حیزب، لەجیاتی پادشا سەرۆکی ئەو حیزبانە.

دواجار مەسەلەکە ئەوەش نییە بە زۆرینە دیموکراتیەت بەرجەستە بکرێت، بەڵکو دیموکراتیەت تێگەیشتنو یاساو سیستمو شێوازی بیرکردنەوەو فەرزکردنی ئەو سیستمەیە بەسەر هەمووانداا بەبێ جیاوازی، دیموکراتیەت لەوەدایە یاسا لەسەرۆکی وڵاتەوە ملکەچی بێت هەتا دەگاتە خواری خوارەوەو کەسیش بەناوی حیزبەوە حەسانە بۆخۆی دانەدروێت.

> **کە لە واقیعی کوردستان دەڕوانم، دەبینم قسەو باسی دیموکراسیەتو ویستو خواستی دیموکراسی هەیە، بەڵام کرداری دیکتاتۆریانە بەرجەستە دەکرێتو هەموو پێچەوانەی ئەوەیە کە دەبێت ببێت، ئەوەتا لەئاست دەرکردنو نانبڕینی ئەو هەموو خەڵکە، نە پەرلەمانو نەسەرۆک پەرلەمان سەڵاحیەتو هێزی ئەوەیان نییە نوێنەرانی فراکسیۆنی سەوز بانگ بکەنو لێپرسینەوەیان لێبکەن سەبارەت بە مومارەساتی حیزبەکەیان لەگەڵ گەلدا، ئەوانەی کە بەتۆمەتی بیری جیاوازەوە لە سەر کار لادەبرێنو نانبڕاو دەکرێن**

kurdish@venusfaiq.com

# ئێمە یەکێتین یان ئەوان؟



سالار رەفیق حەسەن

نانبڕین، دەرکردن، خۆساغکردنەوە، هەڕەشەو چاوسووورکردنەوە، لابردن لە پۆست لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە تەخشانو پەخشانی پارەو بەخشینەوەی پۆستو دەمانچەو زەویو بەڵێنو پەیماندان بۆ بەشێکی خەڵکی هەلپەرست بە دیاریی، ئەو میتۆدەیە کە دەسەڵاتدارانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەرامبەر کادیرو فەرمانبەرو کەسوکاری شەهیدانو کەمئەندامانو پاسەوانو خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان گرتوویانەتەبەر.

ئەو کارو میتۆدەی دەسەڵاتدارانی (ی.ن.ک) پیادەی دەکەن، هەنووکە هێزگەلێک هاتووەتە مەیدان کە باکی لە سیاسەتی نانبڕین، هەموو ماناکانی پشت ئەم سیاسەتە نییەو رەتیدەکاتەوە، بە دەسەڵاتدران دەڵێت لێرەوە بووەستنو ئەوە گەردنی ئێمەو ماڵو منداڵ بۆ بەردەم شمشێری نانبڕینی ئێوە، ئەمە دەسەڵاتدارانی تووشی شۆکێکی گەورە کردووەو سەرجەم بەرنامەو پرۆژەکانیان کە بەمەبەستی دەنگکڕین دەخەنەڕوو، نەک متمانەی جەماوەر ناگەڕێننەوە بۆخۆیان، بەڵکو گەل چاک دەزانێت چۆن پارەی بەتاڵانبراوی لە پرۆژەی سەقەتو بێ بەرهەمو بچووکو هاتوهەرای زۆری راگەیاندنەکانیانو بەڕوویەکدا شپرزەیی، لەڕوویەکی دیکەشەوە ئەم کارانە نەک سیستماکراون، زۆر بەشێوەیەکی پاشاگەردانی رێدەکات، هەر مرۆڤێک بەچاوی ویژدانەوە لێ بڕوانێت، ئەم حکومدارییەو خزمەتانە لە سەردەمەکانی سوڵتانی عوسمانییەکان دەچێت.

گەڕانی جێگری سەرۆکی حکومەتی بە ناوچە جیاجیاکانداو بەڵێنی زۆرو زەوەندیو هەڵدانی باز بۆ سەرشانی خواپێداوێک، گەواهی ئەو راستییە دەدات ئەم حکومەتە سەرچاوەی فیکری سۆسیال دیموکراتە یان فیکری سوڵتان عبدولحەمیدە.

لێرەشەوە کۆڕی حکومەت بەجێدەهێڵین، دەچینە نێو کۆڕی کادیرە باڵاکانی حیزب بەسەر حکومەتەوە.

شیکردنەوەی برگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ ئەوان دەڵێن ئەوە پەیڕەوەکەمان، بزانە چۆن باسی مافی چارەنووسو مافی مرۆڤو دیموکراسیو عەلمانیەتو دادوەریی کۆمەڵایەتیو بووژانەوەی لادێو بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری وڵاتو مافەکانی ئەندامو ژنانو لاوان، تێکۆشان بۆ گەڕانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، روونیی دارایی حیزبو حکومەتو بەرەوپێشبردنی خوێندنو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی... هتد، ئەمانە دەستەواژەو رستە گوتاری رۆژانەی ئێوەن، ئێمەش دەڵێین مافی چارەنووس لەگەڵ سەربەخۆیی خەونێکی شاعیرانە بێت، چۆن دەبێت؟ نانبڕین ئێمەو پارەی زۆری ئێوە، بەتاڵانبردنی داهاتو سەروەتی نیشتمانیی، ئەمەیە مافی مرۆڤ؟

چاوسوورکردنەوەو بێڕێزکردنی مرۆڤەکان، بەحیزبیکردن ئەمانە لە چ قاموسێکی دیموکراسیدا شوێنی بووەتەوە؟

چەمکی عەلمانیەت لە عەشرەتبازییو سەنتەرو خێڵو ناوچەگەرییو بنەماڵەچێتی، دەمانچە دابەشکردن، پارە بەخشینەوە بەسەر پیاوانی ئایینیدا، لەکوێی ئەم چەمکەدا ئامادەگی هەیە؟!

دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر دووبەرەدا، بەرەیەکی دەسەڵاتدارو بەرەیەکی مووچەخۆر، بەمەرجێک دەبێت بەرەی مووچەخۆر گوێڕایەڵو کەمدوو دەسەڵاتداران بێت، دەپرسین ئەمەیە دادوەریی کۆمەڵایەتی؟!

وێرانەی گوندەکانو نەمانی کشتوکاڵو کوێربوونەوەی رەزو باخو وشکبوونی سەرچاوەی ئاوی لادێکانو کەمیی خزمەتگوزاریی، خاڵیکردنەوەی بازاڕاکانمان لە کاڵای خۆماڵیو سیخناخ بە کاڵای بێگانە، ئەمەیە بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات.

بێکارییو هەژارییو کۆچی بەلێشاوی لاوانو گەنجانو کوشتنی ژنانو کەوتنی پیروپەککەوتەکان لەسەر شارێی شارو شارۆچەکەکان، چارەسەی زۆربەی نەخۆشەکانی بە پارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئێرانو ئوردون.

پرۆژەی خزمەتگوزاریی زۆرجار قازانجەکەی لە تێچوونەکەی گەلێک زیاترە، بەهەدەردانی پارەو سەروەتی نیشتمانییو بودجەی ١٧٪ی کوردستان بۆ گیرفانی زلو تاریکی حیزب، بەشخوراوی مافی شەهیدانو کەمئەندامان، ئەم هەموو جیاوازکاریانەی کردومانە لە شوناسی کام پەیڕەی ناخۆی حیزبێکی سۆسیال دیموکرات دەچێت.

کردنی کەرکوک بە قوربانیی ژمارەی (٥٨)، دواتر بۆ (١٤٠) دواتر بۆ (٣٢)، ئێستاش بۆ سفر؟! ئێمە لەسەر ئەو رەوشە بیروڕامان جیاوازەو داوای چارەسەر دەکەین، توو ویژدانتان ئێمە لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب لامانداوە یان ئێوە، بەکورتی ئێمە یەکێتین یان ئێوە...؟

# گۆڕانی سەرتاسەری



ئاریان کامیل

هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی بوونی لیستێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، دەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبوو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی. زۆر کەس و لایەن پێیانوایە لیستەکەی کاک نەوشیروان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، تەنانەت پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەش بە ڕووداوێکی زۆر گرنگ دادەنرێت لە مێژووی گەلی کورددا، بەشێوەیەک کە دەتوانرێت بە بەرفراوانترین شۆڕش لەقەڵەمبدرێت بۆ ڕاستکردنەوەی دیموکراتی و بەگژداچوونەوەی ئەو بەربەستانەی هاتوونەتە ڕێی گەیشتنی گەلەکەمان بە مافە ڕەواکانی و کۆتاییهێنان بەو قەیرانانەی دووچاری لایەنە جۆراوجۆرەکانی سەرجەم بوارەکانی ژیان بووەتەوە لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و...

لیستە سەربەخۆکەی کاک نەوشیروان بە سەرەتایەک دادەنرێت بۆ کۆتاییهێنان بە هەژموونی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەسەر کونج و کەلەبەری ژیان لەم هەرێمەداو هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ گەڕانەوەی ئاهێک بە بەری ژیانی سیاسی و دووبارە بەشداری پێکردنەوەی چەندین دەنگی دابڕاو دوورخراوە، کە بەهۆی ناڕەزاییان لە باردۆخەکە دووچاری تەنگ پێهەڵچنین بوون، بوونی ئەم لیستە جارێکی تر هانی خەڵکی داوە کە گرنگی بە بواری سیاسی بدات و بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردن و ئایندەی هەرێمی کوردستان بخاتەڕوو. ئایا سەرجەم ئەو خاڵانەی کە باسکران ئەو ڕاستییە ناسەلمێنن، کە لیستەکەی کاک نەوشیروان تەنانەت پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیش گۆڕانکاری هێناوەتە دی لە زۆر بواری گرنگدا؟

دوای ئەوەی زۆرینەی چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان بێئومێدبوون لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی هەرێم، بەتایبەت لە چۆنێتی خەرجکردنی بودجەو نەبوونی هیچ جۆرە پلانێک بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و ناڕوونی ئایندەی هەرێمی کوردستان، ئەو دەرەنجامەی لێکەوتەوە، کە خەڵکی هیچ جۆرە گرنگییەک بە بواری سیاسی نەدەن و لە زۆر بواردا بێدەنگی هەڵبژێرن، لە هەمانکاتدا زۆر کەس بڕیاری ئەوەی دابوو ناڕەزاییەکەی خۆی تەنها بەوەدەربڕبڕێت، کە لەمەودوا بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا نەکات، بەڵام دوابەدوای ڕاگەیاندنی بوونی لیستێکی سەربەخۆ، گۆڕانکاری بنەڕەتی هێنایە دی لە بیرو بۆچوونەکان، سەرلەنوێ وای لە زۆر کەس کرد، کە ئەم هەرێمە دووبارە بەهی خۆی بزانێت و گومانی لەوە نەمێنێت، کە دەکرێت دەنگی بیستراوبێت و بەشداربێت لە دەسەڵات و چۆنێتی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەک کە پێویستە خێرو بێرەکانی ئەم وڵاتە بۆ هەمووان بێت، نەک زۆرینەی خەڵک تەنانەت بۆشیان نەبێت لەدوورەوە سەیربکەن.

ڕاگەیاندنی ئەو لیستە سەربەخۆیە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد گۆڕانکاری زۆری بەسەر بیروبۆچوونی دانیشتووانی هەرێمی کوردستاندا هێناوە، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا دەرەنجامەکانی ئەو گۆڕانە بۆ هەموو لایەک ڕووندەبێتەوە، لە هەمان کاتدا بوونی لیستێکی هاوشێوە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقیش زۆر پێویستە، بۆئەوەی لە پەرلەمانی داهاتووی عیراقدا، کورد گۆڕانکاری لە نوێنەرەکانی و ئەو سیاسەتەدا بکات، کە لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عێراقدا لە ڕابردوودا پەیرەوکراوە، پێویستە لەوبوارەشدا خەڵکانێک بپاڵێورێت بۆ ئەندامی پەرلەمانی عێراق، کە نوێنەرایەتی پێکهاتەی هەرێمی کوردستان بکات، نەک بەتەنها حیزب و لایەنەکان، ئەگەر لەو هەڵبژاردنەشدا لیستی سەرخۆ هەبێت، ئەوا لەزۆر ڕووەوە سوود بە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت بەشێوەیەک ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە چەسپاندنی مافەکانمان و ڕێگەنەدان بە زەوتکردنیان لەژێر پەردەی دیموکراتیدا، هاوکات ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی دەبێت لە زیادبوونی ژمارەی نوێنەرانی کورد لەناو پەرلەمانی عێراقدا.

# دیموکراسیی درۆزنانەو دیموکراسیی ڕاستەقینە



نەجات ئەسپیندارەیی

> ئەوکاتە کۆمەڵگاکەمان دەبێتە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی، کە خەڵکەکەی هۆشیاریی سیاسی بەدەست بهێنن و زاڵبن بەسەر عەقڵی میللیتاری و عەقڵی عەشیرەتگەریی و ناوچەگەریدا، ئەوکاتە دەکرێت فەرهەنگەکەمان بە کلتووری دیموکراسی دەوڵەمەند بکرێت

دیموکراسی لە وڵاتی ئێمەدا بەچەند پاڵنەرێکی ناعەقڵانیدا جوڵە دەکات، بۆیە ناتوانێت بکەوێتە سەر سکەو ڕێڕەوی خۆی بگرێت و بە ئاراستەیەکی باشدا بڕوات، ئەزموونی بەناو دیموکراسی لە کوردستاندا لەوەتی هەیە، ئاڵۆزیی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی و خنکاندنی دەنگی ئازادو گوێنەدان بە خواستەکانی خەڵک بەرهەم دەهێنێت، کە ئەمەش دەرئەنجامی ئەو نادیموکراسی و فەشەلی بنیاتنانی پرۆسەی سیاسییە لە کوردستاندا، پرۆسەیەک کە لە فۆرمێکی تۆتالیتاریدا خۆی دەبینێتەوە، بێگومان لەنێو کۆمەڵگاکەماندا چەمکی دیموکراسی بووەتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری مەسئول و نامەسئول و سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرو کرێکارو جوتیارو خاس و عامی خەڵک، هەموویان خەونی پێوە دەبینن و خۆزگەی بۆ دەخوازن، بەڵام کە دێتە سەر بواری پراکتیزەکردن، هیچیان بە دڵسۆزییەوە هەوڵی بەدیهێنانی بۆ نادەن، بەڵکو لە زۆر کات و شوێندا دەبنە بەردی ڕێگر لەبەردەمیدا، هۆیەکەشی ئەوەیە کەوا هێشتا لەنێو سیاسەتمەدارانی کورددا عەقڵێکی میللیتاری ئامادەیە، کە وایکردووە کۆمەڵگاکەمان لە پرۆسەی بەدیموکراسیبوون و بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی شارستانیەتدا مەحروم بێت، بۆیە دەبینین کۆمەڵگاکەمان بەردەوام بەدەستی کۆمەڵێک کێشەی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت، ناتوانێت لێی دەربازبێت، من پێموایە ئەوکاتە کۆمەڵگاکەمان دەبێتە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی کە خەڵکەکەی هۆشیاریی سیاسی بەدەست بهێنن و زاڵبن بەسەر عەقڵی میللیتاری و عەقڵی عەشیرەتگەریی و ناوچەگەریدا، ئەوکاتە دەکرێت فەرهەنگەکەمان بە کلتووری دیموکراسی دەوڵەمەند بکرێت و پرۆسەی سیاسیمان بەرەو سیستمێکی کراوە تەکانبدات، دیموکراسی ژینگەیەکی وادروستدەکات کە دادگەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بەرهەم دەهێنێت و هەستی ئەوەت لا دروستدەکات کە تۆ خاوەنی خۆتی و سەربەستی لە ئەرک و ماف و بڕیارداندا، دەسەڵات ئەوکاتە دەتوانرێت بە دەسەڵاتێکی دیموکراسی پێناسە بکرێت کە ئامادەبێت ڕێگا بە تاکەکانی کۆمەڵگا بدات بە ئازادیی بیروڕای خۆیان بەرامبەر بەو دەسەڵاتە دەربڕن، هەر ڕەخنەیەکیان لە ناوەندی دەسەڵات هەبێت، بوێرانە بیخەنەڕوو، لێرەدا ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە کەوا حیزبە گەورەکان لەنێو جوگرافیای خۆیاندا جێی پێیەک نادەنە خەڵکی دیکە، کە بیرو باوەڕیان لەگەڵ ئەواندا جیاوازبێت، چەندین ساڵە کوردستان ئازادبووە، بەڵام هێشتا خەڵکەکەی لە مافی بڕیاردان و هەڵبژاردنی ئازادو ڕادەربڕین و مومارەسەکردنی دیموکراسیی ڕاستەقینە بێبەرییە، پارتی و یەکێتی لەسەرەوە باسی دیموکراسی دەکەن و لەژێرەوەش نەخشەو پلان دادەنێن دژی ئەوانەی کە دەیانەوێت مومارەسەی ئازادیی و دیموکراسی بکەن، بۆ نموونە ئێمە ئێستا بەرەو هەڵبژاردن دەچین و هەندێک لیستی جیاواز پەیدابوون وەکو لیستی گۆڕان و لیستی چوار حیزبەکە، کەوا دەیانەوێت تەکانێک یاخود گڕوتینێک بە پرۆسەی سیاسی بدەن و چیتر ئەزموونی گەلەکەمان لە قاوغی خۆیدا نەخولێتەوەو چاو بە دنیای ئازادو لیبراڵدا هەڵبهێنێت، بەڵام هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار زۆر بە نیگەرانییەوە تەماشایان دەکەن و هەزارو یەک حسابیان بۆ دەکەن، کە ئەمەش دوورە لە هەموو پرەنسیپ و بنەمایەکی دیموکراسی، ئەزموونی پیادەکردنی دەسەڵات لە کوردستاندا لە ڕوخساردا دیموکراسییەو لە ناوەڕۆکیشدا تۆتالیتاری و تاکڕەوی و نادیموکراسییە، ئێمە کەی دەگەینە ئەو ئاستەی کە بتوانین هەموو جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگا قبوڵ بکەین؟ کەی دەتوانین وەکو کۆمەڵگا پێشکەوتووخوازەکان لەسەر یەک سفرە کۆببینەوە، سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی کە هەمانە، لە کۆمەڵگا ئەورووپییەکاندا جیاوازیی ڕەگەزیی و مەزهەبی و ئایدۆلۆژی لەنێو چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەشدا تواوەتەوە، گەلەکانیان بەپێی گەشەکردنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای هاوبەش ڕێککەوتوون، ئەو ناکۆکیانەیان وەلاوەناوە کە دەبنە هۆی پەرتەوازەبوونیان، بێگومان لەنێو تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا گەلێک جیاوازیی هەن کە دەبنە هۆ بۆ لێکترازاندن و پەرتەوازەکردنی مرۆڤەکان، وەکو جیاوازیی نەتەوایەتی و چینایەتی و ئایینی و مەزهەبی، بەڵام تەنیا شتێک کە مرۆڤەکان ئاوێتەی یەکتر دەکات و پێکەوە دەیانگونجێنێت، بەرژەوەندیی هاوبەشە، با ئێمەش لەپێناو بەرژەوەندیی گەلەکەماندا واچاکە دەرسێک لە ئەزموونی ئەو کۆمەڵگا پێشکەوتووانە وەرگرین کە هەلومەرجیان ڕەخساند بۆ زاڵبوون بەسەر جیاوازیی نەتەوایەتی و چینایەتی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژی، کە بنیاتنانی چەند کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی لێکەوتەوە.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووخوازەکاندا ئەرکی بەرپرسیاریێتی و پێگەی دەسەڵات بۆ کەسێکە کە پسپۆڕو شارەزابێت لەو بوارەدا، هەروەها مرۆڤی شیاو لە جێگای شیاو دادەنرێت، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەپێچەوانەوەیە، لە وڵاتانی خۆرئاوادا ململانێی سیاسی و مونافەسەی حیزبایەتی لەسەر ئەوەیە کە کامیان پرۆژەی خزمەتگوزاریی باشترو فراوانتر پێشکەش دەکەن و کامیان زیاتر خزمەت دەکەن، کەم حیزب هەیە بتوانێت ماوەیەکی دوورودرێژ لە لوتکەی دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، چونکە هەر کەموکورییەکی لێ بینرا، جارێکی دیکە دەنگی پێنادرێتەوەو خەڵکەکە متمانە بە حیزبێکی دیکە دەبەخشن، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی دیموکراسی، لە وڵاتی ئێمەدا چەمکی دیموکراسی و بەدیموکراسیبوونی کۆمەڵگا، بووەتە دروشمێکی زەق و هەمیشە لە خیتابی سیاسیدا دووبارەو سێبارە دەکرێتەوە، بەڵام هێشتا هەر تیۆرەو لە هیچ بوارێکدا پراکتیزە نەکراوە، هیوادارین لە هەڵبژاردنی داهاتوودا وەرچەرخانێک دروست ببێت و گۆڕینی دەسەڵات ببێتە مۆدێلێکی سەردەم و خەڵک لەسایەیدا هەناسەیەکی ئازاد هەڵمژێت.

# هەردەبێت ڕۆژببێتەوە



پێشواز کەمال*

«پێویستم بە ریکلامکردن دەبێت، بەڵام پێمباشە بیخەمە چەند مانگێکی دیکە»، ئەمە ئەو چەند وشەیەیە کە لەوەتەی مەسەلەی هەڵبژاردن هاتووەتە ئارا، لەدەمی زۆر سەرمایەداری خاوەن پرۆژەوە رۆژانە بە دارشتنەوەی جیاجیا دەیبیستم، هەندێکیان هەر بەوەندە کۆتایی پێدەهێنن، هەندێکی دیکەش بە ڕەوانی پێمدەڵێن کە نایەنەوێت تووشی گرفت ببن و ریکلامەکانیان لە رۆژنامەی رۆژنامەدا بڵاوبکەنەوە.

بە حوکمی ئەوەی زۆرتر لە سنووری سلێمانیدا ڕاستەوخۆ کارەکانم ئەنجام دەدەم، تائێستا ئەمەم لەدەمی خاوەن پرۆژەو سەرمایەدارەکانی ئەم شارە دەبیست، بەڵام هەولێریش هەمان ڕستەی ڕووبەڕووکردمەوە.

هەفتەی ڕابردوو بۆ گەشتێکی کار (وەرگرتنی ریکلام لە چەند کۆمپانیایەک)، لە سلێمانییەوە چوومە هەولێر، ئەو چەند ڕۆژەی لەوێبووم، بۆ دروستکردنی پەیوەندیی و وەرگرتنی ریکلام سەردانی ژمارەیەک کۆمپانیای گەورەی بازرگانی و نوێنەری کۆمپانیا جیهانییەکانم کرد، سەردانەکەم ئاکامێکی باشی هەبوو بە حوکمی ئەوەی هەولێر پایەختی کوردستانەو بەشی هەرەزۆری نوێنەرایەتیی سەرەکی کۆمپانیاکان لەوێن، ئەو چەند ڕۆژە دەرفەتێکی باش ڕەخسا بۆئەوەی لەنزیکەوە پەیوەندی دروستبکەم لەگەڵ نوێنەرایەتیی ژمارەیەکی بەرچاو کۆمپانیاو وەرگرتنی ریکلام، لە هەمانکاتدا ئەو سەردانە هێندەی دیکە بەرچاوی ڕۆشنکردم لەوەی کە حیزب تا چ ئاستێک بازاڕی ئەم وڵاتەی وەک هەموو مەجالەکانی دیکە خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ترس و سێبەری خۆی لەسەر ئەو بازاڕە فراوانە بڵاوکردووەتەوە، کە بەناوی بازاڕی ئازادەوە وای پیشاندەدات دەستی لێهەڵگرتووە.

ژمارەی بەرپرسانی ئەو کۆمپانیایانە کەم نەبوو، کە بەئاشکراو بێ پێچ و پەنا خۆشحاڵیان دەربڕی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەو بڵاوکردنەوەی ریکلامی کارو بەرهەمەکانیان لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو کەناڵی تەلەفزیۆنی (کەی.ئێن.ئێن)دا، بەڵام بەشێک لەوان وەک ئەوانەی سلێمانی وتیان (با قسەی خۆمانبێت)، پەیوەندی بەستن لەگەڵ ڕۆژنامەو (کەی.ئێن.ئێن)، باجی بەدواوەیەو سەرئەنجام بەشێوەیەک لەشێوەکان بە زەرەری ئەوان کۆتایی دێت، لانیکەم ڕووبەڕووی بایکۆتکردن و بوغزاندن دەبنەوە، بۆ خۆدەربازکردن لەو زەرەرە بەڵێنیاندا کە دوای کۆتایی هەڵبژاردن و لە مانگی ئابدا ریکلامەکانیان بدەن بە ئەو دوو کەناڵە.

ئەم مەترسیی دەربڕینەو ئەم باس و خواسانەی سەرمایەداران و سڵەمینەوەیان لە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکانیان لە چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن، گوزارشتکردن و ڕەنگدانەوەی ئەو کۆنترۆڵە زۆرەیە کە حیزب و دەزگاکانی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیان لەم وڵاتەدا کردوویانە، لەناویاندا بازاڕو کایەی خستنەگەڕی سەرمایە.

ئەگەر تەنیا چەند سەرمایەدار یان خاوەن پرۆژە، پاساوەکەیان بوونی ترس بوایە لە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکانیان لە کەناڵەکانی کۆمپانیای وشە، وەک پاساوێک بۆ خۆدزینەوە لە بڵاونەکردنەوەی ریکلام لەو شوێنانە، دەکرا ئەم پاساوە ئاسایی وەربگرین و بڕوامان بەوە بهێنایە کە ئەو کەسانە بۆ دڵنەوایی ئێمە ئەمە دەڵێن، بەڵام ئەوەی ئەو پاساوە لە گومان دەپەڕێنێتەوە، ئەوەیە کە بەشی زۆری پاساوەکان ڕێک و ڕەوان وەک یەک بوون، هەموویان ترس کۆیکردبوونەوە، ترس لە بوغزاندن و بەجۆرێک لەجۆرەکان بایکۆتکردن و زەرەرمەندکردن.

ئەمەش گوزارشتێکی زەقە لە بوونی کۆنترۆڵی حیزب بەسەر بواری سەرمایەگوزاریی و وەبەرهێنان لەم ناوچەیەدا، وەک بەشێک لە تێکڕای کۆکردنەوەی ژیانی بەشی هەرەزۆری خەڵک لەدەستی حیزبدا.

بوونی ئەم ترسە، خۆی لەخۆیدا بەشێکە لە کۆکردنەوەی ژیان لەدەستی حیزب و لە هەمانکاتیشدا بەشێکە لەو شەڕەی لە کوردستان دژ بە ڕاگەیاندنی ناحیزبی یان ڕاستەوخۆ بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەهلی دەفرۆشرێت، بۆ لاوازکردن و کردنە دەرەوە لە مەیدانەکە.

یەکێک لەو سەرمایەدارانەی هەولێر کە زۆرباش لە گرنگیی بڵاوکردنەوەی ریکلام تێگەیشتبوو، دەیزانی ئەو کارە چ ڕۆڵێکی هەیە لە پەیداکردنی بازاڕدا، سووربوو لەسەر ئەوەی کە نایەوێت خۆی وتەنی گێچەڵ بۆخۆی دروستبکات و لە ئێستادا ریکلام لە ڕۆژنامەکەی مندا بڵاوبکاتەوە، بەڕوویەکی خۆشەوە پێیوتم: «تا هەڵبژاردن، لەشەڕ دوورمبگرە، دوای ئەوە هەردەبێت ڕۆژ ببێتەوە».

*بەرپرسی خستنەبازار لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە

لەمەودوا مانگی دووجار
ڕۆژانی ٥ و ٢٠ ی مانگ
بخوێنەوە
ڕێگا
گۆڤارێکی سیاسی گشتییە




((وەڵامێک بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو سایتی سبەی))

پاش کۆبوونەوەی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت لەگەڵ سەرۆکی یەکەی ئیداریی و شارەوانییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی، لە ژمارە (٤٨٠)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا وتارێکی بڵاوکردووەتەوە لەژێر ناوی عیماد ئەحمەد کۆبوونەوەیەکی حکومی دەباتە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، تێیدا کۆمەڵێک زانیاریی هەڵە بڵاوکراوەتەوە کە دەمانەوێت ڕاستیی بخەینەڕوو:

١- بەڕێوەبەری ناحیەی بەکرەجۆ ئاماژەی بەوەدا پرۆژەیەکیان هەیە کە بودجەی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە دابینکراوە، کارەکانی بەرەو کۆتایی چووە، شۆستەو بیهارتۆن تەواوبووە، ئەو ڕۆژەی (هەڤاڵ مام جەلال سەردانی بەکرەجۆی کردووە، قیرمانکردووەو خەلک وتویانە ئەمە شەقی هەڤاڵ مام جەلالە، بۆیە دەستیان بەقیر کرد، پاشان کە بەردەوامبووین لە قیرکردنەکە، وتویانە شەقی لیستی گۆڕانە)، دیارە ڕۆژنامە بڕگەی یەکەمی قسەکانی بەڕێوەبەری ناحیەی بەکرەجۆیان پەڕاندووە بە مەرامێکی تایبەت، بڕگەی دووەمیان کردووەتە مانشێت، پیرۆزترین کاری ڕۆژنامەوانیی، گەیاندنی سەرجەم ڕاستیی بابەتەکانە بە ئەمانەتەوە، نەک تەنیا ئەو بڕگەیەی خۆی دەیەوێت.

٢- هیچ بەرنامەیەکی پێشوەخت دانەنراوە تا دەسەڵات بدرێت بە سەرۆک شارەوانییەکان بۆ ئیفرازی زەوی، چونکە بە بڕیارێکی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران زەوی ئیفرازکردن ڕاگیراوەو بڕیارە بەم زووانە ڕێنمایی تایبەت دەربچێت بۆ مەبەستی ئیفرازو دابەشکردنی زەوی.

٣- سەرۆکی شارەوانیی کەلار داوای لە جێگری سەرۆکی حکومەت کرد کە سەرۆکی شارەوانییەکان (دەرماڵەی مەنصەب)یان بدرێتێ، وەک ئەو دەرماڵەیەی بۆ قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەکان دیاریکراوە نەک داوای پلەی ئیداریی بکەن، چونکە پلەی ئیداریی سەرۆکی شارەوانی، بەپێی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ ڕێکخراوە، هەڵگێڕانەوەی ئەم حاڵەش بەڕوونی دیارە بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتووە.

٤- ئەوەی تایبەتە بە دابینکردنی بودجە بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی، بریتییە لە (٣٣) پرۆژەی گەورەو بچووک لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی لە شارو شارۆچکەکان بە بڕی (٥٢) ملیار دینار، هەندێکی جێبەجێکراوەو هەندێکی لە جێبەجێکردندایە بۆ ساڵی ٢٠٠٨، هەر لایەنێک بیەوێت دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی/ بەشی پلاندانان بکات بۆ بینینی داتاو بەراییەکان.

٥- هەر سەرۆک شارەوانییەک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاندبێت ئێمە وەک هەتیوومان لێهاتووە، تاوان لە خۆیەتی، چونکە دەسەڵاتی سەرۆکی شارەوانی بۆ جێبەجێکردن بەپێی یاسایەکی تایبەت دیاریکراوە، کە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣، هەر سەرۆک شارەوانییەکیش نەیتوانی سەڵاحیاتی خۆی بەکاربهێنێت، بۆ لاوازیی خۆی دەگەڕێتەوە، هەق نییە گلەیی لە کەس بکات.

راگەیاندنو پەیوەندیەکانی
بەڕێوەبەرێتی گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی

---

بۆ بەڕێزان / سەرنووسەرو ستافی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە

وەکو مافێکی سروشتی و ئاسایی خۆمان داواکارین لە بەڕێزتان وێرای قبوڵکردن و ڕەچاوکردنی ئەم گلەیی و ڕەخنەیەمان ، هاوکات لە ڕۆژنامە کەتاندا ئەم وەڵامەمان بۆ بڵاو بکەنەوە کە وەزارەتی کارەبا بەرامبەر هەواڵێکی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە گرتوویەتی، ئەمەش یەکەمین جار نییە هەواڵەکان و ڕاپۆرتەکان بەمشێوەیە دادەبەزێت ، کە زۆر جار بەهیچ شێوەیەک قسەکانی لایەنی بەرپرس و پەیوەندار ناکرێتە مانشێت و تەنیا ڕەخنەو گلەییەکان دادەبەزێت ، لە کاتێکدا وەزارەتی کارەبا بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکات هاوکاری و یارمەتی پەیامنێرەکانی داوە بە تایبەت ڕۆژنامەی ڕۆژنامە تاوەکو بەشێوەیەکی شەفاف و ئازاد وەڵامی سەرجەم ڕەخنەو پرسیارەکانتان بدەنەوە ، بەبەردەوامیش پێشوازی لەو ڕەخنەو بۆچوونە پرۆفیشناڵ و زانستییانە کردووە کە دوور لە هەڵچوون و تانەو ناوزڕاندنەوە لێمان گیراوە ..

ئەوکاتەی مانشێت و هەواڵەکان گەمەی پێوە دەکرێت

لەژمارە ٤٨٢ ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە کە لە ٢٠٠٩/٦/٣ دەرچوو لەپاشکۆی ئابووری یەکەدا بابەتێک لەژێر ناونیشانی( ٥٠٪ ی کارەکانی پرۆژەی هایدرۆپاوەری بێخاڵ تەواو نەبووە) ، لەکاتێکدا ناوەرۆکی هەواڵەکە باسی لەو هەنگاوە گرنگە دەکات کە وەزارەت ناوێتی بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەو ٥٠٪ ی کارەکانی پرۆژەکە تەواوبووە ، وادیارە گەمە بەمانشێتی پەیامنێرەکەی خۆتانەوە کراوە ، چونکە ناکرێت مانشێت و ناوەڕۆک بەوشێوەیە جیاواز بن ، لەکاتێکدا سەرجەم بەڕێوەبەراتییەکانی وەزارەتی کارەباو ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئازادکراون بۆ لێدوان و وەڵامدانەوەی بابەتەکانتان ، ئەمەش یەکەمجارنییە کەوا مانشێتی ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژەکانتان لەبواری کارەبا لەگەڵ ناوەڕۆکدا جیاوازە .

راگەیاندنی
وەزارەتی کارەبا

---

وەزارەتی شارەوانی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی
سەرۆکایەتی شارەوانی قەلادزێ
بەشی/ هونەری
ژمارە/ ١٨٦٤/٥
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٣
بۆ/ ئاگاداری
بابەت/ نەخشە

ئاماژە بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٠٧٥) لە ٢٠٠٩/٦/١ سەرۆکایەتی شارەوانیمان هەڵدەستێ بە ڕاست کردنەوەی مولکی ژمارە (١١٠٦) لە کەرتی ٢٨ی قەڵادزێ پاشان بەپێی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣، بۆیە داواکارین لە گشت فەرمانگە یاسایی و شێوە یاسایی و گشت هاوڵاتیان وە لایەنە پەیوەندی دارەکان کە هەرکەسێک یاخود لایەنێک اعتراچێکی هەبێت ئەتوانێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی پێشکەش بە شارەوانی بکات بە پێچەوانەوە لەگەڵ بەسەرچوونی ماوەی ناوبراو هیچ اعتراچێک وەرناگیرێت وە سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ هەڵدەستێ بە ڕاست کردنەوەی مولکی سەرەوە.

ئەندازیار
دلاوەر قوباد احمد

---

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی شارەزوور
ژمارە: ٩٣/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٦/٨
بابەت/ ئاگادارکردنەوە
داواکار/ گیب اورحمان اسماعیل
داوالێکراو/ محمد منقر عپمان حسام الدین

بۆ داوالێکراو (محمد منقر عپمان حسام الدین) کە ئێستا ناوونیشانت نادیارە، دادگا ئاگادارت دەکات کە داواکار (گیب اورحمان اسماعیل) داوای ژمارە (٩٣/ب/٢٠٠٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمار کردووەو تیایدا داوای تاپۆکردنی خانووی ژمارە (٢٩/٢/مقاگعە/٤ زراین/کانی ڕەش)ت لێدەکات کە دەکەوێتە ناوەندی قەزای شارەزوورەوە. وە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٥) دیاری کراوە بۆ دادبینی کردن تیایدا، بۆیە ئەم دادگایە بەهۆی ئەم ڕۆژنامەیەوە ئاگادارت دەکات کە لەو بەروارەدا خۆت یان بریکارێکت ئامادە بێت لەم دادگایە ئەگەرنا دادگا بە دادبینی خۆی هەڵدەسێت بە (غیابی) بەپێی یاسا.

دادوەر
کاروان ووریا علی سۆرانی

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
سامان بەشارەتی ٠٧٥٠٤٩٨٩٨٥٣

کارگێڕی و ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# بانگەوازێکی دیکە
## بۆ دەزگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان



د. بەهزاد عەلی

لێرەدا دیسانەوە بانگەوازێکی دیکە بۆ بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان Kurdistan National Security (KNS) دووپات دەکەمەوە، کە بە پێویستییەکی گرنگو سەرەکیو ستراتیژی دادەنێم بۆ پاڵپشتیکردن لە خەباتی ڕەوای میللەتەکەمان لە کوردستاندا، بەڵام زۆر بەداخەوە هەتا ئەم کاتو ساتە گرنگە لە مێژووی میللەتەکەماندا، دەسەڵاتی کورد لە کوردستاندا هەنگاوێکی جدییو پراکتیکی نەناوە بۆ هاتنەکایەی دەزگایەکی بەمجۆرە لەسەر بنچینەیەکی ئەکادیمیو زانستیی ئازاد.

دەزگایەک کە پابەندبێت بە دانانی هێڵە سەرەکییەکان لە بڕیارە ستراتیژیو چارەنووسسازەکاندا، کە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەو خاکو نیشتمانو نەوەی ئێستاو نەوەی داهاتووی کوردستانی تێدابێت، بە دوور لە بەرژەوەندیی تەسکی تاکەکەسیو حیزبیو پارتایەتییەوە، ڕۆڵی سەرەکیو کارگێڕ ببینێت لە دانانی بەردی بناغەو پاراستنی داهاتووی ژیانی میللەتەکەمان. دەزگایەکی بەمجۆرە پێناسەی زانستیو پلاتفۆرمو میکانیزمی خۆی هەیە لەگەڵ هێڵی کارکردنو سەنتەری لێکۆڵینەوە.

دەزگایەکی بەمشێوەیە دەتوانێت ڕۆڵی مەرجەعیەتو سەرچاوەی ڕاسپاردەو بڕیاردان بێت لەکاتی ڕووداوە چارەنووسسازەکانو ئەگەرەکاندا...

کارکردن بۆ دروستکردنی دەزگایەکی بەمجۆرە، بڕیارێکی گرنگەو کارێکی سیاسییەو دەبێت پشتگیرییو پاڵپشتی سەرکردایەتیی کوردستانی هەبێت بۆ داکۆکیکردن لە بڕیارە گرنگەکانو جێبەجێکردنی ڕاسپاردە چارەنووسسازەکان.

دەزگایەکی وەک (KNS) ڕۆڵو کاری بەردەوامو نەگۆڕی هەیە، سەربەخۆیەو نەبەستراوەتەوەو پابەندنییە بەوەی کە کێ سەرۆکەو چ حیزبێکی سیاسی لە دەسەڵاتدایەو کێ سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا.

ئەوەی من لێرەدا لەم باسەداو لەم کاتو ساتە مێژووییەدا لە خەباتی ڕەوای میللەتەکەماندا مەبەستمەو دەمەوێت تیشکی بخەمەسەر، هاتنەکایەی لیستی جیاجیاو پرۆسەی دەنگدانو هەڵبژاردنە لە هەرێمی کوردستاندا.

لەم ماوەیەدا هەندێک دەنگ لێرەو لەوێ دەبیسرێت کە گوایە هەڵبژاردن مەترسیی هەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان، بێگومان لەبەر نەبوونی دەزگایەکی فەرمیو کاراو ئازادو باوەڕپێکراو، ئەمە پاساوێکی زۆر سادەو بێبنەماو باوەڕ پێنەکراوە.

لێرەدا هەر بۆ بەبیرهێنانەوە، دەبێت بپرسین: ئایا ئەمڕۆ لە کوردستاندا لەکاتێکدا کە هێشتا پرۆسەی هەڵبژاردن هەر لەئارادا نەبووەو باسیشی لێنەکراوە، کەس دەتوانێت بە ڕاستگۆییو بە ڕاشکاوی بڵێت پاش (١٨) ساڵ لە خۆحوکمڕانی، هەموو شتێکمان زۆر زۆر باشەو پەیوەندییەکان لەنێوان دەسەڵاتو کۆمەڵگاو جەماوەردا درزی گەورەو پانو بەرینیان تێدانییە، یان یاساو دادگاو کاروباری بەڕێوەبردنی حوکمەت بەتەواوەتی سەروەرە، یاخود بڵێین لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانماندا، سەرکەوتوو بووینو هیچ کۆسپو ئەستەمو تەگەرەو نائومێدییەکمان نییە لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا بۆ داخوازییە ڕەواکانی کورد بە گشتی، هەروەها مەسەلەی سنووری کوردستانو ناوچە ئازادکراوەکانی دیکەی کوردستانو خاڵی یاسایی (١٤٠)، مەسەلەی بودجە، یاسای نەوتو سامانە سروشتییەکان، مەسەلەی پێشمەرگە.... هتد.

ئایا مەترسیی هەڵبژاردن هەر هەبووە، یاخود هەر لە پرۆگرامیشدا بووە؟ کەوا بۆ ماوەیەکی زۆریشەو بەدرێژایی چەند ساڵیشە ڕژێمەکانی ئێرانو تورکیا، بە بەردەوامیو بە بێوچان بۆمبارانی لادێکانو سنوورەکانی هەرێمەکەمان دەکەن؟ هاوڵاتییانمان ماڵوێرانو ئاوارە دەکەن لە ماڵی خۆیاندا، ئەمە لەکاتێکیشدا نییە کە دەسەڵاتی کوردیو سەکردایەتییەکی هەر دڵنەوایشیان دەکەنو تەنانەت یەک وتەی ناڕەزایشیان دەرنەبڕیوە بەرامبەریان، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە، بە بەردەوامیش یارمەتیدەریان بوون بۆ بەخشینی گرێبەستە بازرگانییەکانو هێنانی کۆمپانیاکانیان بۆ هەرێمی کوردستان.

لەبەرئەوە پێویستە بە وردی تیشک بخەینە سەر بارودۆخەکەی ئێستای کوردستانو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، بە گەڕانەوەو بە بەراوردکردنی ئەزموونی کوردستان لەگەڵ ئەزموونو تەجروبەی زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان، لە ڕوانگەی پەیڕەوو پرۆگرامی دەزگاکانی ئاسایشی نەتەوەییانەوە، بەدڵنیاییەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانین کە سوودو پەخشو پەیامی باشیان لێوەرگرین بۆ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییمان.

من بەشبەحاڵی خۆم هەوڵێکی زۆرم دا بۆ بەدواداچوونو پیاچوونەوەو شیکردنەوەی پەیڕەوو پرۆگرامو پلاتفۆرمی هەندێک لە دەزگاکانی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی هاوچەرخو پێشکەوتووی جیهان، تەنانەت لە یەک بڕگەدا یاخود ڕستەدا بەدیم نەکرد، کە گوایە هەڵبژاردن مەترسیداربێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بەتایبەتیش لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو پێوەری باری ناڕەزاییو گلەییو گازندەی جەماوەری بەرین زۆر بە ڕوونو ئاشکرایی دیاربێت.

دەزگایەکی وەک (KNS) زۆر بە ئاسانیو بە سەربەخۆیی دەتوانێت (Signal) نیشانە لەناو کۆمەڵگاو جەماوەرەوە وەرگرێتو هەستی پێبکاتو پێوەری بکات، لە هەمانکاتیشدا شیبکاتەوەو بڕیارو ڕاسپاردەی لەسەر ئەنجام بدات.

لەبەرئەوە زۆر بە ئاسانیو بەپێی ئەو نیشانانە (Signals)و پێوەرو دەنگانە کە لەناو کۆمەڵگاو جەماوەری کوردستانەوە دێت، دەزانین کە ئاستی ناڕەزایی جەماوەری بەرفراوانی کوردستان، لەناو خەڵکو تەنانەت لەناو ئەندامو لایەنگرانی حیزبەکانداو دۆستەکانیشماندا بەرامبەر بە گەندەڵیو نایەکسانیو ناڕەواییو.. هتد، گەیشتووەتە ئاستێکو پێوەرێک کە ئاسان نییە لەوەزیاتر فەرامۆشتر بکرێت، لە هەمانکاتدا بە هاتنەکایەی ئەو ژمارە فراوانو زۆرە لە قەوارەی سیاسیی جیاجیا بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە، هەروەها لەبەر سازنەدانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا لەماوەیەکی کاتیی زۆردا، ئەمانە هەمووی کەڵەکەبوونو بوونەتە بارێکی سیاسیی قورس بۆ هەرێمەکەمان، کە مەترسییەکی زۆری هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان.

یەکێک لە هەرە فاکتەرو هۆکارە سەرەکییەکانی بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، بریتییە لە بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆییو یەکگرتنو ڕاگرتنی یەک ڕیزیی میللەت، بە نەهێشتنی درزو کەلێن لەنێوان جەماوەرو دەسەڵاتی سیاسیدا، بەواتای سەقامگیرکردنی باری ئاسایی شەقامی کوردیو نەهێشتنی ڕەخنەو گازندەو ناڕەزایی هاوڵاتییان لەسەر کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا، مسۆگەرکردنی ئازادیی تاکو بیروباوەڕی جیاو نەهێشتنی توندوتیژییو کۆیلەیەتی.

بۆئەوەی هەڵبژاردنەکان بەرەو ئاراستەیەکی باشو سەرکەوتوو بڕواتو ئەنجامەکانی سوودبەخش بێت بۆ باری ئاسایشی نەتەوەییمان، زۆر زۆر گرنگە کە دەسەڵات لەسەر ئەم بڕگانەی خوارەوە کاربکات:

١- هەموو لایەک بە جەماوەریشەوە پابەندبن بە ڕەوشتو هەستی نەتەوایەتیی بەرز، بۆ ڕاگرتنی باری ئارامیو ڕێزگرتن لە هەموو قەوارە سیاسییەکانو کاندیدەکانیان، دوورکەوتنەوە لە توندوتیژییو سوکایەتیکردن بەیەکتریو قسەو بوختانی بێبنەما، دەبێت هەموو ئەوە چاک بزانن کە هەڵبژاردن شەڕو شۆڕی چەکداریی نییە هەتا بەرامبەرەکەت بکوژیو بیسڕیتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی دیموکراسیانەی ئاشتیخوازە، کە دەبێت ئامانجو هەنگاوی دوای هەڵبژاردن، هەوڵدانی کارکردنو بەردەوامیی ژیانو سەرکەوتنی دیکە بێت بەیەکەوە.

٢- دەبێت بۆ هەموو لایەک بە دەسەڵاتیشەوە ڕوونو ئاشکرابێت، چاک بزانن کە ئەو دەنگو ڕەخنەو گازندەو ناڕەزاییانەی کە بەشێوازێکی دیموکراسیانەو ئاشتیانە لەناو کۆمەڵگاو گروپە سیاسییەکانەوە دێت، دەنگو پەیامی نیشتمانییەو مەبەستو ئامانجەکەی ئاشتیانەیەو بۆ یارمەتیدانو متمانەو باشکردنی بەڕێوەچوونی باری خۆحوکمڕانییە لە کوردستاندا، هەروەها بە ئامانجی ڕاگرتنو پاراستنی یەکڕیزییو باری ئاسایشە لە کوردستاندا.

٣- مسۆگەرکردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی شارستانیو فەرمی، قبوڵکردنی بیروبۆچوونی جیاو ئازاد، دوور لە نەریتی هەڕەشەو گوڕەشەو تۆقاندنو ترساندنو سزادانو دەرکردنو نانبڕینو تەزویرکردنو زەوتکردنی ماف، کە شێوازێکی زۆر نایاساییو ناشارستانییە، فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ لاوازکردنی ئاسایشی نەتەوەییمان.

**قبوڵکردنی بیروبۆچوونی جیاو ئازاد، دوور لەنەریتی هەڕەشەو گوڕەشەو تۆقاندنو ترساندنو سزادانو دەرکردنو نانبڕینو تەزویرکردنو زەوتکردنی ماف، کە شێوازێکی زۆر نایاساییو ناشارستانییە، فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ لاوازکردنی ئاسایشی نەتەوەییمان**

٤- مسۆگەرکردنی باری یاساییو بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان، بۆ بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆرو فراوان لە هاوڵاتییان لە هەڵبژاردندا، بۆ بەنرخ بەرز ڕاگرتنی ئەنجامی دەنگدانەکە.

٥- کارئاسانکردن بۆ بەشداریکردنی هەموو مرۆڤێکی باڵغ، بەتایبەتی هاوڵاتییانی دەرەوەو ڕەوەندی کوردی لەدەرەوەی وڵات، لەبەرئەوەی کە ژمارەیەکی زۆرنو کاردانەوەیەکی باشیشی دەبێت بۆ پرۆسەکە لە میدیای جیهانیو ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین.

٦- دوورخستنەوەی دەزگای ئاسایشو چەکدارو هێزی حیزبیی لە پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگداندا بۆ ڕاگرتنی باری سەربەخۆییو ئارامیی.

٧- پەسەندکردنی یاخود قبوڵکردنی ئاکامو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەگەر هاتو تەنانەت ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتیشی لێکەوتەوە.

٨- کارکردن بۆ ڕێگاگرتنو قەدەغەکردنی شەڕو پێکادان، یاخود شەڕی خۆکوژیی کوردی، دانانی ئەو کارە بە خەتی سوورو پان، کە هەرگیزاو هەرگیز لە هیچ لایەنێکەوە نەتوانرێت ببەزێنرێتو پێشێل بکرێت.

لەبەرئەوە داواکارمو دەڵێم دەبا ئەم هەڵبژاردنە هاندانو هەنگاوێکو سەرەتایەکی نەتەوەیی بێت، بۆ مسۆگەرکردنی هەبوونی پلانێکی ڕوونو ئاشکراو شەفاف، بۆ داهاتو سامانە نەتەوەییەکانمانو حەرامکردنی بەفیڕۆدانی ئەو داهاتو سامانە سروشتییە، یاخود بەکارنەهێنانی بۆ بەرژەوەندیی تەسکی تاکەکەسو تاقمو گروپو حیزب، دەبێت هەموو ئەوە چاک بزانن کە بەرپرسیارێتییەکی مێژووییو نەتەوەییو ئەخلاقیمان لەسەرە بۆئەوەی ئەو سەروەتو سامانە نەتەوەییەمان بەفیڕۆنەدەین، ئەوەش چاک بزانن کە ئەوە مافێکی ڕەوای نەوەی ئێستاو ئایندەی گەلەکەمانە، کە دەبێت وەک بیلبیلەی چاومان بیپارێزین، سووربین لەسەر بەفیڕۆنەدانیو بەکارنەهێنانی، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای خاوەنەکەی کە هەموو هاوڵاتییانو گەلی کوردستانن.

هەروەها کارکردن بۆ بەرزکردنەوەو بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتییو ئاستی باوەڕو بڕوای مرۆڤی کورد بە خۆیو بە داهاتوو، دوورخستنەوەی لە فەرهەنگی بەزەییو کڕوزانەوە (The culture of Plea)، ئەوەش بەوە ئەنجام دەدرێت کە هەستی نەتەوایەتیی بەرزو پیرۆز ڕابگیرێت، بەوەی کە نەتەوە پیرۆزترو گەورەترو بەڕێزتربێت لە تاکەکەسو خانەوادەو خێڵو حیزب.

هەروەها کارکردن بۆ ئازادیی بڕیاردان لەسەر هەڵسوڕاندنو سازدانی هەڵبژاردنو بەڕێوەچوونی لە کوردستاندا، نەبەستنەوەی ئەو هەنگاوو بڕیارە بە هەستو خواستی سەرانی بەغداوە، بە پاساوی نەبوونی بودجەو پارە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەستەمو کاریگەرییە بۆ سەر ئازادیو ئاسیشی نەتەوەیی هەرێمەکەمان.

کارکردن بە پرەنسیپی لیبرالیزم، کە بە مانای ئازادکردنی تاکەکانەی ناو کۆمەڵگایە لە سێ بواری سەرەکیدا (ڕامیاریی، ئابووریو ڕۆشنبیری)، چونکە هەر تاکێک ئەگەر لە هەریەکێک لەم سێ بوارانەدا ئازادییەکانی زەوت بکرێت، کەواتە لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا ناژی، هەموو کۆمەڵگایەکی نائازادیش، کۆمەڵگایەکە کە زۆر دوورە لە ڕووناکی دیموکراسییەوە. هەر دەسەڵاتو هێزێکیش داخوازی دیموکراسی بێت، مەرجە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لە پۆستە سیاسییەکاندا بە سەربەستیانە بەشداریی بکەن، بەواتای مرۆڤی بەتواناو شیاو بۆ جێگای شیاو.

هەروەها دەبا ئەم هەڵبژاردنە دەرفەتێکو تاقیکردنەوەیەک بێت بۆ دەسەڵاتی کوردی کە بۆ هەموو جیهانو میللەتەکەمان بسەلمێنێت کە کاردەکات بۆ پیادەکردنی نموونەیەکی شارستانی، بۆ دارشتنی کلتوورو نەریتی قبوڵکردنی بەرامبەرو بیروبۆچوونی جیاواز، یاخود فێربوونی ڕۆحی لێبووردەییو دڵفراوانیو پەسەندکردنو پیرۆزبایکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەیەکتر. دەبێت بپرسین بڵێین ئایا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی چەمکی دەسەڵات بە شێوازێکی شارستانیو دیموکراسیو دەنگدانی جەماوەریی، بێ توندوتیژییو کاری نایاسایی، هۆکارێکی ڕاستەقینەو پشتگیرییەکی پۆڵایی نەبێت بۆ ئاسایی نەتەوەییو نیشتمانیمان؟

لەبەرئەوە ئومێدەوارین کە دەسەڵاتی ئێستای کوردستان زۆر هوشیارانە، بە لۆژیکی هزر (عەقڵ)و هەستی نەتەوایەتیی بەرزەوە، مامەڵەو گوزارشت بکات لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو ئاکامو ئەنجامەکانی. ئەوانەی ئەمڕۆ لە دەسەڵاتی حیزبیو حکومیدان، دەبێت چاک بزانن ئەگەر هاتو پشتگیریی جەماوەرییان نەبێت بۆ بەردەوامبوون لە دەسەڵاتو حوکمدا، دەبێت بەرەو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ڕەهایی (موتلەق) بڕۆن بۆ بەردەوامبوونیان لە دەسەڵاتو حوکمڕانیدا، کە ئەمەش لەئاکامدا هەموو شتێک لەدەست دەدات، چونکە بە پیاداچوونەوەو بەراوردکردنی مێژوویی سیستمە دیکتاتۆرییەکان لە جیهاندا، دەبینن کە چۆن کۆمەڵانی خەڵکو جەماوەر بەرەو شەپۆلی ناڕەزاییو نائومێدییو ڕاپەڕین دەبات، کار لە کار دەترازێتو بارەکە لەژێر کۆنترۆڵ دەردەچێت، لە ئەنجامیشدا ڕێگاخۆشکەر دەبێت بۆ دەستێوەردانی دوژمنانی کوردستان، تەنانەت لەوانەیە تەڕو وشکو چاکو خراپ پێکەوە بسووتێنێت، ئەزموونی نەتەوەیشمان بخاتە بەر تراژیدیایەکی ترسناکی نایاساییو نائاسایی، کە هەموو کۆسپەکانی پێشووشمان دووبارەبێتەوە.

لە کۆتاییدا دووبارە ئومێدەوارین کە دەسەڵاتی کوردی ئەمڕۆ، بتوانێت ئەم ئەرکە مێژووییە لەم قۆناغە هەستیارو چارەنووسسازەدا بە بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەییو نیشتمانییەوە، بەشێوەیەکی شارستانیو یاسایی بەڕێوەبەرێت، بۆ تۆمارکردنی ڕۆژێکی ئاسودەو مێژوویەکی پرشنگدار بۆ خەباتو ژیانو بەردەوامیی نەتەوەکەمان.

خۆ ئەگینا خوانەخواستە هیچ کەسو حیزبێک لە کوردستاندا دروشمی!

(یان دەسەڵاتی خۆم یان نەمانی کوردستان)ی هەڵنەگرتووە.







## ڕادیۆی دەنگی گۆڕان

**ئاگاداری بیسەرانی بەڕێز دەکاتەوە کە**

**دەتوانن لەم ناوچانەی خوارەوە گوێبیستی**

**بەرنامەکانمان بن بە فریکوێنسی**

FM 94.4

دەڤەری گەرمیان، شارەزور، حەوزی بتوێن،

شەقڵاوە، هیران، نازەنین، تەقتەق و کۆیە

Dangi Gorran

**لە سەرتاسەری جیهانیشدا لەسەر فریکوێنسییەکانی** KNN

**دەتوانن گوێبیستی بەرنامەکان بن**

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# کۆمەڵایەتی

رۆژنامە

٨ لاپەڕە

ژمـارە (486) سێشەممە 2009/6/9 komalayati.rozhnama@gmail.com


### ٥٨ رۆژنامەنووس لە ٥ مانگی رابردوودا پێشێلکارییان بەرامبەرکراوە

**رۆژنامە**

بەپێی ئامارێکی بانکی زانیاریی مافی مرۆڤ، لەماوەی پێنج مانگی سەرەتای ٢٠٠٩ لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆکو کەرکوک (٥٨) رۆژنامەنووس پێشێلکارییان بەرامبەرکراوە، کە زۆرترینیان لە پارێزگای سلێمانیدایە.

ئەلەند مەحوی، بەڕێوەبەری بانکی زانیاریی مافی مرۆڤ بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو پێشێلکارییانەی رووبەڕووی رۆژنامەنووسان دەبنەوە لە دوو مانگی رابردوودا رووی لەهەڵکشان کردووە، لە کاتێکدا رۆژنامەنووسان هیچ پەنایەکیش شک نابەن تا سکاڵای لەلا تۆماربکەن، بۆیە زۆربەیان لێی بێدەنگ دەبن».

ئامارەکەی بانکی زانیاریی مافی مرۆڤ دەریخستووە کە تا ئێستاش رۆژنامەنوسان زیندانیدەکرێنو لێیان دەدرێتو سووکایەتیان پێدەکرێت، ئەوە جگە لەوەی هەڕەشەلێکردن لە رۆژنامەنووسان لە ڕێگەی مۆبایلی ژمارەی نەناسراوەوە بۆتە حاڵەتێکو بەردەوام دووبارەدەبێتەوە.



# مەترسییەکانی شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان

ل٤-٥



## هەڵبژاردن ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان دەستەبەر دەکات؟

ل٧

### وەزیری شەهیدان: هەفتەی ئایندە پارەی سندوقی هاوکاریی بۆ بریندارانی کیمیاباران خەرجدەکرێت.

ل٢

### ٢٠ بەرکەوتووی چەکی کیمیایی ژیانیان لە مەترسیدایە

ل٣

### کێ بەرپرسی یەکەمە لە پاراستنی ژنان لە توندوتیژیی؟

ل٦

## ٢٠ بەرکەوتووی دیکە ژیانیان لە مەترسیدایە

# لەماوەی ١٠ رۆژدا (٢) بەرکەوتووی چەکی کیمیایی گیانیان لەدەستدا

شارا عەبدولڕەحمان

لەماوەی (١٠) رۆژی رابردوودا دوو بەرکەوتووی چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە گیانیان لەدەستدا، کە یەکێکیان تا رۆژی مردنی هیچ چارەسەرێکی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش نەکرابوو، هاوکات لەئێستاشدا زیاتر لە (٢٠) بریندراری دیکە لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی زۆریان بە چارەسەر هەیە.

قاسم حاسم قوربانی، کە یەکێک بوو لەو بریندارانەی کە لە شاری هەڵەبجە بەر چەکی کیمیایی رژێمی بەعس کەوتبوو، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بۆ چارەسەرکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، لە چەند رۆژی رابردوودا گیانی لەدەستدا، هەروەها نەسرین عەبدولقادر میرزا، کە یەکێکی دیکە بوو لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی، دوای ئەوەی چەند جارێک لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە بۆ چارەسەر نێردرایە ئێران‌و دوو نەشتەرگەریشی بۆ ئەنجامدرا، بەڵام بەهەمانشێوە لە هەفتەی رابردوودا گیانی لەدەستدا.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەماوەی (١٠) رۆژی رابردوودا ئەو دوو بەرکەوتووەی چەکی کیمیایی گیانیان لەدەستدا، کە بەداخەوە یەکێک لەو بریندارانە هیچ چارەسەرێکی نە لەناوەوە نە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان پێشکەش نەکرابوو.

لەماوەی رابردووداو لەسەر رێککەوتنی حکومەتی هەرێم‌و کۆماری ئیسلامیی ئێران، لیژنەیەک لە پزیشکانی ئێران هاتنە کوردستان‌و پشکنینیان بۆ نزیکەی (٧٢٠) برینداری چەکی کیمیایی کردووە، لە سێ گروپدا دابەشیانکردوون: (ئەوانەی کە ژیانیان لە مەترسیدایەو پێویستیان بە چارەسەری بەپەلە هەیە، ئەوانەی برینداری چەکی کیمیایین، بەڵام برینەکانیان زۆر مەترسیدار نین، ئەو کەسانەی کە برینەکانیان سوکە).

بەپێی راپۆرتی پزیشکی ئەو لیژنەیە لەکۆی (٧٢٠) بریندارەکە تەنیا (٦٩) بریندariyan نێردراونەتە دەرەوە بۆ چارەسەر، تائێستا (٢٥) لەو بریندارانەش بەتەواوەتی چارەسەری بنەڕەتییان بۆکراوەو مەترسی لەسەر ژیانیان نەماوە، هەروەها دەرکەوتووە کە (٢٠) برینداری چەکی کیمیایی لە هەرێمی کوردستاندا ژیانیان لە مەترسییەکی گەورەدایەو زۆر پێویستیان بە چارەسەری بەپەلە هەیە.

وەزارەتی کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان لەساڵی رابردوودا سندوقێکی هاوکاریی دانا بۆ کۆکردنەوەی هاوکاریی کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان‌و کیمیاباران، تائێستا نزیکەی (نیو ملیار) دیناری تێدا کۆکراوەتەوە، هەرچەندە بڕیاربوو پارەی ئەو سندوقە بخرێتە بواری وەبەرهێنانەوەو لە قازانجی پارەکە خزمەتی قوربانیانی پێبکرێت، بەڵام تائێستا هیچ بڕێک لەو پارەیە نەخراوەتەگەڕو هیچ قوربانییەکیش سوودمەند نەبووە لە پارەی ئەو سندوقە.

لەوبارەیەشەوە سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیان بە پێویستیزانی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچی زووە بەهانای ئەو (٢٠) کەسەوە بێت‌و لە مردن رزگاریان بکات، وتیشی: «بۆ ئەو مەبەستە بە نووسراوی فەرمی ناوەکانیان دەنێرینە وەزارەتی تەندروستی‌و سەرۆکایەتیی هەرێم، بەوهیوایەی چارەسەری پێویستیان بۆ بکرێت جا لەناوەوەی وڵات بێت یان لەدەرەوە».



## پرس و باس

# بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە وڵاتەکەمان



هادی ئەمین

لەمسەردەمەداکۆمپانیاکانیکەرتیتایبەتتەنیا پشت نابەستن بە بوونی قازانجی زۆرو ناوبانگی گەورە، بەڵکو پشتیش دەبەستن بە بەجێهێنانی بەرپرسیارێتیان بەرامبەر بەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، ئەویش لەپێناو گەشەپێدانی بوارەکانی ژیان، چونکە ئێش‌و ئازاری کۆمەڵگاکەیان بە ئێش‌و ئازاری خۆیان دەزانن.

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی‌و مرۆیی ئەم سەردەمەیەو کارێکی خۆبەخشانەیەو دوورە لە کایەی وەبەرهێنان‌و قازانجکردنەوە، بریتییە لە پابەندبوونێکی ئارەزوومەندانەی خاوەنکارو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لەپێناو باشکردن‌و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، ئەویش بە ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی لە بوارە جیاجیاکاندا، وەک یارمەتیدانی گرۆ کۆمەڵایەتییە هەژارو پەراوێزکەوتووەکان، چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، کردنەوەی بنکەی تەندروستی، یارمەتیدانی خوێندن‌و خوێندکار، بنیاتنانی پرۆژەی ژینگەپارێزیی...

ئەوانەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیان لەسەرە، بریتین لە دەوڵەمەندو خاوەنکارو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، بۆ نموونە دەتوانین بپرسین کۆمپانیای ئاسیاسێڵ‌و کۆرەک تیلیکۆم چی دەکەن بۆ بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیان؟ لەکاتێکدا ئەوان لەم کۆمەڵگایەدا کاردەکەن، هەواو زەوی‌و مرۆڤی ئەم ژینگەیە بەکاردەهێنن، هاوکات خاوەن بەشدارێکی زۆرو داهاتێکی گەورەن.

بەپێی زانیارییە بڵاوکراوەکان، هەندێک کۆمپانیا لەوبوارەدا جێدەستیان دیارە، بۆ نموونە کۆمپانیای دانەگاز لەگەڵ رێباز فاوندەیشن هەستاون بە پەرەپێدانی مرۆیی‌و لەخۆگرتنی ئەرکی تێچوونی خوێندن بۆ چەند خوێندکارێک لە زانکۆی ئەمریکی، هەروەها ئەحمەد ئیسماعیلی سەرمایەداری ناسراوی شاری هەولێر هەستاوە بە ناردنی چەندین خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات لەسەر ئەرکی خۆی.

کێشەی کۆمەڵگاکەی ئێمە لەوبوارەدا ئەوەیە کە نموونەمان زۆر کەمە بۆ ئەوانەی کە پابەندن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییەوە، خۆزگە خاوەنکارو کۆمپانیاکانی ئێمەش دەگەیشتنە ئەو رۆحە بەرزەی کە بیل گیتسی گەورە سەرمایەداری ئەمریکی‌و سەرۆکی پێشووی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت هەیەتی، کە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا باس لەوەدەکات کە ئەو سەروەتەی هەیەتی هی کۆمەڵگایەو هەر بۆ کۆمەڵگاش دەیگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەش چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریی پێگەیاندووە، یارمەتیی چەندین بنکەی توێژینەوەی زانستیی دەدات.

بۆئەوەی چەمکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ببێتە کلتوور لە کۆمەڵگاکەماندا، ئەم پێشنیازانە دەخەمەڕوو:

پێشنیازدەکەم پەرلەمان لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاو خاوەنکارەکان رێکبخات، ئەویش بەوەی دیارییبکات لە سەدا چەندی قازانج لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خەرجبکەن، هەروەها لایەنەکانیش روونبکەنەوە کە دەشێت پرۆژەی تێدا بکرێت.

هەروەها پێشنیازێکی دیکەشم بۆ هەردوو وەزارەتی کۆمەڵایەتی‌و پلاندانانە، کە بەشێکی تایبەت دابنێن بۆ بەڕێوەبەردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاو خاوەنکارەکان، لەو رێگایەوە کاربکەن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی‌و هاوکات بیرۆکەی پرۆژە پێشنیازبکەن بۆ خاوەنکارو کۆمپانیاکان.

پێشنیازیشم بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ئەوەیە، کە هەرکارێک لەبواری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا دەکەن، بەهۆی میدیاکانەوە رایبگەیەنن، ئەویش بۆئەوەی کێبڕکێ لەو بوارەدا دروستبێت‌و خاوەنکارەکانی دیکەش هانبدرێن بۆ کاری خزمەتگوزاریی.

داواکارم لە کۆمپانیاکان کێبڕکێ بکەن لەپێناو پابەندبوونیان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، خۆبەخشانە کاربکەن بۆ ئەنجامدانی زۆرترین پرۆژەی خزمەتگوزارو گەشەپێدان بێئەوەی کە یاسایەک پاڵیان پێوەبنێت، چونکە ئەو کارە خزمەتگوزارانە ئاماژەی ئاوێتەبوونی کۆمپانیاکانە لەگەڵ کۆمەڵگادا، کە دووجاریش لە بەرژەوەندیی خۆیان تەواودەبێت، چونکە لای خەڵک خۆشەویست دەبن‌و زیاتر پێشوازیی لە بەرهەمەکانیشیان دەکرێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ بە سروشت ئەو کەس‌و لایەنانەی خۆشدەوێت کە تێدەکۆشن بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

Hadi.ameen@yahoo.com

## وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان

# پێشبینی ئەوەمان دەکرد سەرمایەداران پارەیەکی زۆرتر ببەخشن بە (سندوقی هاوکاریی)

بەرهەم عومەر

**ژمـارەی گیانلەدەستدانی بریندارانی چەکی کیمیایی لـەزیـادبـووندایـەو باری تەندروستییان روو لەخراپییە. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ رۆژنامە د.چنار سەعد، وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان دەڵێت لە هەفتەی ئایندەوە پارەی سندوقی هاوکاریی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوان، بۆ بریندارەکانی چەکی کیمیایی خەرجدەکرێت.**



**رۆژنامە: ساڵێک تێپەڕیوە بەسـەر دانـانـی سندوقی هاوکاریی کەسوکاری شەهیدانو ئـەنـفـالـکـراوانـدا، چەندین قوربانیی گیانیان لەدەستداوە کە پێویستیان بەبڕێک لەو پارەیە هەبووە، بۆچی بۆیان سەرف نەکراوە؟**

* سندوقـەکـە مەبلەغێکی دیـاریـکـراوی تـێـیـدایـە، لـەو بڕوایەدابووین پارەیەکی زۆرتر بدرێتو لەلایەن سەرمایەدارانەوە حەماسێکی زۆرتـر هەبێت بۆ بەخشینی پارە بەو سندوقە، بەڵام بـەداخـەوە بەوشێوەیە نەبوو، ئەگەرچی بـەودوایـیـە لەلایەن هەندێک کەسی دیکەوە پارەی دیکەش بەخشرا.

ئێستا پـارەی ناو سندوقەکە نیو ملیار دینارە، بەپێی یاسای سندوقەکە، کۆمەڵێک رێساو رێوشوێن دەستنیشانکراوە بۆ خەرجکردنی پارەکە، بۆ ئەوانەی کە پێداویستی لەپێشو خێرایان هەیە وەکو نەخۆشیی کە پارەیان بۆ خـەرج بکرێت، بۆ هاوکاریی خوێندنی کەسوکاری قوربانیانو ژنهێنانی گەنجەکانو بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت کاربکەن، قەرزی بچووکیان پێبدرێت، بۆئەوەی پـرۆژەی بچووکی پێدابنرێتو کاری سەرمایەداریی پێبکرێتو قازانـجـەکـەی بـۆ کەسوکاری شەهیدان خەرج بکرێتو بهێنرێتەوە ناو سندوقەکە، پارەکە دیاریکراوەو ئـامـانـجـەکـانـیـش فـراوانـنو داواکارییەکانیش زۆرن.

بـەڵام لە هەفتەی رابـردوودا لەدوایین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای سندوقدا، بڕیارماندا (٢٠٠) ملیۆن دینار خەرج بکرێت بۆ ئەو کەسانەی خـاوەن پێداویستی تایبەتن، لـەوانـەش نەخۆشییو بـریـنـدارانـی چـەکـی کیمیایی، بەڵام ئەو (٣٠٠) ملیۆن دینارەی دەمێنێتەوە بۆ پرۆژەی وەبەرهێن خەرج دەکرێتو دەخرێتە کارەوە، بـۆئـەوەی قـازانـجـی پـارەکـە بگەڕێتەوە بۆ ناو سندوقەکە.

ئەو (٢٠٠) ملیۆن دینارە بەپێی رێـژەیـەک دابەشکراوە بەسەر کـەسـوکـاری قوربانیانی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا، لـە چەند رۆژی رابـردووشـدا ستافێک لـە پسپۆڕی ئێرانی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە بۆ پشکنینی نەخۆشەکانی کیمیابارانیو هەڵەبجە، نزیکەی (٢٠) برینداریان دەستنیشانکردووە بـۆئـەوەی بە پەلە لـەدەرەوەی هەرێم چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەرچی هەندێک لەو قوربانیانە رۆژانە نەخۆشییەکانیان لە مەترسی نزیکدەبێتەوەو گیان لەدەستدەدەن.

ئێمە بڕیارمانداوە لە هەفتەی ئایندەدا کۆبوونەوەیەک بکەینو وەکـو گروپی یەکەم ئـەو (٢٠) کەسە پارەیان بۆ خەرج بکرێت، بۆ چـارەسـەرکـردن کـاریـان بۆ بکەین لە ئێران، داوامانکردووە لە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران لیستی ناوی ئەو کەسانەمان بۆ بنێرن، بەتایبەتی ئـەوانـەی کە دیاریکراون لەلایەن ئەو لیژنەیەوە راپـۆرتـیـان بـۆ ئـامـادەکـراوەو تەندروستییان لە مەترسیدایە، بڕیارە لەم رۆژانەدا ناوەکانمان بۆ رەوانە بکەنو ئێمەش کارەکانیان بۆ تەواوبکەینو پەیوەندی بکەین بە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی لە ئێران بۆئەوەی بە زووترین کات بۆ چارەسەر بیاننێرین.

**رۆژنامە: کەسوکاری شەهیدانو قوربانیان گلەیی ئـەوە لە وەزارەتەکەتان دەکەن کە بەهۆی ئەو سندوقەوە «سواڵ»یان پێوە دەکرێتو تائێستاش هیچ کەسێک سوودمەند نەبووە لەو سندوقە، وەڵامی ئێوە چییە؟**

* پـێـمـوایـە کـە نـەبـوونـی زانـیـاریـیو هۆشیاریی لەسەر فـکـرەی سندوقەکە، ئـەوجـۆرە گلییەی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە داوایـان لێدەکەم بۆ زانینی بڕی ئەو پارەیە، ئەو کەسەی گومانی هەیە سەردانمان بکات بۆئەوەی بە چاوی خۆی ژمارەی حسابەکە ببینێتو سەردانی بانقەکە بکەن، بۆئەوەی بزانن چۆن بە راپۆرتێک وردەکاریی سەرفکردنی ئەو پارەیە لە بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی رێکخراوە.

**رۆژنامە: بۆچی خەرجکردنی ئـەو پـارەیـە بـۆ قوربانیان دواکەوتووە؟**

* لـەبـەرئـەوەی چاوەڕوانـی پـارەیـەکـی زۆرتـــر بـوویـن لە سەرمایەدارەکان کە بیبەخشنە ئەو سندوقی هاوکارییە، واتا ئێمە دەمانویست لە بڕێکی زۆرتـری پـارە پـرۆژە دروستبکەین نەک لـە پـارەیـەکـی کـەم، هەربۆیە خستنەگەڕی پارەکە دواکـەوت، بـەوهـۆیـەشـەوە سەرفکردنی دواکەوت، تائێستا هیچی نەچووەتە بواری وەبەرهێنانەوە، هەروەها لەبەرئەوەی پرۆژەی وەبەرهێنان کارێکی ئاسان نییەو لە هەرسێ شـارەکـەی کـوردسـتـان زەوی وەبەرهێنانمان وەرگـرتـووە، لەماوەی رابردووشدا سەرقاڵی کارە رۆتینییەکانی ئەو زەوییانە بووین، واتە دەتوانین بڵێین هەمووی چەند مانگێکە کە سندوقەکە رێوشوێنی تایبەتی خـۆی وەرگـرتـووەو دەتوانرێت کاری لەسەر بکرێت.

**رۆژنامە: باس لەوەدەکرێت کە لیژنەکە درەنـگ درەنـگ کـۆدەبـنـەوە، بەتایبەتی نوێنەرانی ژوورەکانی بازرگانیی شارەکانی هەرێم خەمساردن، ئایا ئـەوە هۆکارێکی دیکە نەبووە بۆ دواکەوتنی کاروباری سندوقەکە؟**

* ئێمە کۆبوونەوەکانمان بەپێی پێویست دەبێت، ئێمە لە (١٠) رۆژی رابـردوودا دووجار کۆبوویننەتەوە، بەڵام پێشتر درەنگ درەنگ کۆدەبووینەوە، تا لیژنەکان کارەکانی خۆیان تەواونەکردایە دانەدەنیشتین، لە هەولێر (٤) پارچە زەویمان وەرگرتووە بۆ دروستکردنی یاریگا، ئـەوەش کارێکی زۆری ویستووەو بەهۆی رۆتینەوە لیژنەکە درەنگ توانیویەتی کارەکانی تەواوبکات، هەربۆیە هەر کاتێک بە پێویست زانرابێت کۆبوونەوەمان ئەنجامداوە.

**لـیـژنـەی بـاڵای سندوقی هاوکاریی لە (٦) ئەندام پێکهاتووە، (٣) لە ئەندامەکانی لە ژوورەکانی بازرگانی (سلێمانی، هەولێرو دهـۆک)ە، وەزیـری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان سەرۆکی لیژنەکەیە.**



یەکێک لە بریندارانی چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە

www.metewe.com

# ــــروگرفتی تەندروستی بۆ سەر ژیانی مێینە

## ئازاری مەمک

ژنان گیروگرفتی ئازاری مەمکیان هەیە، زۆربەیان دەکەونە گومانەوە کە ئەو ئازارە دەشێت بەهۆی شێرپەنجەوە بێت، بەڵام وەک پسپۆڕانی ئەم بوارە ئاماژەی پێدەکەن، کە هەموو ئازارێکی مەمک مەرج نییە نیشانەی شێرپەنجەی مەمک بێت.

د.دڵسۆز جەلال، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان کە لە بەریتانیا لەبواری هۆشیاریی تەندروستی مەمکدا کاریکردووە، ئاماژەی بەوەکرد ئازاری مەمک زۆر بڵاوە لەناو ژناندا، لەپێش کەوتنە سوڕی مانگانەدا دوو جۆر ئازاری مەمک هەیە، ئازارێکی مەمک کە پەیوەندی بە سوڕی مانگانەوە هەیەو مانگانە ئەم ئازارە دووبارە دەبێتەوە، کە ئازارێکی ئاساییەو پێیدەوترێت (ئازاری مانگانەی مەمک)، ئەم ئازارە نزیکەی پێش هەفتەیەک لە دەستپێکردنی سوڕی مانگانەکە دەستپێدەکاتو لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی دیکە دەگۆڕێت.

جۆری دووەمی ئازاری مەمک پێیدەوترێت (ئازارێک پەیوەندی نەبێت بە سوڕی مانگانەوە)، ئەم ئازارە لەخۆیدا چەند جۆرێکی جیاوازتر پێکدەهێنێت، وەک ئازاری بەردەوامی مەمک، ئازارێک لەدەوروبەری مەمک، ئازارێک لەناو مەمکدا وەک بەهۆی بوونی گرێیەکەوەو چەند جۆری دیکە.

## شێرپەنجەی مەمک پیاوانیش دەگرێتەوە

لەگەڵ ئەوەی شێرپەنجەی مەمک زیاتر لەنێوان رەگەزی مێینەدایە، بەڵام ئەم نەخۆشییە پیاوانیش دەگرێتەوە، ئێستا پیاوانیش لە شێرپەنجەی مەمک دەترسن لە دنیادا، بەڵام وەک پسپۆڕانی تەندروستی ئاماژەی پێدەکەن، ئەم نەخۆشییە لە پیاواندا کەمە، پیاوان کەمتر هەست بە بوونی کێشەکە دەکەن تا ئاستی نەخۆشییەکەیان زۆر گران نەبێت.

لە جیهاندا ئەم دیاردەیە بوونی هەیەو لەگەڵ زیادبوونی رێژەی شێرپەنجەی مەمک لەنێو رەگەزی مێینەدا، لەنێو پیاوانیشدا ئەمجۆرەی شێرپەنجە لە زیادبووندایە، بەشێوەیەکی گشتی رێژەی تووشبوونی پیاوان بە بەراورد بە ژنان، بە رێژەی ١٪ دێت، بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی هیوا لە شاری سلێمانیدا لە ساڵی ٢٠٠٧دا، (٤) پیاو تووشی شێرپەنجەی مەمک بوون، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٨دا، (٥) پیاو تووشبوون، ئەگەرچی لە پێنج مانگی رابردوودا تەنیا یەک پیاو تووشبووە.

## ئەو ئافرەتانەی ئەگەری تووشبوونیان هەیە

د.مژدە ئیسماعیل پێیوایە کە هەندێک ژن زۆرتر گومانی ئەوەیان لێدەکرێت تووشی شێرپەنجەی مەک بن، وەک (ئەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنێکی زۆر لاوێتیدا یەکەمجار دەکەونە سوڕی مانگانەوە، ئەو ئافرەتانەی کە لەدوای تەمەنی (٥٥)ساڵییەوە سوڕی مانگانەی هەر بمێنێت، ئەوانەی شیری خۆیان نادەن بە منداڵەکانیان، ئافرەتێک منداڵی نەبووبێت، ئافرەتێک کە لە ئەنجامی وەستانی سوڕی مانگانە بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥) ساڵ هۆرمۆنی مێینە بەکاربهێنێت، ئەو ئافرەتانەی بۆ زیاتر لە (٥) ساڵ حەبی بەرگریی لە دووگیانبوون بەکاربهێنن، ئەو ئافرەتانەی قەڵەون، چونکە هۆرمۆنی ئیسترۆجین لە مادەی کۆلیسترۆڵ دروستدەبێت، بەتایبەت کاتێک ئەو ئافرەتانە سوڕی مانگانەیان وەستابێت، ئەو ئافرەتانەی کە گرێی مەمکیان هەیەو سوڕی مانگانەیان بەردەوامە).

## ئەو ئافرەتانەی کەمتر ئەگەری تووشبوونیان هەیە

ئەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنێکی درەنگدا یەکەم جاری سوڕی مانگانەی بۆ هاتبێت، ئەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنێکی گەنجیدا سوڕی مانگانەی وەستابێت، ئەگەر بە سروشتی یان بەهۆی نەشتەرگەریی لابردنی هێلکەدانەوە بێت، ئەو ئافرەتەی کە لە تەمەنی گەنجی لە (١٨) ساڵ کەمتر، یەکەمین سکی کردبێت، ئەو ئافرەتەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر واتە زیاتر لە (٣٦) مانگ شیری بە منداڵ دابێت، زانایان بڕیاری کۆتاییان لەسەر ئەم خاڵە نەداوە، ئەو ئافرەتانەی کە حەبی تامۆکسیفێن (Tamoxifen) بەکاردەهێنرێت، بەڵام هێشتا دوودڵی لەسەر ئەم خاڵە هەیە.

## کردنەوەی سەنتەرێکی هۆشیاریی مەمک

هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان گەلێک لایەن دەگرێتەوە کە وا لە ئافرەتەکان دەکات فێری پشکنینی خودی خۆیان بنو گرنگیی بدەن بە مەمکیان، یەکێک لەو کێشانەی پسپۆڕانی ئەم بوارە ئاماژەی پێدەکەن، ئەوانەی تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن لە کوردستاندا، سەردانی دەزگا تەندروستییەکان ناکەن تا نەگەنە حاڵەتێکی دژوار، لە شاری سلێمانیدا بۆ ماوەی دوو ساڵە سەنتەرێک کراوەتەوە بەناوی سەنتەری هۆشیاریی مەمک، د.سەناریا عەلی، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە، ئاماژەی بەوەکرد کە هەر ئافرەتێک رۆژانە دەتوانێت سەردانیان بکات لە هەر تەمەنێکدا بێت، خزمەتگوزارییەکانیش بەخۆڕاییە، پسوڵەی نێراویان ناوێت، تائێستا لەچاو سەرژمێریی دانیشتووانی شاری سلێمانیدا، ژمارەیەکی کەم سەردانیان کردوون، کە تەنیا (٤٥٩٢) هاوڵاتی بوون.

د.سەناریا وتی: «ئەوەی سەردانی کردووین، لە کارەکانی ئێمە تێگەیشتووە، بۆ چەند جاری دیکە سەردانیان کردووینەتەوە»، ئەوەشی خستەڕوو کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا مانگی رابردوو، (٦٧٦) هاوڵاتی سەردانیان کردوون، (٢٣٤)یان ئازاری مەمکیان هەیە، (٥١) ئافرەت لەو ژمارەیە گرێی مەمکیان هەبووە، (١٠) ئافرەت گیروگرفتی ئاڵۆزی تەڕایی مەمکیان هەبووە، (٩) ئافرەت لەوانەی لەماوەی رابردوودا سەردانیان کردون، شێرپەنجەی مەمکیان هەبووە.

لەو سەنتەرەدا هاوڵاتییان فێری ئەوە دەکرێت کە چۆن پارێزگاریی لە مەمکەکانیان بکەن، «فێری ئەوەیان دەکەین خۆیان پشکنین بۆ خۆیان بکەن، تیشکی ماموگرافی بۆ ئەوانە دەگیرێت کە پێویستیان پێیەتی، کە تیشکێکە تایبەتە بە مەمک».

## پزیشکانو کارمەندانی سەنتەری هۆشیاریی مەمک گلەیی لە ژنان دەکەن

بەڕێوەبەری سەنتەرەکە رایگەیاند: زیاتر ئەوانە روومان تێدەکەن کە ئازاری مەمکیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی مەرج نییە ئەوانەی ئازاری مەمکیان هەبێت، شێرپەنجەی مەمکیان بێت، ئەوانەی سەردانمان بکەن ئێمە بۆ دوو مانگ جارێک یان زیاتر بەپێی پێداویستی حاڵەتەکەی، پشکنینەکانیان لە سۆنەرو تیشکو پشکنینی سەریریو تاقیگەیی بۆ دەکەینەوە.

د.سەناریا ئاماژەی بەوەشکرد کە هەموو ئافرەتێک لەسەروو تەمەنی (٤٠) ساڵییەوە پێویستە تیشکی ماموگرافی بۆ بگیرێت، «هەموو هاوڵاتییەک لەلای ئێمە فایلی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە، پشکنینی خوێنو پشکنینی تەڕایی مەمکی بۆ دەکەین»، وتی: «ئافرەتان لە کوردستان بەتەنگ مەمکیانەوە نایەن».

لە چەند مانگی رابردوودا (٤٧) ئافرەت تەنیا بەمەبەستی پشکنین سەردانی سەنتەرەکەیان کردووە، کە هیچ گیروگرفتێکیان نەبووە، تەنیا بەمەبەستی خۆپارێزیی سەردانیان کردووە.

بەڕێوەبەری سەنتەرەکە پێیوابوو بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی، ئەو ژمارە سەردانکەرە کەمە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئاستی هۆشیاریی ئافرەتی کورد بۆ پارێزگاریی لە مەمکیان زۆر کەمە، «ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کە ئەوانە دێنە لامان کە تووشی گیروگرفت بوون، لە قۆناغێکی سەختدان، سەیردەکەین گرێیەکە دروستبووەو گەورەبووە، هەندێکجار داویەتییە بنباخەڵیشی، دواتر سەردانی ئێمە دەکات، لەناو ئافرەتانی ئێمەدا زۆر بە هەڵە باوە کە گوایە دەستکاریی مەمکیان نەکەن».

هەروەها یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی سەنتەرەکە هەیەتی، ئەوەیە کە پاش دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەو دیاریکردنی گرێکە، داوا لە ئافرەتەکە دەکرێت سەردان بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام سەردانمان ناکەنەوە، تەنانەت تەلەفۆنیان بۆ دەکەین وەڵاممان نادەنەوە.



# شێرپەنجەی مەمک: مەترسیـــدارترین گیـــ

راپۆرتی بێستون فەتاح

**وەزارەتـــی تەندروستی هەرێمی کوردستان شێرپەنجەی مەمک بە بەربلاوترین جۆری شێرپەنجە دادەنێن لەنێو ژناندا، د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی، تایبەت بە رۆژنامە وتی: «شێرپەنجەی مەمک بە یەکەمین جۆری شێرپەنجە دادەنـرێـت لەناو ژنانی کوردستاندا»، هـەروەک چۆن بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی هیوای شاری سلێمانی، لەساڵی ٢٠٠٧دا نزیکەی (٢٨٤) حاڵەتی شێرپەنجەی مەمک تۆمارکراون، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٨دا، (١٧٠٩) حاڵەتی نوێی شێرپەنجە تۆمارکراون، لەو ژمارەیە (٩٤٠) حاڵەتیان رەگەزی مێینەن‌و (٢٤٧) حاڵەتیان شێرپەنجەی مەمک بووە، بەڵام سەبارەت بە پێنج مانگی رابردوو (٧٤٥) حاڵەتی نوێی شێرپەنجە تۆمارکراون، کە تەنیا (١٠٥) حاڵەتیان شێرپەنجەی مەمک بووە.**

بەپێی ئـامـاری سـاڵـی ٢٠٠٨ی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، ١٣٪ی ئافرەتانی عێراق بەهۆی شێرپەنجەی مەمک گیان لەدەستدەدەن، لە نوێترین توێژینەوەی شەش پزیشکی پسپۆڕی عێراقیشدا، دەرکەوتووە کە لەماوەی (٢٠٠٠- ٢٠٠٤)دا، (٦٣) هەزارو (٩٢٣) نەخۆشیی شێرپەنجە لە عێراقدا هەبووەو (٣١٦٥٢) نەخۆشیان رەگەزی مێ بوون، کە رێـژەی ٤٩,٥٪ـیـان پێکهێناوەو بۆ یەکەمینجار لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حکومەتی عێراقەوە تۆمارکراون (جگە لە پارێزگاکانی هەرێم). هەر بەپێی ئەو ئامارە لە عێراقدا نزیکەی (٩٨١٣) کەس شێرپەنجەی مەمکیان هەبووەو زۆرینەی تووشبووان لە رەگەزی مێینەن.

هەروەها بەپێی راپۆرتێکی تایبەتی یەکێتی ئافرەتانی عێراق، لە مانگی ئازاری ٢٠٠٩دا بڵاوکراوەتەوە، شێرپەنجەی مەمک بە نەخۆشییەکی مەترسیدارو بەربڵاو دەناسێنێت‌و ئاماژەی داوە بـە راپـۆرتـە پزیشکی‌و سـەرچـاوە فەرمییەکانی وەزارەتـی تەندروستی عـێـراق، کە زیاتر لە (١٤٠) هـەزار عێراقی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجەو گرێ خراپەکانەوە، ساڵانە نزیکەی (٧٥٠٠) نەخۆشیان لێدەمرێت، لەهەمان راپۆرتدا ئاماژە بەوەدەکات نەخۆشخانەی تیشک‌و پزیشکی ناوەکی لە شاری بەغدا بە تێکڕا رۆژانە (٨٠ بۆ ١٠٠) حاڵەتی شێرپەنجە دەبینن.

د.شـەریـف ئەلعلوجی، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی شێرپەنجەو گرێکان، لەو راپۆرتەدا ئەوە دەخـاتـەڕوو، کە زیاتر لە (٥٤٦٥) حاڵەتی تۆمارکردووە لەساڵی (١٩٩٠- ٢٠٠٥)، لە دوو ساڵی دواتـردا تەنیا لە پارێزگای موسڵدا (٤٧١١) نەخۆشیی لەمجۆرەیان هەبووە، زۆرترین نەخۆشییەکانی شێرپەنجە بریتیبوون لە شێرپەنجەی مەمک لە ژناندا.

## دەرکەوتنی شێرپەنجەی مەمک لە تەمەنێکی کەمدا

بەهۆی کەمیی ئاستی هۆشیاریی تەندروستی ئافرەتانی عێراق‌و هەرێمی کوردستان، هـەروەهـا گرنگینەدان بە پارێزگاریکردن لـەو ئەندامە لەکاتی ئاساییداو پشتگوێخستنی گیروگرفتەکانی مەمک تا تەشەنەسەندن، ئەمجۆرەی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی لاوێتیدا زۆرە.

د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی، وتی: «بەپێچەوانەی هەندێک شوێنی دیکەی جیهانەوە، شێرپەنجەی مەمک لێرەدا لە تەمەنێکی گەنجیدا زۆرەو بە ئاستێکی توندوتیژ نەخۆشییەکە دەبینرێت، بەمەش دەردەکەوێت نەخۆشییەکە جیایە لە هەندێک شوێنی دیکە».

## شێرپەنجەی مەمک چییە؟

د.لوقمان خالید، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە، ئـەوەی خستەڕوو کە «لە مـرۆڤـی ئاساییدا خانەکانی لـەش لە دابەشبوون‌و زیادبووندان بەپێی پێویستی لەش، لە هەمانکاتدا خانە بەتەمەنە پیرەکان لەناودەچن‌و دەمـرن‌و ئەو خانە نوێیانە جێگایان دەگرنەوە، بەمجۆرە باڵانسێک هەیە لەنێوان دروستبوونی خانەی نوێ‌و مردنی خانە پیرەکان، کاتێکیش لەبەر هەرهۆیەک ئەو باڵانسە تێکبچێت، ئەوا خانە نوێکان بـەردەوام لە زیادبووندا دەبن، بێگوێدانە پێویستیی لەش، هەروەها خانە پیرەکان نامرن، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی خانەکان‌و هەڵاوسانی (ورم) ئەو ئەندامەو لە ئەنجامدا رێگاگرتن لە خانە ئاساییەکان لەوەی کاری خۆیان ئەنجامبدەن، ئەمەش پێی دەوتـرێـت شێرپەنجە».

زۆرینەی جۆرەکانی شێرپەنجەی مەمک بە بوونی گرێکان دەستپێدەکات، د.عەبد عەلی مەهدی، پسپۆڕێکی نەخۆشییەکانی شێرپەنجەیە لە سەنتەری چارەسەرکردنی شێرپەنجە بە تیشک لە شاری سلێمانی، وتی: «دروستبوونی گرێکان لە مەمکی ئافرەتاندا گیروگرفت دروستدەکات، پێکهاتەی مەمکی ئافرەتان شیاوە بۆ دروستبوونی ئەو گرێیانە، بەڵام مەرج نییە هەموو گرێیەکی مەمک شێرپەنجە بێت، هەربۆیە بوونی ئـەم گرێیانە زۆر هەستیارن‌و دەبێت گرنگیان پێبدرێت لە قۆناغە سەرەتاکانی دروستبوونیانداو لـەلایـەن پزیشکی تایبەتەوە پشکنینی بۆ بکرێت».

هەروەها د.مژدە ئیسماعیل، پسپۆڕی نـەشـتـەرگـەریـی هـەنـاویـی، ئـامـاژەی بەوەکرد کە مەمک هەروەک پێستی لەشی مرۆڤ لەیەک توێژی دەرەوە ئیکتۆدێرم (Ectoderm)ی کۆرپەلە دروستدەبێت، ئەم پێکهاتانەش لەخۆدەگرێت (تووک، رژێنەکانی عارەقکردنەوە، چـەوری‌و رژێنی تایبەتی چەوری کە پێیدەوترێت (Accessory areola gland))، بەهۆی هەندێک گرێی مەمکی ئافرەت ئەم رژێنە چەورییەیە تایبەتەیە کە لە پێستدا هەیە، لەکاتی سکپڕیدا بۆ چەورکردنی گۆی مـەمـک‌و چـــواردەوری زۆر بەباشی بەشێوەی چەند بەرزبوونەوەیەک لە دەوروبـــەری گـۆی مەمکدا دەبینرێت، پـێـیـانـدەوتـرێـت (بـەرزبـوونـەوەی مۆنتگۆمری Montgomery tubercles)، جـگـە لـە گـیـروگـرفـتـی گـرێـکـان، گۆڕانکارییەکانی مەمکیش کاردانەوەی تایبەتی خۆی هەیە وەک بوونی تەرایی لەناکاوی مەمک یان گۆی مەمک لەناوەوە دەبێت، یان گۆڕانکاریی هۆرمۆنی‌و زەبری دەرەکی دەردەکەوێت.

## هۆکارەکانی دروستبوونی شێرپەنجەی مەمک

هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییە زۆرن، لە رێنماییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانیدا ئاماژە بـەوەکـراوە، لە هۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک، بریتین لە (هۆکاری بۆماوەیی، چوونە تەمەنەوە، منداڵبوونی درەنگوەخت، کەوتنە سوڕی مانگانەی پێش کاتی گەیشتن بەو تەمەنە، بەهەمان جۆر بەردەوامبوونی سوڕی مانگانە تا دوای تەمەنی پەنجا ساڵی، جگەرەکێشان‌و کێشی زۆر).

وەزیـری تەندروستی هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی شێرپەنجەی مەمکی گێڕایەوە بۆ هۆکاری بۆماوەیی‌و خێزانیی لە کوردستاندا، ئەگەرچی جاری واهەیە لـە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا بەهۆی دووبارەبوونەوەی فاکتەرە بۆماوەییەکانەوە دروستدەبێت، هۆکارێکی دیکەی شیرنەدانی سروشتییە لەنێو ژنانی کوردستاندا، بەتایبەت ژنانی شاری سلێمانی کە ١٠٪یان لە شەش مانگی یەکەمدا شیردەدەن بە منداڵەکانیان، ئەمەش هۆکارێکی راستەوخۆ دەبێت بۆ دروستبوونی گرێکان‌و ئاوسانی مەمک‌و هـەوکـردن‌و گەلێک نەخۆشیی دیکە، لە هۆکارەکانی دیکە جگەرەکێشان‌و شەرمکردن لە پشکنینی مەمک‌و باسکردنی گیروگرفتەکانی.

پسپۆڕێکی دیکەی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە، هۆکارەکانی دروستبوونی شێرپەنجەی گـەڕانـدەوە بـۆ هۆکاری خواردن‌و خواردنەوە، کاریگەریی هەتاو بۆ شێرپەنجەی پێست، کاریگەریی بۆماوەیی بەتایبەت لە شێرپەنجەکانی مەمک‌و هێلکەداندا.

د.هانا جەلال، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان‌و منداڵبوون، تایبەت بە رۆژنامە وتی: «شێرپەنجەی مەمک لە جیهاندا زۆرە، یەکێک لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی هۆشیاریی ئافرەتان لە پشکنینی مەمکیان، تا ئازاریان نەبێت یان هەست بە گیروگرفتێک نەکەن، سەردانی پزیشک ناکەن بۆ پشکنینی مەمکیان».

هەروەها د.مژدە ئیسماعیل، پسپۆڕی نەشتەرگەریی، دەربارەی هۆکارەکان دەڵێت: «چەندین هۆکار بەیەکەوە کاریگەریان لە پەیدابوونی شێرپەنجەدا هەیەو هەموویان بەیەکەوە دەبنە هۆی شێرپەنجەی مەمک، وەکو هۆکارەکانی بۆماوەیی (Genetic)، هـۆرمـۆن (Hormonal)، جیۆگرافی (Geography)، ژینگە (Environmental)و جۆری خواردن».



پشکنینی شێرپەنجەی مەمک بە هۆی (تیشکی ماموگرافی)یەوە

## «گەنجانو ژنان لەکوێی ململانێکاندان»

# ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵبژاردنەکانی کوردستانو ئێراندا

**جەمال ئیختیار**

هەرێمی کوردستانو ئێران لە دوو مانگی داهاتوودا بە مەودایەکی کەم لەدوای یەک، هەڵبژاردن ئەنجامدەدەنو هەردوو هەڵبژاردنەکە گرنگی تایبەتییان هەیە لە ناوچەکەداو لەلایەن سەدان چاودێری جیهانییەوە چاودێریی دەکرێت.

لە هەڵبژاردنی ئێراندا توێژەکان کۆمەڵگا رۆڵێکی زۆر کاریگەر دەگێرن، لەکاتێکدا ئەم فاکتەرە لە هەرێمی کوردستاندا زۆر بەهێز نییە، شارەزایانی کۆمەڵناسی پێیانوایە کە کەمیی هۆشیاریی تاکی کوردو پاڵنانی مرۆڤی کورد بۆ ناسیاسیبوون، لەو بوارەدا رۆڵیان هەیە.

بە چاوگێڕانێک بەناو رۆژنامەو راگەیاندنەکاندا، جیاوازیی رادەی چالاکبوونی توێژە کۆمەڵایەتییەکانی هەردوولا زیاترو باشتر دەخاتە بەرچاو، لەکاتێکدا کە لە وڵاتی دراوسێ (کۆماری ئیسلامیی ئێران)، لاوانو ژنانو توێژە چالاکەکان رۆڵێکی باش لە کایەی سیاسیی وڵاتەکەیاندا دەگێڕنو زۆرجار چارەنووسی کاندیدەکان لەسەر دەستی ئەوان دیاریدەکرێت، لە هەرێمی کوردستاندا جۆرێک لە ساردوسڕیو پەرتەوازەیی بەوانەوە دیارە، ئەگەرچی دەکرێت قورساییو رۆڵی زۆر زیاتریان هەبێت.

لەسەر ئەو هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەی لە ئێراندا ١٢ی ئەم مانگە ئەنجامدەدرێت، ئاژانسی هەواڵنێری فرانس پرێس، لە راپۆرتێکدا دەنووسێت، لەکاتێکدا کە کاندیدو سەرۆکی ئێستا لەگەڵ سێ رکابەری بەهێز ململانێ دەکات، لاوانی ئەو وڵاتە کە زیاتر ٦٠٪ی دانیشتووان پێکدەهێنن، لەو هەڵبژاردنانەدا رۆڵی سەرەکی دەبینن‌و بەهەمانشێوەش رۆڵی ژنان گرنگیی زۆری هەیە.

گەنجەکانی تارانی پایتەختی ئێران بەر لە هەڵبژاردنەکان بەرگێکی سەوزیان کردووە بە بەر شارەکەدا، نەک وەکو هێمای چالاکی پاراستنی ژینگە، بەڵکو بۆ پشتیوانیی لە کاندیدی ریفۆرمخواز میر حوسێن موسەوی، کە سەوز بووەتە رەنگی کەمپەینی هەڵبژاردنی لایەنگرەکانی.

ئاژانسەکە لە زاری کچێکی (٢٥) ساڵ بەناوی ئارمیتا دیبا، کە پێشتر لەلایەن پۆلیسی ئەخلاق سەر بە حکومەتی ئەحمەدی نەژاد، لەسەر مۆدێلی پێڵاوەکانی گیراوە، ئاماژە بەوەدەکات «ئەحمەدی نەژاد ئێمەی بێزارکردووە، من ئەو ئازادیانەم دەوێت کە لەکاتی خاتەمیدا هەمانبوو، پار من لەسەر مۆدێلی پێڵاوەکانم لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقەوە بەندکرام».

پۆلیسی ئەخلاق لەلایەن ریفۆرمخوازەکانەوە رەخنەی لێگیراوە، بەڵام موحافیزەکارەکان پشتیوانیی لێدەکەن، کاری تیمەکانی پۆلیسی ئەخلاق چاودێریی هاوڵاتییانە بۆ رێگاگرتن لە هەرجۆرە لادانێکیان لە رێنماییەکانی ئیسلام، زۆرجار بەو بیانووە هەڵدەکوتنە سەر هاوڵاتییانی ئێرانو رووبەڕووی لێپێچینەوەیان دەکەن لەسەر جۆری جل یان پێڵاوو پۆشینی خەڵک.

دیبا لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا کە تێیدا ئەحمەدی نەژاد سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەشداریی نەکردووە، لەبەرئەوەی پێیوابوو کە بارودۆخەکە خراپتر نابێت، بەڵام ئەمجارە دوای تێکچوونی ئازادییەکانی پێشوو، ئەو لەوە تێگەیشتووە کە هەڵبژاردن زۆر گرنگەو لەبەرئەوەش بڕیاریداوە تا ئەو شوێنەی دەتوانێت، خەڵک بنێرێت بۆ دەنگدانو تەنانەت داپیرەشی ببات.

رۆژنامەنووسی کۆمەڵناسو ریفۆرمخواز، حەمید رەزا جەلایی پور، دەڵێت: «لە هەڵبژاردنی پێشوودا خەڵکی چینی ناوەند بەتایبەتی لاوان دەنگیان نەداو لە ریفۆرم نائومێدبوون، بەڵام ئەمجارە دەبینین کە خەڵک دەیانەوێت کۆتایی بە دۆخی خراپی ئێستا بهێنن».

زۆربەی گەنجەکان موسەوی ناناسن، بەڵام لەبەرئەوەی خاتەمی پشتیوانیی لێکردووە، بڕیاریانداوە دەنگی پێبدەن، بۆ گەنجانو ژنانو توێژەکانی دیکە ئازادییە تاکەکەسیو کۆمەڵایەتییەکان گرنگی زۆری هەیە، ئەوان دەیانەوێت ئەو ئازادیانەی سەردەمی خاتەمی هەیانبووە وەریبگرنەوە، ئەوەش هانیاندەدات بۆ بەشداریی چالاکانە لە هەڵبژاردندا.

فەرزانە رۆستایی، چاودێری سیاسی، پێیوایە ئەو ژنو گەنجانەی کە خاتەمیان گەیاند بە دەسەڵات، هەستیان بە کاریگەریی بەشداری خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووەو دەیانەوێت ئەمجارە بەهێزو توانا دەربکەونو مافی دەنگدانی خۆیان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەی کە بووەتە هۆی نارەزایی ئەوان، بەکاربهێنن، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئەوان کە دەیانەوێت بە دەسەڵاتدارانی ئێستا بڵێن «نا».

بەپێچەوانەی گەنجانو ژنانی ئێران هەست دەکرێت کە لە هەرێمی کوردستان جۆرێک لە خەمساردیی لەلای ئەو توێژانە دروستبووە بەرامبەر بە کایە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو مەترسییە کۆمەڵایەتیانە لە ژیانی گەنجانو فەرمانبەرانو قوتابیاندا هەیە.

ئاریان بەرزان محەمەد، خوێندکاری زانکۆی ئەمریکییە لە سلێمانی، رۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانی باسی هەڵبژاردنی پەرلەمانییو سەرۆکایەتیی هەرێم دەکەن، دەڵێت: «دەکرێت بوترێت لەئێستادا توێژەکان هەست بە وجودی خۆیان دەکەن، بەڵام میدیای ئەهلیو حیزبی زۆرجار سەر لە گەنجان دەشێوێننو لەگەڵ ئەوەشدا گەنجەکانو توێژەکانی دیکە خۆیان وەکو پێویست بەدوای مەسەلەکاندا ناچن، ئەگەر وابکەن دەتوانن راستییەکان بدۆزنەوە».

ئاریان هەروەها وتی: «پێویستە گەنجانو هەموو توێژەکان وەکو هاوڵاتییەک هەست بە بەرپرسیارێتی خۆیان بکەنو بچن دەسەڵاتی دەنگدانی خۆیان بۆ وتنی (بەڵێ) یان (نەخێر) بەکاربهێنن، هەموو داوای ئازادیی دەکەن، کەوایە با بڕۆن ئەوە هەڵبژێرن کە توانای دابینکردنی مافو ئازادییەکانی ئەوانی هەیە».

بەشێک لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیانوایە، حکومەتە یەکلەدواییەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە تاکێکی بەرپرسیارو خاوەن متمانە دروستبکەن، کە خەمساردیی بەرامبەر ئەرکەکانی خۆی نەنوێنێت، لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانن هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە بەشداری دەنگدان بکەنو بە ئیرادەی خۆیان بەشداری لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بکەن.

توانا خەسرەو عەبدوڵڵا، توێژەری کۆمەڵایەتی لە شاری سلێمانی، رای وایە کە دوای (١٨) ساڵ ئەزموون دەکرێت بڵێین ئەم دەسەڵاتە خزمەتیان کردووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە دروستکردنی تاکێکی بەرپرسیار بەرامبەر بەو نیشتمانە، ئەوە جۆرێک لە خەمساردیی لەلایەن توێژە جۆراوجۆرەکانی وەکو گەنجانو ژنان دروستکردووە. توانا وتی: «ناکرێت چاوەڕوانی گۆڕانی گەورە لە هەڵبژاردنی ئەمجارە بکرێت، بەڵام دەکرێت دەرئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە ببنە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاریی، بۆیە پێویستە هەموو لایەک بەشداربن لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگاکەیاندا».

شارەزایانی کۆمەڵناسی کوردستان ئاماژە بەوەدەدەن کە پێویستە توێژەکانی ژنانو گەنجان لە گرنگیی هەڵبژاردنی ئەمجارە ئاگاداربکرێنەوە، تا بتوانن رۆڵی خۆیان ببینن.

هادی ئەمین، توێژەری کۆمەڵایەتیو چالاکی بواری کۆمەڵەی مەدەنی، رای وایە کە دەبێت گەنجانو ژنان ئاگاداربکرێنەوە کە ئەمە وەکو هەڵبژاردنەکانی پێشووی ١٩٩٢و ٢٠٠٥ نییە، هێزی جیاواز لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکەنو دەتوانن گۆڕانکاریی دروستبکەن، لەسەر ئەم بنەمایە بەشداریی ژنانو گەنجان دەتوانێت قورساییو کاریگەریی باشی هەبێت، پێویستە ئەوان وەکو هاوڵاتییەکی بەرپرسیار بەرامبەر بە کایە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای خۆیان رەفتاربکەن، دەسەڵاتی دەنگدانی خۆیان بەکاربهێنن ئەگەر داوای گۆڕانکاریی دەکەن.



گەنجان ئیرادەی خۆیان لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا دەسەلمێنن



بەشداریکردن لە یەکێک لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا

# بڕیاردان لەسەر دەستوری هەرێم خنکاندنی مافەکانی ژنانە



ستارە عارف

پەرلەمان بەنیازە لەم خولەی ئێستایداو لە دانیشتنی داهاتوویدا، بڕیار لەسەر رەشنووسی دەستووری هەرێم بداتو بڕگەو مادەکانی پەسەندبکات، بەبێ ئەوەی بخرێتە راپرسیی خەڵکەوە، ئەگەر بخرێتە راپرسیی خەڵکیشەوە هیچ بەندێکی شوێنی خۆی ناگرێتو هەڕەمەکیو تەنیا شتێکی رۆتینیو بە رواڵەت دەبێت، ئەمەش لەپێناو ئەوەدایە نەخرێتە خولی پەرلەمانی داهاتووەو بڕگەو مادەکانی بەکاوەخۆ گفتوگۆی لەسەر نەکرێتو لەکۆڵ خۆیانی بکەنەوە، کە ئەمە جۆرە پیلانێکە بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگای کوردیو ژن بەتایبەتی لە چاخە کۆنەکاندا، سەرگرتنی بڕیارو شەرعیەتە کۆنەپەرستو سواوەکانی دەسەڵاتو لایەنو حیزبە کلاسیکو کۆنەخوازەکان.

پەسەندکردنی دەستووری هەرێم لەم خولەدا، جگە لەوەی لەلایەنی نەتەوەییو دۆزی گەلێکەوە زیانی زۆرترە، لە هەمانکاتدا لە دۆزی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتوریو بەتایبەتیش بۆ مافو پرسەکانی ژنان، گەورەترین زیانی هەیەو نابەجێیە.

پەسەندکردنی رەشنووسی دەستووری هەرێم لەم خولەدا کە ماوەیەکی زۆر کەمیان لەبەردەمدا ماوەو ماوەی یاسایی ئەم پەرلەمانە ئاسایی کۆتایی هاتووە، هەرچی بڕیارو یاسایەک لەم خولەی ئێستای پەرلەماندا دەربچێت، مۆرکی بەپەلەو بێپلانی پێوە دیارەو ناشەرعییە، لەگەڵ ئەوەشدا زیانی زۆرترە لە سوودی.

لەم رەشنووسەدا دان بە سنووری کوردستاندا نەنراوەو باس لە ناوچە دابڕاوەکانی کەرکوک هەتا چیای حەمرین نەکراوە کە سنووری سەرەکیی کوردستانی باشوورن، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ حکومەتی عێراقو هەتا تورکیاو داگیرکەرانی دیکە کە سنووری کوردستان دیارنەبێتو بەئاسانی کاری خۆیانی تێدا بکەن، کەرکوک هەمان ململانێی بە قورستتر لەسەر بێتو هیچ مادەیەکی دەستووری کوردستانی نەبێت داکۆکی لێبکات، واتە کورد تا ساڵانێکی زۆرتر دەبێت دیسانەوە بەدەست بێ ستراتیژیەتیو بێ سنووری کوردستانەوە بناڵێنێت، کێشەی داهاتو بودجەو هێزی پێشمەرگەو رووبەرێکی زۆری کوردستان، هەر دەبێت گرفت بێتو دوژمنان هەمیشە وەک خاڵێکی هەڕەشە لەسەرمان بەکاریبهێنن.

لەلایەکی دیکەوە قوڵکردنەوەی نەهامەتییەکی دیکە لەسەر کۆمەڵگای کـوردی، چونکە لەم رەشنووسەدا ئایینی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکیی وڵاتە، واتە هەمان ئەو کێشانەی لە سەردەمی هاتنە سەر حوکمی ئیسلامو خەلافەتەکانی بەسەر کورددا سەپێنراوەو ژنی پێ هەڵاوێردراوە، بەردەوام دەبنو باسکردن لە مافو دۆزی ژنان تەنیا تیۆری دەبێت، هیچ یاساو بەندێکی دەستووریی نابێت بۆی بگەڕێینەوەو بەرگرکاری مافەکانی ژنان بێت.

لە ٢٠٠٨/١٠/٣٠دا یاسای باری کەسێتی بەمەرجەوە پەسەندکرا، فرەژنی وەک خۆی هێڵرایەوەو هیچ سەرچاوەیەک بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژن نەبوو پشتی پێ ببەسترێت لەپێناو رەتکردنەوەی ئەم یاسایەدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوەی کە رێگای دا یاساکە وەک خۆی بمێنێتەوە، یاساکانی هەڵهێنجراوی ئایینی ئیسلامو کارکردنی ئاسایی شەریعەتی ئیسلام بوون، واتە ئەم کێشەیە هەر بەکۆڵمانەوە دەبێـتو هەمووارکردنیشی مەحاڵ یان زۆر زەحمەتە، پاشان خۆ ئێمە هەر فرەژنی نییە، گەواهیدانی ژن لە دادگا کە دوو ژن بەرامبەر بە پیاوێکەو دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینەو میرات، کە بەشی ژن نیوەیەو کۆمەڵێک یاسای ئایینیو گرفتی دیکەمان هەیە، کە لە کۆمەڵدا رەواییان هەیەو ژنی پێ کراوە بە پلەدوو، دوچاری هەڵاواردن بووەتەوە، بۆیە دەنگدان بە دەستوورو پەسەندکردنو لەکۆڵ خۆکردنەوەی پەرلەمان لەم خولەدا، کارێکی نایاساییو گەڕانەوەیە بۆ سەدەیەک پێش ئێستا کە پێویستە ئێمەی ژنانو داکۆکیکارانو یاساناسانو شـارەزاو مرۆڤپەروەرانو کۆمەڵگای مەدەنیو رۆشنیرانو رۆژنامەنووسان، رازی نەبین رەشنووسی دەستووری هەرێم لەم خولەدا پەسەند بکرێت، با بەدەردی دەستووری عێراق نەچێت بێئەوەی خەڵک ناوەرۆکی دەستوورەکەی زانیبێتو بە مادەکانی ئاشنابێت، بێئەوەی کەس خوێندبێتیەوە بەپەلە بەناوی گەلی کوردەوە دەسەڵات دەنگی پێداو پەسەندکرا، دوایش کار بە هیچ مادەیەکی بۆ کورد پێناکرێت.

# کێ بەرپرسی یەکەمە لە پاراستنی ژنان لە توندوتیژیی؟

شارا عەبدولڕەحمان



بـەردەوامـیـی حـاڵـەتـەکـانـی توندوتیژیی دژی ژنانو نەبوونی یاسایەکی تایبەت لەوبارەیەوە، گومانی لای هاوڵاتییانی هەرێمی کـوردسـتـان دروسـتـکـردووە کە حکومەت کاری جدیی بۆ بنبڕکردنی توندوتیژیی دژی ژنان بکات.

بەپێی راپرسییەکی ئەلیکترۆنی ماڵپەری بانکی زانیاریی مافی مـرۆڤ، ٦٢٪ی بـەشـداربـووان پێیانوایە کـە حکومەت کـار بۆ لـەنـاوبـردنـی توندوتیژیی دژی ئافرەتان ناکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ئێستادا لە رێگای هەریەک لە بەڕێوەبەرێتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنانی سەر بە وەزارەتـی ناوخۆ، وەزارەتـی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان، وەزارەتی هەرێم بۆ کـاروبـاری کۆمەڵگای مەدەنییەوە، هەوڵی کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژیی دژی ژنان دەدرێـت، بەوهۆیەشەوە پەرشو بڵاوییەک بەکارەکانی حکومەتی هەرێمەوە لەڕووەوە دیارە، ئەمە جگە لەوەی زیادبوونی حاڵەتەکانی توندوتیژیی دژی ژنان بە ئاشکرا لە کۆمەڵگای کوردیدا بەدیدەکرێت.

ئـاری رەفـیـق، بـەڕێـوەبـەری بـەدواداچـوونـی توندوتیژیی دژی ئافرەتان (هەولێر) سەر بە وەزارەتـی ناوخۆ، بە رۆژنامەی راگەیاند: زۆربەی ئەو دەزگایانەی کە لە کوردستاندا کاری راپرسیی ئەنجامدەدەن، زانستی نین، هاوکات زۆربەی ئەو کەسانەش کە بەشداریی لە راپرسییەکەدا دەکەن، ئاگایان لە واقیعی کاری بەڕێوەبەرێتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان نییە، ئەمانە هۆکارن بۆئەوەی کە لە راپرسییەکدا زیاتر لەنیوەی کارەکانی حکومەت بۆ بنبڕکردنی حاڵەتەکان بە کەم بزانن.

هاوکات بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی سلێمانیو ماڵپەڕی بانکی زانیاریی مافی مـرۆڤ، تەنیا لە مانگەکانی (کانونی دووەم، شوبات، ئـازارو نیسان)ی ئەمساڵدا، (٣٦٢) حاڵەتی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستانو کەرکوک ئەنجامدراوە.

سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتەکان، ئاری رەفیق بۆ رۆژنامە وتی: «راستە هـەر هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتەکان بدرێت ناگاتە لوتکە، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەوەی لە توانایدا بێت کردوویەتیو کەمتەرخەمی لـەوڕووەوە نەکردووە، ئەمە جگە لەوەی کە لەچاو وڵاتانی ئەوروپیو ئەمریکیدا، هەرێمی کوردستان حاڵەتەکانی توندوتیژیی زۆر کەمترەو ئـەو ژن کوشتنو لەشفرۆشیو بازرگانییەی کە بە ژنانەوە دەکرێت، هەرگیز لە کوردستاندا بەوشێوەیە نییە».

بەپێی وتـەی بـەڕێـوەبـەری بەدواداچوونی توندوتیژیی ژنانی هەولێر، تەنیا لەو پارێزگایە (٦٦) کەس بەتاوانی ئەنجامدانی توندوتیژیی دژی ژنان حوکمدراوە، «کە زۆربەی بە هەوڵی بەڕێوەبەرێتییەکەی ئێمە بووە، بەڵام خەڵکی لەو کارانەمان بێئاگانو زەرب بەسەر هەموو کارە باشەکانماندا دەهێنن».

بـەڵام بـەبـڕوای چـاودێـرانـی مافەکانی ژنانو کۆمەڵگای مەدەنی، هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی بەرامبەر ژنـان، زۆر بچووکترە لەئاستی ئەو گرفتەدا.

ئەلەند مەحوی، چالاکوانی بواری کۆمەڵگای مەدەنیو بەڕێوەبەری بانکی زانیاریی مافی مـرۆڤ، بۆ رۆژنامە وتی: «توندوتیژیی دژی ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا رەگی داکوتاوە، بۆیە حکومەت ناتوانێت تەنیا بە بوونی سێ بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنـان، ئەم گرفتە چارەسەربکات، بەڵکو پێویستە لە رێگای سیستمی پـــەروەردەوە سـەرلـەبـەری ئەو بیرکردنەوەیە هەڵوەشێنێتەوە کە پێیوایە ئافرەتان لە پیاوان کەمترن، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێم هیچ پلانێکی ستراتیژی بۆ ژنپارێزیی دەست پێنەکردووە».

تائێستاش لە حکومەتی هەرێمدا روون نییە کێ بەرپرسی یەکەمە لە پاراستنی ژنان لە توندوتیژیی، هەر بۆ ئەم مەبەستەش تێکەڵییەک دروسـتـبـووە لـە کـارەکـانـی وەزارەتەکانی هەرێم بۆ کاروباری ژنانو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیو وەزارەتی هەرێم بۆ کـاروبـاری کۆمەڵگای مەدەنیدا.

بـەوهـۆیـەشـەوە بەبۆچوونی جوان عوسمان، چالاکوانی بواری بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان، کارەکانی حکومەت زۆرو بۆریی پـێـوەدیـارەو کـارەکـان لەلایەن وەزارەتـە جیاجیاکانەوە پەرشو بـڵاوبـوونـەتـەوە، وتیشی: «هەتا یەکگرتوویی لە کاری وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بە بـەدواداچـوونـی حاڵەتەکانی توندوتیژیی نەبێت، ناتوانرێت حاڵەتەکان کەمبکرێنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو پەرشوبڵاوییە هیچ قازانجێکی تێدانییە جگە لە هەندێک هەڵقۆستنەوەی مادییو ئیشکردن».

لەلایەکی دیکەوە زیاتر لە دوو ساڵە لیژنەی بەرگریکردن لە مافی ئافرەتانی پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیان ئامادەکردووە، بەڵام تەنیا یەک خوێندنەوەی بۆ کراوەو دوای هەشت مانگ گلدانەوەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ( ٤/٢٧)ی ئەمساڵ نێردرایەوە بۆ پەرلەمان بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەیەوە، بـەڵام تائێستا هیچ دانیشتنێکی لەبارەوە نەکراوەو نەخراوەتەوە بـواری کارکردنی پەرلەمانەوە.

بـەوهـۆیـەشـەوە جـوان عوسمان پێیوایە نە حکومەتو نە پەرلەمانو نە رێکخراوەکانی ژنانیش، کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە کە سنوورێک بۆ حاڵەتەکانی توندوتیژیی دژی ژنان دابنێن، هاوکات لە لێدوانێکی پێشتریدا پەخشان عـەبـدوڵـڵا، سـەرۆکـی لیژنەی بەرگریکردن لـە مافی ئافرەتانی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە «توندوتیژیی تەنیا بە یاسایەک یان کردنەوەی بەڕێوەبەرێتی، رووبەڕووبوونەوەی حاڵەتەکان بنبڕ ناکرێت»، بەڵکو پێویستی بە رێکخستنەوەی باری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزاریی هەیە.

# «دەروون دروستی» لەپێشبڕکێیەکی ڕۆژنامەوانیدا

ئارام شێخ وەسانی
سامان بەشارەتی

هەولێر

ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٤،٥ لە شـاری هەولێر پێشبڕکێیەک سازکرا بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە (٦) مانگی ڕابردوودا باشترین و زۆرترین و کاریگەرترین بابەتی دەروونـیـیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکردووەتەوە لە پێشبڕکێیەکدا لەلایەن ڕێکخراوی فریاگوزاری نێودەوڵەتیی (IRD) خـەڵات بەسەر (٨) ڕۆژنامەنووسدا دابەشکرا، ئەمەش بەمەبەستی زیاتر هاندانی ڕۆژنامەنووسان بوو بۆئەوەی هۆشیاریی دەروونی لەناو کۆمەڵگادا زیاتر پەرەبسەنێت.

## ڕاگەیاندکاران و پرۆژەیەکی دەروونی

بە بەشداریی ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و کارمەندی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە بیستراو و بینراو و نووسراو، لە هۆڵی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر خولێکی ڕاهێنان دەربارەی دەروون دروستی، بە سەرپەرشتیی ڕێکخراوی (IRD)و بە هاوکاریی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان بەڕێوەچوو، لەو پێشبڕکێیەدا باشترین بابەت سەبارەت بە دەروون دروستی بۆ هەرسێ بورای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە ڕاگەیەنرا، دواتر سێ سیمینار پێشکەشکران.

د.سـامـان ئـەنـوەر، لـە ڕێـکـخـراوی فریاگوزاریی نـێـودەوڵـەتـی و پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، لە لێدوانێکدا بـۆ ڕۆژنـامـە ڕایـگـەیـانـد: ئـەم هەنگاوە وەک ئاشکراکردنی پێشبڕکێیەکە بۆ ڕۆژنامەنووسان کە شەش مانگی خایاند، پێموایە ئەو کارە کاریگەرییەکی باشی هەبوو لەسەر بواری ڕاگەیاندن.

بە پێی وتەکانی د.سامان، لەو شەش مانگەدا (١١٧) بابەتیان بەدەستگەیشتووە سەبارەت بە کێشە دەروونییەکان و کارەکانی تایبەت بەو بوارە، ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگای کوردی بۆئەوەی ڕۆشنبیربکرێن دەربـــارەی نەخۆشییە دەروونییەکان.

هەروەها د.سامان پێیوایە کە ناتوانرێت لە کوردستاندا بوترێت کەرتی دەروونیی فەرامۆشکراوە، ناشتوانین بڵێین وەک وڵاتانی دراوســێ و وڵاتانی خۆرئاوا لەکاردایە، ئەوەی تێبینیکرابێت کەرتی تەندروستی و وەزارەتـی تەندروستی دەکەوێتە دواوەی خزمەتگوزارییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت و ناهۆشیاریی تاکی کوردی لەم بوارەدا، هەربۆیە ئەم پرۆژەیەی ئێمە بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی دەروونییە لە هەرێمی کوردستاندا، هەستمانکردووە کە بواری دەروون دروستی پێویستی بە خزمەتی زۆر هەیە».

پرۆژەی دەروون دروستی لە عێراقدا، پرۆژەیەکە لەلایەن پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکانەوە ئامادەکراوە و لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی گەشەپێدان و فریاگوزاریی و نێودەوڵەتیی جێبەجێکرا.

سیروان حەمەڕەشید، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی لە پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان و ڕێکخەری پرۆژەکە، ئاماژەی بەوەکرد کە سەرەتا بە ڕاپرسییەک دەسـتـیـانـکـردووە بـە کـارەکـانـیـان لە سەرتاسەری عیراقدا، بۆ چەند تەوەرێک و سەبارەت بە هۆشیاریی خەڵک و گرنگیی تەندروستی دەروونی لای خەڵک و کۆمەڵێک زانیاری دیکە، ئەو پرۆژەیە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی سازدانی پێشبڕکێیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ ئەو کەسانەی کاریانکردووە لەبواری دەروونیدا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، لە بیستراو و نووسراو و بینراودا.

سیروان پێیوایە لە ئایندەدا کاردانەوەکانی ئەم پرۆژەیە دەردەکـەوێـت و زۆر کایەی دیکە دێتە ناو بابەتەکەو زۆر لایەنی دیکەی ژیانی کۆمەڵگا دەگـرێـتـەوە، بەوپێیەی بابەتە دەروونییەکان پەیوەستن بە هەموو کۆمەڵگاوە.

## جیهانگەرایی و ئافاتە دەروونییەکانی

لـە سیمیناری یەکەمدا کـە لەلایەن د.سامان هەڵەبجەیی، ڕێکخەری هونەریی لە ڕێکخراوی (IRD) سەبارەت بە دەروونزانی و ڕاگەیاندن و ئاستەنگەکانی جیهانگەرایی، باسی لە ڕەهەندەکانی جیهانگەرایی و دەروونزانی کرد، بە ڕاڤەکردنی چەمکەکانی (ڕەفـاهـیـەت و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، دڵتەنگی و هـۆکـارە تاکەکەسییەکان)، لەگەڵ ئەو گرفتە دەروونیانەی بەهۆی جیهانگەراییەوە سەریانهەڵداوە.

ئـەو پسپۆڕە دەروونـیـیـە پێیوابوو جیهانگەرایی لەسایەی نەبوونی «سیاسەتی حەکیمانەدا»، گەورەترین کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەوپێیەی تەنیا گۆڕینەوەی کاڵا نییە لەنێوان سنوورەکاندا، بەڵکو هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشییە، هەر لەسایەی جیهانگەراییەوە ئافرەت گرفتی ژیانی زیاتربووە، بەوپێیەی کاری ماڵەوەو دەرەوەش دەکـەن، لەکاتێکدا هێشتا هیچ گۆڕانێک دروســت نـەبـووە کە پیاویش لە ماڵەوە کاربکات، بەوهۆیەوە دەکرێت بوترێت جیهانگەرایی ئەرکی ئافرەتی زۆر زیـاتـرکـردووە، هـەروەهـا وتـی: «ئەرکی حکومەتە کە هەڵسەنگاندن بۆ دیاردە باش و خراپەکانی جیهانگەرایی بکات و هاوڵاتی لێ ئاگاداربکاتەوە».

## نائارامیی تاک لە کۆمەڵگادا

لە سیمیناری دووەمـــدا کە لەلایەن د.فەرهاد پیربالەوە پێشکەشکرا، تێیدا باسی لە هۆکارەکانی نائارامییەکانی تاک کرد لە کۆمەڵگادا، لە باسەکەدا بە گشتی پشتی بە فیکرو بۆچوونەکانی فرۆید بەستبوو.

فرۆید پێیوایە دەبێت تاک لەناو کۆمەڵگادا بێت، هەروەها تاک تەنیا لەناو کۆمەڵگادا دەتوانێت خۆی ڕازی بکات، ڕۆژانە سەدان پرسیار تووشی دڵەڕاوکێمان دەکەن، بۆیە پێویستە لەناو کۆمەڵگادا بژین.

لەو سیمینارەدا تیۆرەیەکی دەروونناس فرۆید خرایەڕوو، کە پێیوایە هۆکارەکانی نائارامیی تـاک لە کۆمەڵگادا تاهەتایە دەمێننەوە، ئەوانیش سێ هۆکارن: یەکەم تـاک لەلایەن سروشت و دنیای دەرەوە بــەردەوام هەڕەشەی لێدەکرێت، دووەم، لەشی تاک خۆی هێزێکی سنوورداری هەیە و لاوازەو ناتوانێت لەدەست ئازارەکان ڕابکات، سێیەمیش تاکی بەرامبەر، واتا ئەوی دی هەمیشە مایەی نائارامیی تاکە.

پیربال لە بەشێکی دیکەی سیمینارەکەیدا باسی لەو هۆکارانەش کرد کە بە بۆچوونی فرۆید مرۆڤ لە بەختەوەریی نزیکدەکەنەوە، ئەوانیش بریتین لە دین و سێکس و هونەرو زانست، تاک دەتوانێت بەیەکێک لەو هۆکارانە ئارامیی بەدەستبهێنێت لەناو کۆمەڵگادا.

## ستیگماو کێشە دەروونییەکان

لە سیمیناری سێیەمدا د.سامان ئەنوەر، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، بەباسێک سەبارەت بە ستیگماو کێشە دەروونییەکان بەشداری کردو باسی لەو حاڵەتە دەروونیانە کرد کە لەئێستادا لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونیان هەیە، هەموو ئەو کەسانەی کە ناتەواوییەکیان هەیە چ لە هەڵسوکەتدا یان مێشک یان جەستە، تووشی سەدان گرفتی گــەورە بـوونـەتـەوە، حاڵەتی دەروونیی ئـەو کەسانە بـە ئاراستەیەکی خراپدا ڕۆیشتووە، جیاکردنەوەی ئەو کەسانەو بە تایبەتمەندییەکانیان لەناو کۆمەڵگادا، سەرەتای کێشەی دەروونین بۆ ئەو کەسانەو وتی: «ئیستا وای لێهاتووە کە ئەوجۆرە کەسانە هەم بۆخۆیان هەم بۆ کۆمەڵگا وەک کێشە سەیردەکرێن».

بڕیارە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە لەبواری هۆشیارکردنەوەی دەروونیدا بــەردەوامــبـێــت و شـێـوازی جیاوازیش لەخۆبگرێت، بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی کاری دەستەجەمعی بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتییان لەو مەترسییە دەروونیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەروەها چۆنێتی خۆپاراستن و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە.

